من به نوێنەرایەتی ســەرۆک بارزانی دەچمەوە بۆ بەغدا، نامەیەکی زارەکی جەنابی ســەرۆکم بۆ ســەرۆک وەزیران و لیســتی دەوڵەتی یاســا پێیە، ناوەڕۆکی نامەکەش ئەوەیە کە جەنابی سەرۆک بارزانی مەبەســتێتی بزانێت ئایا ســەرۆک وەزیران و لیستی دەوڵەتی یاسا ئامادەن ئــەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن یان نە؟ ئەگەر ئامادەن، ئەوا هاوپەیمانی کوردســتانیش ئامادەیە شــاندی خۆی بنێرێت، ئەگەر ئامــادەش نەبن، ئەوا ئێمەش بۆخۆمان جارێکــی دیکە کۆدەبینەوەو بڕیاری پێویست دەدەین.

## د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر سەرۆک وەزیران ئامادەبێت ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات، شاندی ئێمەش دەچێتە بەغدا، ئامادەش نەبێت ئێمەش ناچارین بڕیاری پێویست بدەین

بەڕێز د.ڕۆژ نوری شــاوەیس جێگری ســەرۆك وەزیرانی عێراق، وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی دیارو گرنگی بۆ لێك نزیککردنەوەی لایەنە سیاســییەکانی عێراق لەچوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی گێڕاوە کە پاشان ڕێککەوتننامەی هەولێری لێکەوتەوە، دوای ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتنە حکومەتی عێــراق پێکهات، بەڕێزیان بێجگە لەوەی جێگری ســەرۆك وەزیرانی عێراقــە، لەهەمان کاتدا جارێکی دیکە وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی لەبەغدا چاودێری جێبەجێکردنی خاڵەکانی نێو ڕێککەوتنەکەشی کردووە، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەڕێزی بۆ بەشــداری کردن لەو کۆبوونەوە فراوانەی ســەرۆك بارزانی هاتبووەوە کوردستان و جارێکی دیکە وەك نوێنەری ســەرۆك بارزانی ڕاســپێردراوە بۆ ئەوەی نامەی زارەکی سەرۆك بارزانی بگەیەنێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەوەی ئایا ئەوان ئامادەن ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن یان نە؟ بۆ قســەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگانە بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس پێش گەڕانەوەی بۆ بەغداو لەدیدارێکی کورتدا بواری ئەوەی پێداین چەند پرسیارێکی ئاڕاستە بکەین، بەسوپاسەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەڕێزیانە لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا.



**گـوڵان: ماوەیەکە کێشـەیەك لەسـەر جێبەجێکردنی ئـەو ڕێککەوتننامەیەی بۆ بەشداری کورد لە حکومەتی عێراق ئیمزاکراوە هاتۆتە ئاراوە، هاوپەیمانی کوردستانی داوا دەکات پێویسـتە ئـەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت، ئایا بەڕێزتان لەسـەر ئەم مەسەلەیە چی دەڵێن؟**

**د.ڕۆژ:** ئـەوەی ڕوون و ئاشـکرایە ئێمە لەگـەڵ ئـەو لایەنانە ڕێککەوتیـن و ئەو خاڵانەی لەنێوانماندایەو داوادەکەین جێبەجێ بکرێن هەموویان ئیمزا کراوە، بەڵام تا ئێستا ئـەو خاڵانە جێبەجێ نەکـراون، یان ئەگەر هەوڵێکیش بـۆ جێبەجێکردنی درابێت، زۆر بەسستی و خاوی هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە، یان ئاسـتەنگیان بۆ جێبەجێکردنی دروست کردووە، بۆیە زۆر پێویست بوو ئەو کۆبوونەوە فراوانـە لەگەڵ جەنابی سـەرۆك بارزانی



بکرێت و ڕاستیەکان بخرێتە بەردەمی لایەنە کوردسـتانیەکان و مەسـەلەکان بەشێوەیەك باسـبکرێت کە بڕیاری لەبارەوە وەربگیرێت، بڕیارەکەش وەك ئێوەی ڕۆژنامەنووسـانیش پێتان گەیشـتووە دەیزانن بەوجۆرەیە کە ئەو لایەنانـەی هاوپەیمانیمان لەگەڵیاندا هەیەو لەسـەر بنەمای ئـەو ڕێککەوتننامەیەی لەسـەری ڕێککەوتووین پێکەوە حکومەتمان دروسـتکردووە، پێویستە پابەندی ئەو خاڵانە بـن کە لەڕێککەوتننامەکـەدا هاتووە، بۆیە ئەگەر پابەند نەبن، یاخود ئەو خاڵانە جێبەجێ نەکەن، لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێمان ناخۆشە و نامانەوێت کێشە دروست بێت، بەڵام ئەگەر لە کاتێکی دیاریکـراودا جێبەجێی نەکەن، ئێمە ئازادین ئەو بڕیارە بدەین کە پێویستە.

**گوڵان: ئێسـتا کاتی ئەوە هاتووە دەست بخرێتە سـەر ڕاستیەکان، پرسـیاری ئێمە لەبەڕێـزت وەك جێگری سـەرۆك وەزیرانی عێـراق و نوێنـەری سـەرۆك بارزانی بۆ جێبەجێکردنـی ئەو ڕێککەوتنەی لەئاکامی دەستپێشـخەرییەکەی بەڕێزیان هاتە ئاراوە، بۆیە حەزدەکەین باسی چۆنیەتی ڕێککەوتن لەسەر ئەو ١٩ خاڵەمان بۆ بکەیت کە بەپێی ئەو خاڵانە بەشداری حکومەتتان کردووە؟**

**د.ڕۆژ:** پێـش هەمـوو شـت ئـەوەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە لە ١٩ خاڵ زیاترە، جەنابی سەرۆك بارزانی لەکۆبوونەوە فراوانەکە خوێندییەوە، پێشـتر زۆر کـەس دەیانگوت زۆر شـت هەیە باس نەکـراوە یان ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام ئـەو دیکۆمێنتەی جەنابی سـەرۆك خوێندییەوە شتێکی تەواو ڕێکوپێك بوو هەمووشـی لەسـەر کاغەز نووسـراوەو هەمووان ئیمزایان لەسەر کردووە، هەروەها پێش هەموو شت ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵێك خاڵی تێدایە کە تایبەتە بەعێراق و پێش هەمووشت بەپێی ئەو ڕێککەوتنە پێویسـتە حکومەتی عێـراق حکومەتی هاوبەشـی نیشـتمانی ڕاستەقینە بێت، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی جەختکردنەوەیە لەسـەر بەرەوپێشەوەچوونی حکومەتـی عێراق کـە بێگومـان ئەگەر حکومەتـی عێـراق پێشـبکەوێت هەرێمی کوردسـتانیش دەگرێتەوە، دوای ئەم خاڵانە ئینجا هاتۆتە سەر ئەو مەسەلانەی پێوەندی بەهەرێمـی کوردسـتانەوە هەیـە، هەروەها گەرەنتی جێبەجێکردنی ئـەو خاڵانەیە واتە بە چ میکانیزمێك جێبەجێ بکرێت، هەروەها ئەوەشـی تێدایە ئەگـەر جێبەجێش نەکرێت پێویستە چی بکرێت، ئەمانە هەموویان خاڵی دیاریکـراون و لە دیکۆمێنتە نووسـراوەکەدا هەیـەو ئیمزایان لەسـەر کـراوە، وێنەیەکی ئەو دیکۆمێنەش وەك پێشـتر ئاماژەم پێکرد جەنابی سەرۆك بارزانی لەکۆبوونەوە فراوانەکە خوێندییەوە، دەسـپێکی ئـەو ڕێککەوتنە لە دابەشکردنی پۆسـتە سەروەرییەکانەوە دەست پێدەکات، واتە چ لایەنێك پۆسـتی سەرۆك کۆمـاری بەردەکەوێت، کام لایەن پۆسـتی سـەرۆك وەزیـران، هەروەها کێ پۆسـتی سـەرۆکی پەرلەمانی بەردەکەوێت، لەڕووی هونەریشەوە هەر بۆنموونە کورد چەند وەزارەتی بەردەکەوێت، چ دامەزراوەیەك دروست دەکرێت بۆ ئەوەی حکومەتی هاوبەشـی نیشتمانی ڕاسـتەقینە بێتە ئـاراوە، وەك ئەنجوومەنی بـاڵای سیاسـەتی سـتراتیژی، هەروەها نووسینەوەی پەیڕەوو پرۆگرامی ئەنجوومەنی وەزیران، ڕاگرتنی هاوسەنگی دەستووری کە ئەمانە پێوەندییـان بەهەموو عێراقەوە هەیە، لێرەدا من بەپێویسـتی دەزانـم ئاماژە بەوە بکەم، ئەگەر بنەمایەکی پتەو بۆ هاوبەشـی نیشـتمانی ڕاسـتەقینە نەبێـت و عێـراق هەنگاوی زیاتر بەرەو دیموکراتی هەڵنەگرێت، بێگومان ناتوانرێـت داخوازییەکانی هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێت، هەربۆیە دوای ئەمانە دێتە سـەر ئەو خاڵانـەی پێوەندی بەکوردسـتانەوە هەیە، پێویسـتە ئەوەش بڵێم ڕێککەوتنەکـە هیـچ کەموکورتیەکی تێدا نییە، بەڵام بەداخەوە کێشەکە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیەو ئەو لایەنەی لەپرۆسـەکەدا دەسـەڵاتی زیاتر بەدەسـتەوەیە بریتییە لە لایەنی سەرۆك وەزیران، بەشێکی زۆری ئەو خاڵانەی پشتگوێ خستووە، هەندێکی زۆری جێبەجێ نەکـردووە، هەندێکـی هەوڵیداوە جێبەجێیان بکات، بەڵام لە جێبەجێکردنەکەدا سسـت بووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارانە وامان لێدەکات ئێمـە هەوڵێکی جدی تر بدەین بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکرێت، لەبـەر ئەوەی لەبەرژەوەندی ئێمەش و هەموو گەلانـی عێراقدایـە، لەبەرژەوەندی هەموو لایەنە سیاسـییەکانە، تەنانەت لەبەرژەوەندی ئەو لایەنەی سەرۆك وەزیرانیشدایە، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین جێبەجێی بکەین، ئەگەر جێبەجێ نەکرا، ئەوکاتە ناچار دەبین دابنیشینەوەو بیر لەوە بکەینەوە بزانیـن هەنگاوی ئایندەمان چی دەبێت.

**گـوڵان: بەڕێزتـان وەك دەزانیت لەچەند ڕۆژی ڕابـردوودا بەڕێـز د.ئەیاد عەلاوی سـەرۆکی لیسـتی ئەلعراقیە سـەردانی هەولێری کـردو لەگەڵ سـەرۆك بارزانی کۆبـووەوە جارێکی دیکە جەخت لەسـەر ڕێککەوتننامەکـە کرایـەوە، ئایـا ئەمە مانای ئەوە نییە حکومەتی ئێستای عێراق ڕێککەوتنەکـەی پێشـێل کـردووەو بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

**د.ڕۆژ:** لـە بەیاننامەی ئـەو کۆبوونەوە فراوانـەی کرا، ئامـاژە بەوەکـراوە دەبێت ڕێککەوتنەکـە جێبەجێ بکرێت، هەوڵبدرێت دووبارە شـەراکەتی نیشـتمانی ڕاستەقینە

بێتەوە کایە، هەروەها هاوسەنگی دەستووری دوور لەتاکرەوی بێتە ئاراوە، ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی تاکرەوی هەیە، شەراکەتی نیشتمانی ڕاستەقینە نییە، هەروەها هاوسەنگی دەستووری هەتا ئێستا بە ڕێکوپێکی جێبەجێ نەکراوە، هەروەها ئەو کێشانەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوون چارەسەر نەکراون، جگە لەمانەش سەرۆك وەزیران هاتووە بە تاکرەوی تەعدیلی وەزاری کردووەو بەجارێك سێ وەزیری کوردی لابردووە، لەڕاستیدا ئەمە هەنگاوێکی زۆر سلبییە پێش ئەوەی وتوویژ لەگەڵ لایەنی کوردستانی لەسەر ئەو مەسەلەیە بکات، بۆیە ئەمانە هەمووی پێویستی بەراستکردنەوە هەیە، چونکە ئەگەر وا بڕوات دیاردەی تاکرەوی زیاتر دەبێت، بۆیە دەبێت ئەم پرسانە لەگەڵ هەموو هاوپەیمانەکان باس بکرێت و هەموو پێکەوە هەوڵبدەین بیخەینەوە سەر خەتە ڕاستەکەی ڕێککەوتننامەی هەولێر کە بەپێی دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی هاتۆتە ئاراوەو هەموو لایەك ئیمزامان لەسەر کردووە.

**گوڵان: بۆ ڕاستکردنەوە یان هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی هەولێر، بڕیارە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، بەڕێزت وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق چۆن سەیری بەرنامەی ئەم سەردانە دەکەیت و تاچەند بەڕێزت بەم سەردانە گەشبینیت؟**

**د.رۆژ:** پێش هەموو شت من ئێستا کە دەچمەوە بۆ بەغدا بەنوێنەرایەتی سەرۆك بارزانی دەچم، ئەوە بخە ئەولاوە کە پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقم هەیە، بەڵام ئەرکی سەرەکی سەرشانی من ئەوەیە بەنوێنەرایەتی سەرۆك بارزانی چاودێری جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بکەم، هەروەها نامەیەکی زارەکی جەنابی سەرۆك بارزانیم پێیە بۆ ئەو لایەنەی هاوپەیمانین لەگەڵیدا کە ئەویش سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا و سەرۆك وەزیرانی عێراقە، ئەو نامەیەش بریتییە لەوەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی مەبەستێتی بزانێت ئایا سەرۆك وەزیران و لیستی دەوڵەتی یاسا ئامادەیە ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات یان نە؟ ئەگەر ئامادەیە، ئەوا هاوپەیمانی کوردستانیش ئامادەیە شاندی خۆی بنێرێت، ئەگەر ئامادەش نەبێت، ئەوا ئێمەش بۆخۆمان جارێکی دیکە کۆدەبینەوەو بڕیاری پێویست دەدەین.

**ئەو لایەنانەی هاوپەیمانیمان لەگەڵیاندا هەیەو لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتننامەیەی لەسەری ڕێککەوتووین پێکەوە حکومەتمان دروستکردووە. بۆیە پێویستە ئەو لایەنانە پابەندی ئەو خاڵانە بن کە لەڕێککەوتننامەکەدا هاتووە**

**ئەو دیکۆمێنتەی جەنابی سەرۆك لە کۆبوونەوە فراوانەکەدا خوێندیەوە کە ١٩ خاڵ زیاتر لەخۆ دەگرێت. شتێکی تەواو ڕێکوپێك بوو. هەمووشی لەسەر کاغەز نووسراوەو هەمووان ئیمزایان لەسەر کردووە**

**بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کراوە پێویستە حکومەتی عێراق حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی ڕاستەقینە بێت. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی جەختکردنەوەیە لەسەر بەرەوپێشەوەچوونی حکومەتی عێراق کە بێگومان ئەگەر حکومەتی عێراق پێش بکەوێت هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە**

**ئەگەر بنەمایەکی پتەو بۆ هاوبەشی نیشتمانی ڕاستەقینە نەبێت و عێراق هەنگاوی زیاتر بەرەو دیموکراتی هەڵنەگرێت. بێگومان ناتوانرێت داخوازییەکانی هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێت**

**جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی ئێمەو هەموو گەلانی عێراقدایە. بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین جێبەجێی بکەین**

**دەبێت دووبارە هەوڵبدرێت شەراکەتی نیشتمانی ڕاستەقینە بێتەوە کایە. هەروەها هاوسەنگی دەستووری دوور لەتاکرەوی بێتە ئاراوە. ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی تاکرەوی هەیە. شەراکەتی نیشتمانی ڕاستەقینە نییە**

**سەرۆك وەزیران هاتووە بە تاکرەوی تەعدیلی وەزاری کردووەو بەجارێك سێ وەزیری کوردی لابردووە. پێش ئەوەی وتوویژ لەگەڵ لایەنی کوردستانی لەسەر ئەو مەسەلەیە بکات لەڕاستیدا ئەمە هەنگاوێکی زۆر سلبییە**

# پێشێلکردنی دەستوور.. حکومەتی عێراقی بەرەو تاکڕەویتی بردووە



# جیاوازی نێوان دیموكراتی و دیكتاتۆری چۆنیەتی پیادەكردنی دەسەڵاتە



ئەگـــەر وەك چاودێرێكی سیاســـیی ســـەیری كێشە سیاســـییەكانی ئێستای عێراق بكەین، هەســـت دەكەین كێشەكان بە ئاڕاستەیەك دەڕۆن كە جارێكی دیكە پرۆســـە سیاســـییەكە بەرەو ئاراستەیەك دەبـــەن تـــەواوی ئاییـــندەی عێراقیش دەخاتە مەترســـیەوە، لەم ڕاستەوە كاتێك گوێبیستی پاكانەی لایەنی جێبەجێكاری ســـەرەكی كە حكومەتی بەغدایە دەبین، گوێمـــان لەوە دەبێت باســـی ئەوە دەكات پێویســـتە بۆ چارەســـەركردنی كێشەكان پەنا بۆ دەستوور بەرین و دەستوور بكەینە دواییـــن مەرجەع بۆ ئەوەی كێشـــەكانی پێ چارەسەر بكەین، هەربۆیە پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە كە نوری مالیكی ســـەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر هەموو كێشـــەیەك پەنا بۆ دەســـتوور دەباتەوە، ئایا كێشـــەكە لەخودی دەستوورەكەیە یان كێشـــەكە لە چۆنیەتـــی جێبەجێكردنی دەستوورەكەدایە؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە كە لەماوەی ٦ساڵی ڕابردووی دوای پەسەندكردنی دەستووری عێراقەوە بۆتە ئیشـــكالیەتی پرۆسە سیاسییەكە، ئەوانەی چاودێری بارودۆخی عێراقن و لەنزیكەوە ئاگاداری كێشەكانی عێراقن، گەیشتوونە ئەو ڕاستیەی كە تێگەیشتنی ســـەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ دەسەڵاتی حكومەت، تێگەیشتنێكە دەستوور دەكاتە توخمێك یان هۆكارێك بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجەی خۆی هەیەتی، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی ئەو دەســـەڵاتەی دەستوور بەسەرۆك وەزیرانی عێراقی داوە بۆ ئەوەی دەستوورەكەی پێ جێبەجێ بكات، ئێستا ســـەرۆك وەزیرانی عێراق ئەو دەسەڵاتە بەكاردەهێنێت بۆ ئەوەی خودی دەستوورەكە بێ ناوەرۆك بكات یان پێشـــێلی بكات، ئەمەش دروســـت وەك حاڵەتی سندوقی دەنگدانـــە كە زۆرجار بەرێگەی دەنگدان و بە شێوازی دیموكراتیانە لایەنێك دەباتە دەسەڵات، كە هەر خودی ئەو لایەنە یان ئەو كەسە دەســـەڵاتی سندوقی دەنگدان بەكاردەهێنێت بۆ سەركوتكردن و نەهێشتنی دیموكراتی، لەمبارەوە ئەگەر بۆ مێژووی نزیك بگەڕێینەوە ســـلبۆدان میلۆسۆڤیچ یەكێك بوو لەو ســـەركردانەی بەرێگەی ســـندوقی دەنگدان گەیشـــتە دەسەڵات، بەڵام لەبری ئەوەی یوگسلافیای پێشوو بكاتە وڵاتی پێكـــەوە ژیان و لێبوردەیی نێوان پێكهاتە جیاوازەكانی، بەڵام ڕەفتارە دیكتاتۆرییەكانی بوونە هۆكاری ئەوەی یوگسلافیا لەســـەر نەخشەی سیاسیی جیهان نەمێنێت و خۆشـــی لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەكانی جەنگ ببینێتەوە، ئەمە بەدیوێكی دیكە بۆ ڤلادیمیر پۆتینی سەرۆكی ئێستای ڕوسیاش ڕاستە لەبەر ئەوەی ئەویش بەرێگەی سندوقەكانی



دەنگدان بۆتە سەرۆکی ڕوسیا، بەڵام لەبری دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ڕوسیا لەسەر بنەمای دەوڵەتی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا، حکومڕانی وڵاتی بەرەو جۆرێك لە پۆپۆلیستی و تاکڕەوی بردووە، کە ئەمەش وایکردووە ئومێد و گەشبینی بە ڕوسیا وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی بەو ئاستە نەبێت کە پێش هاتنی پوتین مەزندەی لێدەکرا. هەروەها ئەم حاڵەتە بۆ هۆگۆ شافێزی سەرۆکی فەنزویلاش ڕاستە، ئەویش بەرێگەی سندوقەکانی دەنگدان چۆتە سەر دەسەڵات، بەڵام دەبینین ئەویش حکومڕانی وڵاتی بەرەو تاکڕەوی پۆپۆلیستی بردووە.

کەواتە ئەم ئیشکالیەتەی لەسەر شێوازی گەیشتن بەدەسەڵات بەرێگەی سندوقی دەنگدان یان دیموکراتی، ئیشکالیەتێك نییە تایبەت بێت بەعێراق یان وڵاتێکی دیکە، بەڵکو ئیشکالیەتێکە تایبەتە بە هەموو ئەو سەرکردانەی کە شێوازی دیموکراتیانە وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە بەرکاردەهێنن کە خۆیان مەبەستیانە، هەربۆیە گرنگە لەم ڕاستەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو شێوانەی دەسەڵات کە ماکس ڤێبەر دابەشی سەر سێ بەشی کردوون:

**یەکەم: دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ**

لەمجۆرە دەسەڵاتەدا پشت بە بنەماو داب و نەریتە پیرۆزەکان دەبەسترێت، وەك دەسەڵاتی کەنیسە کە تیایدا هەموو پێویستە ملکەچی ئەو داب و نەریت و بنەما پیرۆزانەبن، سەرپێچی ئەم بنەمایەش دەبێتە هۆکاری یاخیبوون لەپیرۆزی، ئەم جۆرە دەسەڵاتە بەرهەمی دەسەڵاتی ئایینی سیاسییە، ئەوجا ئەو دەسەڵاتە ئایینییە دەسەڵاتی کەنیسە بێت وەك سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، یان ئەو حزبە ئیسلامیانەی ئێستا دەیانەوێت بەرێگەی هەڵبژاردن بگەنە دەسەڵات، کە حزبی دەعوای عێراقی کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات یەکێکیانە.

**دووەم: دەسەڵاتی بەرجەستە کراو لە هێزی تاکەکەسدا**

سەبارەت بەم شێوازەیان هەموو دەزانین ئەو حزبی دەعوەیەی ئێستا نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات نەك هەر نوێنەرایەتی هەموو خەڵکانی شیعە مەزهەبی عێراق ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی ئەو بنکەجەماوەرییە فراوانەش ناکات کە پێشتر خۆیان بە هەوادار و لایەنگری حزبی دەعوای عێراقی زانیووە، بۆیە ئێستا ئەم حزبی دەعوەیە کە لیستێکی ڕاگەیاندووە بەناوی دەوڵەتی یاسا مەبەستێتی دەسەڵاتی بەرجەستەکراو وەك دەسەڵاتی دەوڵەتی یاسا بەرجەستە بکات و دەوڵەتی یاساش لە کەسایەتی شەخسی نوری مالیکیدا بچووك بکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی مالیکی ئەو سەرکردەیەیە کە لەهەموو سەرکردەکانی دیکەی شیعە جیاواز و بەهێزترە و شایستەی ئەوەیە نوێنەرایەتی زۆرینە بکات و زۆرینەش بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی شەرعیەتی حکومڕانی دیموکراتی پێ وەربگرێت، بەشەرعیەتی دیموکراتیش ئەو دەسەڵاتە تاکڕەوییە پیادەبکات هەردوو جۆری دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی پشت بەستوو بە

**ئەوانەی چاودێری بارودۆخی عێراقن و لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەکانی عێراقن، گەیشتوونە ئەو ڕاستییەی کە تێگەیشتنی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ دەسەڵاتی حکومەت، تێگەیشتنێکە دەستوور دەکاتە توخمێك یان هۆکارێك بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی خۆی هەیەتی**

**کاتێك سیاسییەکان سەردانی یەکتر دەکەن و سیاسی سێیەم وا بیر بکاتەوە کە ئەمە پیلانێکە و دژی ئەو دەگێڕدرێ ئەمە بەڵگەیەکە کە پرۆسەی سیاسی بە حاڵەتێکی سروشتی تێپەڕ نابێت و لە ئاستەنگێکی قووڵدا دەژیت**



پیرۆزییەکانی بنەماکانی مەزهەبی شیعە و بەرجەستەکراو لەکەسایەتی خۆیدا تۆمار بکات.

ئەم دوو جۆرەی دەسەڵات کە سەردەمانێکی دوورودرێژ مرۆڤایەتی خستبووە تەڵەزگەی ناسەقامگیری و نائارامی و شەڕی نەتەوەیی و مەزهەبی نێوان ئایینەکان، مرۆڤایەتی بەو ئاستە هانداوە کە بەدوای ئەلتەرناتیڤێکی دیکە بگەڕێن و شێواز و بنەمایەکی دیکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات بدۆزنەوە کە ئەویش دەسەڵاتی دامەزراوەییە، ئەمەش واتە شێوازی سێهەمی دەسەڵات، دەسەڵاتی دامەزراوەییە یان دەسەڵاتی دامەزراوەکانە کە مرۆڤ خۆی دامەزراوەکان بونیاد دەنێت و لەپێناوی خێر و بەرژەوەندی گشتی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵکە وەگەڕیان دەخات، لەبری ئەوەی دەسەڵات لە کەسێتی کەسێکی دیارکراو بچووبکرێتەوە، دەسەڵات لەکەسێتی کەسایەتیەکی مەعنەویدا دەبێت کە ئەویش کەسایەتی دامەزراوەکانە لە پرۆسەی حکومڕانیدا، وەك جۆرج بیردۆی گەورە یاساناسی فەرەنسی ئاماژەی پێکردووە: (دەسەڵاتی دامەزراوەکان لە گەوهەردا، دەسەڵاتی یاسایە و بنەمایە تەشریعیەکان بەجۆرێکن لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگونجێت)، ئەمەش ئەو دامەزراوانە لەسەر لەچوارچێوەی ئەو دەستوورە مەدەنیانەی لەوڵاتدا بوونی هەیە و هاووڵاتیان خۆیان پەسەندیان کردووە یاساکانیان بۆ بونیادی دامەزراوەکان دەرکردووە و دامەزراوەکانیش بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هەڵدەسوڕێنن.

کەواتە ئەو شەرعیەتەی هەموو بیرمەندان و یاسا ناسانی جیهان بۆ دەسەڵات ئاماژەی پێدەکەن، بەتەنیا بریتی نییە لە ناساندنی شەرعیەتەکە و دانپێدانانی، بەڵکو شەرعیەتی دەسەڵاتەکە بریتییە لە چۆنیەتی پیادەکردن و بەرجەستەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ بنەماکانی دەستوور کە دەبنە بنەما بۆ یاساکانی ژیان و وڵات ڕێکدەخەن، هەروەها بریتییە لە هاوسەنگی و ناهاوسەنگی، نەرمی و توندی شێوازی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتەی کە لە قووڵایی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێو پێکهاتە جیاوازەکانی یەك کۆمەڵگەدا ڕەنگدەداتەوە و هەموویان لەژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە هەست بە ئارامی و مافەکانی خۆیان دەکەن.

بەڵام کاتێك دەسەڵاتێك با بەرێگەی سندوقەکانی دەنگدان پێکهاتبێت و دەقێکی دەستووری زۆر مۆدرێنیش لە وڵاتدا هەبێت، بەڵام کە نەیتوانی ئەم دەسەڵاتە بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی کۆمەڵگە و چارەسەری کێشە و گرفتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بخاتە گەڕ و بەو دەسەڵاتەی هەیەتی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لەوڵاتدا دروست بکات، ئەوا مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە کەوتۆتە گێژاوییێکی گەورە و تەواو تەواو لە چەمکی دەسەڵاتی دامەزراوەیی و دەسەڵاتی دەوڵەتی یاسا و دەسەڵاتی دیموکراتی دوور کەوتۆتەوە.

**دەبێت هەموو کەس کۆششی قورس بکات بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی پابەندبوون هەیە بە سەروەریی یاسا و بە مافەکانی مرۆڤ و بە نەهێشتنی گەندەڵییەوە. ئەمە لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی و هەرگیز دیموکراسیش بەهۆی پارچە کاغەزێکەوە نەهاتۆتەدی**

**ڕۆژئاوا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا دۆستایەتی لەنێوان ئەمریکییەکان و کوردەکانی عێراق بەرز دەنرخێنێت و بەردەوام دەبین لە پێکەوەکارکردن بەشێوەیەکی هەماهەنگ لەپێناو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانماندا**

## حکومەتی فراوانی بنکە فراوانی نیشتمانی بەتەنیا حکومەتی مالیکیی و حزبی دەعوا نییە

کێشەی سەرەکی لیستی دەوڵەتی یاسا کە حزبی دەعوا نوێنەرایەتی دەکات و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق سەرۆکایەتی دەکات، دوای ئەوەی رۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لەسەر زاری نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە ڕاشکاوانە سەبارەت بە د.ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە ئەو لێدوانە درا بەوەی (د.ئەیاد عەلاوی هاوبەشێکی پەسەند نییە لەنێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا)، ئەمە وێڕای ئەوەی لەپرۆسەی سیاسی وەسف بکات؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا موئەیەد تەیب بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: (هەمووومان دەزانین بۆ سیاسەتمدارێك ڕەوا نییە بڕیاری بدات کێ سیاسییەکی مەقبولە و دەبێ بەشدار بێت لە حکومەت یان بەشدار نەبێت، لەبەر ئەوەی میللەتی عێراق ئەو بڕیارە دەدات، ئێمە دەزانین هەڵبژاردن ئەنجامدراوە و لەم هەڵبژاردنەدا سێ کوتلەی گەورە سەرکەوتوون ئەوانیش هاوپەیمانی نیشتمانی کە دەوڵەتی قانون لایەنێکی ئەم هاوپەیمانییەیە و لیستی ئەلعێراقییە کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئەو لیستەیە و ئیئتیلافی فراکسیۆنە و چەندین وەزیری ئەو لیستەیە شەریك و ئەندامن لەو حکومەتەی کە ئێستا مالیکی سەرۆك وەزیرە تێیدا، لەبەر ئەوە بۆ ئەم جۆرە لێدوانانە لەم قۆناغە ناسکەدا پێویستە سیاسەتمەدار میزاجی خۆی بەکارنەهێنێ، پشتگوێخستنی سیاسەتمەدارێك کە شەریکە لە پرۆسەی سیاسی کاری ئەم و ئەو نییە، چونکە لیستەکەی بڕیار دەدات کە ئایا سیاسییەکی مەقبولە یان نا، نەك ڕکابەرەکەی).

سەبارەت بەوەشی تاچەند ئەم لێدوانە توندەی مالیکی کاردانەوەی سەردانەکەی د.عەلاوییە بۆ هەرێمی کوردستان و



کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی؟ موئەیەد تەیب لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (کێشەکە لەوەدایە کە متمانە لەنێوان کوتلە سیاسییەکانی عێراقدا وەکو پێویست نییە، من ئەم دیاردەیە بە سروشتی دانانێم کە عەلاوی سەردانی هەولێر و دیداری لەگەڵ سەرۆك بارزانی بەوە لێك بدرێتەوە کە ئەمە پیلانێکە دژی لایەنێکی تر، دیارە سەرۆك بارزانی چاودێری دەستپێشخەرییەکەیە کە لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە حکومەتی عێراقی دامەزرا و پرۆسەی سیاسی لە فەوتان ڕزگاری بوو، زۆر سروشتییە دەرگای سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستانییەکان، بۆیە مەسەلەکە بە میزاجی ئەو کەس و ئەو کەسە نابی، لیستەکەی ئەیاد عەلاوی لە هەڵبژاردندا ٩١ کورسی بەدەستهێنا و ئێستا سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆکی وەزیران لەو لیستەیەن

**بەڕاشکاوەیی دەیڵێم، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنەی هەولێر جێبەجێ نەکرێت بەرپرسیار دەبین لە بەشێك لە تاوانەکانی شکستی ئەم حکومەتە**

کە خودی لێدوانەکە جۆرێك لە تاکڕەوی تێدایە، لەهەمانکاتدا ئەوەمان پیشاندەدا، ئێستا حزبی دەعوا و لیستی دەوڵەتی یاسا لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بە کورد و سوننە و شیعەوە کێشەیەکی گەورەی هەیە و لەهەوڵی ئەوەدایە هەژموونی خۆی بەسەر کورد و سوننە و شیعە و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بسەپێنێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە موئەیەد تەیب پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستانی کرد بەوەی ئایا سەرۆك وەزیران ئەو دەسەڵاتەی سەرۆکی لیستی سەرەکی کە لیستی ئەلعراقیە بە هاوبەشێکی ناپەسەند

کوردستان کراوەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان و هەموو سیاسییەك دەتوانێت بێت بۆ کوردستان، پێش ماوەیەك حکومەت و دەوڵەتی قانون تورەبوونی خۆی نیشاندا لە سەردانی سەرۆك وەزیرانی ئوردن بۆ هەولێر، من پرسیار لەوانە دەکەم ئایا ئەوان وا سەیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەکەن کە ئەنجوومەنی تەشریعی و تەنفیزی سەردەمی سەدامە، ئایا حکومەتی ئیتیحادی کە ئەوان بە هەڵە هەندێك جار ناوی دەهێنن بە حکومەتی مەرکەزی ناوی دەبەن، حکومەتی مەرکەزییە و هەموو شتێك لە دەست ئەوانە؟ بێگومان

موئەیەد تەیب جەختی لەسەر ئەوەکردەوە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە هەنگاوێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بردنی عێراق بەرەو بونیادی دیموکراتی ڕاستەقینە، لەمبارەوە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ئەو ١٩ خاڵە تێروانینی کورد بوو بۆ عێراقی نوێ، واتە هەمووی پەیوەست نییە بە دواکارییەکانی کورد و هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە پابەندبوون بە دەستووری عێراقی، هەروەها بەهێزکردنی دیموکراسی ئەمانە هەموو عێراق دەگرێتەوە تەنانەت ماددەی ١٤٠یش تایبەت نییە تەنیا بە کوردەوە، بەڵکو ٨ پارێزگا ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە،

ئەوەی هەردوو لا ئیرادەیان نەبوو ئێمە سەرنەکەوتین، مەسەلەکە یاسای نەوت و غاز و ماددەی ١٤٠ نییە، کورد هەست دەکات جۆرە دیکتاتۆریەتێکی تازە لە حاڵەتی گەشە کردندایە و بەرپرسیاریەتی هەموو لایەکە بڕیار بدەن کە ئایا ئێمە دەمانەوێ بگەڕێینەوە سەردەمی پێش ٢٠٠٣ و جارێکی تر کەسێك یان حزبێك یان کوتلەیەك حوکم لە عێراق بکات، وەکو کورد بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئێمە دەڵێین: بەهیچ شێوەیەك قبوڵ ناکەین دیکتاتۆریەتێکی تر لە عێراق دروست ببێتەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین بەبێ دیموکراسی هیچ شتێك نە بۆ ئێمە نە




وانییە، حکومەتی بەغدا پێی دەڵێن حکومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان و بەغدا و پارێزگاکان ئەمانە هەموویان تەواوکەری یەکترن، بۆیە کاتێك سیاسییەکان سەردانی یەکتر دەکەن و سیاسی سێیەم وا بیر بکاتەوە کە ئەمە پیلانێکە و دژی ئەو دەگێڕدرێ ئەمە بەڵگەیەکە کە پرۆسەی سیاسی بە حاڵەتێکی سروشتی تێپەڕ نابێت و لە ئاستەنگێکی قوڵدا دەژیت)).

سەبارەت بە داواکانی هەرێمی کوردستانیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو ١٩ خاڵەی کەپێی دەگوترێت وەرەقەی کوردی بۆ بەشداربوون لە حکومەتی عێراقدا، هەروەها بەڕێوەبردنی نەوت و غاز، چونکە پارێزگاکانی تریش سەبارەت بە نەوت و غاز هەمان داواکارییان هەیە، ئێمە کاتێکی زۆرمان سەرف کرد کە بتوانین لیستی عێراقییە و هاوپەیمانی نیشتمانی نزیك بکەینەوە لە یەکتری، بەڵام لەبەر

**نابێت حکومەتی ناوەندی یان سەرۆك وەزیران نەزعەی شەخسی خۆی لە دەرەوەی دەستوور لەسەر هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بسەپێنێت، ئەوجا ئەو پێکهاتەیە(کورد یان سوننە یان شیعە) بێت**

بۆ میللەتی عێراق دەستەبەر نابێ، ئەم هەڵوێستە ئاشکرایەی کورد بۆ ئەوەیە جارێکی تر دیکتاتۆریەت سەر هەڵنەداتەوە لە عێراق و ئەگەر بێدەنگ بین دیکتاتۆریەتیش وەکو هەموو شتێکی تر بە تۆ دەست پێدەکات دواتر گەورە دەبێت و کاتێك پێیدەزانی کە چەکەرەی کردووە و بۆ وەستاندنی پێویستە قوربانی زۆری بۆ بدەین، ئێمە ئێستا لە دەستپێکین و حاڵەتەکەمان دەستنیشانکردووە کە ئەوەی ئێستا دەوڵەتی قانون و حکومەت دەیکات بریتییە لە قبوڵ نەکردنی شەراکەت و دەیانەوێ هەموو بڕیارەکان لە دەست ئەوان بێت و ئەمە سەرەتایەکە



بۆ دیکتاتۆریەتێکی نویێ و ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ئەمە قبوڵ ناکەین و لە کۆبوونەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆك بارزانی هەر هەموویان یەك هەڵوێست بوون، ئەمەش وەڵامی ئەو ئیدیعایانەیە کە دەڵێن لە هەرێمی کوردستان قەیران و کێشە هەیە و دەیانەوێ ئەو کێشانە ببەنە بەغدا ئەمەش ڕاست نییە هەڵوێستی کورد یەکە و کورد و عەرەب و هەموو میللەتی عێراق نایانەوێ جارێکی تر دیکتاتۆریەت بڕوێتەوە لە عێراق و دەستەڵاتی عێراق بگرێتەوە دەست)).

ئەوەی موئەیەد ئاماژەی پێکرد بەوەی

**شێوازێکی دیکەی مامەڵەی سەرۆك وەزیران لەگەڵ دەستوور مەزاجییە، کاتێك لەگەڵ بەشێك لە پێکهاتەکانی عێراق دادەنیشێت، بەپێی مەزاجی ئەوان قسە دەکات و لەوێدا خۆی دژی چەند بڕگەیەکی دەستوورەکە ڕادەوەستێت، کە لەشوێنێکی دیکە پشتگیری لێکردووە**

ئێستا پرۆسەی سیاسیی عێراق بە قەیراندا تێدەپەڕێت، تەنانەتە ناو خودی هاوپەیمانی نیشتمانیشی گرتۆتەوە کە دەوڵەتی یاسا خۆی بەشێکی ئەو هاوپەیمانییەیە و بێجگە لەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەشداری لەحکومەت نەکردووە، لەهەمانکاتدا ناکۆکیەکی گەورەش لەنێوان لیستی سەدر و لیستی دەوڵەتی یاسا لەنێو هاوپەیمانی نیشتمانی هەیە و ئەمە چەندین جارە لیستی سەدر لەسەر زاری موقتەدا سەدرەوە هەڕەشەی ئەوەی کردووە لە حکومەت بکشێتەوە هەروەك چۆن لەخولی یەکەمی کابینەکەی مالیکی کشایەوە، هەروەها هەینی ڕابردووش لە شاری سەدر لە ناو بەغدا و لەشاری کوفەش هەوادارانی تەیاری سەدر خۆپیشاندانیان دژی حکومەتی مالیکی ڕێکخست لەبەر ئەوەی وەڵامی سێ داواکارییەکەی موقتەدا سەدری نەداوەتەوە، هەموو ئەمانەش پێکەوە حکومەتی ئێستای عێراقی بەجۆرێك بەهۆی ئەم کێشانە و تاکڕەوی سەرۆك وەزیرانەوە لاواز بووە کە ناتوانێت هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەك هەڵبگرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر فیبی مارڕ کرد تۆژەری باڵا لەسەنتەری ویلایەتە

**کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان دوو ڕووی هەیە، ڕووی یەکەمیان تاکڕەوییە لە پیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە، ڕوویەکی دیکەی بریتییە لە هەوڵی لایەنە سیاسییەکانی دیکە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و بونیادی بنەماکانی دیموکراتی لەعێراقدا**

یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی و مێژوونووسی بەناوبانگی عێراقی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی حکومەتی ئێستای عێراقی کرد و وتی:(بەلای کەمەوە یەکێك لە کێشەکانی حکومەتی ئێستا لە بەغدا بریتیە لە گروپچێتی، واتە گرنگی و بایەخێکی زۆر بە بەرژەوەندی گروپەکان دەدرێت نەك بە بەرژەوەندی وڵاتەکە، هەروەها گەندەڵی هەیە، لە هەمان کاتدا حکومەت ئەوەندە بەهێز نیە یاسا دەربکات و هەنگاو هەڵبگرێت و وڵاتەکەش بە گشتی دابەش بووە،. ئەمەش زۆر دژوارە لە عێراقدا، بەڵام



دەبێت خەڵکی ئەوە بزانن دیموکراسی و فێربوونی دیموکراسی کەلتورە، هەروەك چۆن دەستوورە، واتە دەبێت خەڵکی بە ئاگا و چاوکراوە بن و حکومەت بخەنەبەردەم بەرپرسیارێتییەکانی و فشاری بخەنەسەر نەك هەر تەنیا بۆ ئەوەی زیاتر دیموکراتی بێت، بەڵکو زیاتر کارا بێت. چاوەڕێ مەکەن ئەمە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووبدات، لەبەر ئەوەی دەبێت هەر کەس لەلای خۆیەوە کاری سەخت بکات. من هاوڕام لەگەڵتاندا کە حکومەتەکە زۆر کارا نییە و گەندەڵییەکی زۆر لە ئارادایە، بەڵام دەبێت هەر کەسێك لەلای خۆیەوە کۆششی سەخت بکات بۆ ئەوەی دەستوور جێبەجێ بکرێت و هەروەها بۆ ئەوەی هەندێ ماددەی دەستوور هەموار بکرێت، بەڵام دەبێت هەموو کەس کۆششی قورس بکات بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی پابەندبوون هەیە بە سەروەریی یاسا و بە مافەکانی مرۆڤ و بە نەهێشتنی گەندەڵییەوە. ئەمە لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی و هەرگیز دیموکراسیش بەهۆی پارچە کاغەزێکەوە نەهاتۆتەدی، ئێوە دەبێت کارێکی سەخت بکەن و ئێوە ڕێگایەکی دووردرێژتان لەپێشە.)).

ئەمەش وەك پرۆفیسۆر فیبی مار ئاماژەی پێدەکات ڕەفتاری ئێستای حکومەتی عێراق بۆتە هۆکاری ئەوەی حکومەت نەتوانێت هەنگاوی جددی بۆ چارەسەری کێشەکان هەڵبگرێت و لەبەر ئەوەشی کێشەکان بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە هەڕەشەی جددی کەوتۆتە سەر پرۆسە سیاسییەکە و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبێت، شکستی پرۆسە سیاسییەکەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە یەکپارچەیی عێراق بخاتە مەترسییەوە، سەبارەت بەو مەترسیانەی لەئاکامی شکستی پرۆسە سیاسییەکەوە دەکەوێتە سەر ئاییندەی عێراق پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر داڤید فلیپس کرد کە بێجگە لەوەی یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی هەردوو ئامۆژگای بەناوبانگی ترانس ئەتلەنتیك و ئەنجوومەنی پێوەندیەکانی دەرەوە (CFR) لەهەمانکاتدا یەکێکە لە گەورە ڕاوێژکارانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و لەوەڵامدا پرۆ فیسۆر فلیپس پرسیارەکەی لێ هەڵگێڕاینەوە و بەمجۆرە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (با پرسیارەکە بەو جۆرە بکەین ئەگەر پرۆسەی سیاسیی تاراددەیەك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوە بەسە بۆ ئەوەی یەکپارچەیی عێراق بپارێزرێت) ئەم وەڵامەی پرۆ فیسۆر فلیپس بەدیوەکەی دیکە هەمان ئەو مانەیەی هەیە ئەگەر پرۆسەی سیاسیی عێراق شکست بهێنێت یەکپارچەیی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام ئەو وەك دیپلۆماتێکی ئەمریکی کە نەیویست ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستیەدا بنێت لە جەختکردنەوەی ئێمە سەبارەت بە ئەگەرەکەی دیکەیان کە شکستی پرۆسەی سیاسی عێراقە پێی وتین: (من وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە) ئەمەش مانایەکی دوولایەنەی هەیە، لەلایەك

**عێراق بەبێ کوردەکان بوونی نییە، هەروەها بەبێ باشوور و یان ناوچەی ڕۆژئاوا یانیش مرۆڤی عێراقی بوونی نییە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت فێری ئەو لۆژیکە بێت ڕێز لەهەموو هاووڵاتیان و پێکهاتەکانی بگرێت**

**بەردەوامبوونی حکومەت بەم شێوە شکستیەی ئێستای و بەردەوامبوونی گەندەڵی و بەردەوامی توندوتیژی و کوشتن، پێویستی بەهەڵوێستی جددی هاوپەیمانی کوردستانی و قەوارەسیاسیەکانی دیکەوە هەیە و دەبێت لەم قۆناخە هەست بە بەرپرسیاریەتی خۆیان بکەن**

لەوەڵامی یەکەمدا بەشێوەیەکی زمنی وەڵامی داوەتەوە، بەلایەکی دیکەوە گەیشتنی عێراق بەو ڕۆژەی کە پرۆسەی سیاسیی شکست بهێنێت، واتە شکستی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا، بۆیە ئەو نەیوست بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەمان هیچ وەڵامێکی هەبێت، بەڵام لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر فلیپس ئاماژەی بەگرنگی دەستوور کرد و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە:(عێراق خاوەن دەستوورێکی مۆدێرنە کە لەلایەن هەموو پارتەکانەوە تاوتۆکراوە و هەموو کەسێك تا ئاستێکی بەرچاو هەوڵیداوە بۆ جێبەجێکردنی دەستوورەکە، پێویستە وەکو یاسای خاك بژمێردرێت، هەروەها گرنگ ئەوەیە ناکۆکییەکان هەڵنەکشێت و توندوتیژیی گەورەتر بەخۆیەوە نەبینێت و پارتەکان جیاوازییەکانیان لەڕێگەی دانوستان چارەسەربکەن و دەستوورەکەی ئێستا وەك نەخشەی ڕێگە بەکاربێنن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. ئەمە ڕێزگرتنە لەدەستوور وادەکات عێراق بتوانێ لەسەر پێیەکانی بوەستێت، بەڵام پێویستە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، هێزێکی بەدواداچوون لە عێراقدا بمێنێتەوە و هەروەها لە مەودایەکی دووردا پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی و سوودەکانی لە دانانی بنکەیەك لە کوردستانی عێراقدا لەبەرچاو بگرێت)).

سەبارەت بەو کێشانەی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا لەسەر یاسای نەوت و گاز هەیەتی



داڤید فلیپس بۆ گوڵان:

# پێویستە دەستووری عێراق وەک یاسای خاک بژمێردرێت، هەروەها گرنگ ئەوەیە ناکۆکییەکان هەڵنەکشێت و توندوتیژیی گەورەتر بەخۆیەوە نەبینێت و کێشەکان بەرێگەی دانوستان چارەسەربکەن و دەستوورەکەی ئێستا وەک نەخشەی رێگە بەکاربێنن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان

و هەروەها ئاماژە کردن بەوەی بوونی بنکەیەکی ئەمریکی لە کوردستان لەسەر ئاستی ڕەهەندی دوورمەودا خزمەتی بەرژەوەندی هەردوولا دەکات، پرۆفیسۆر داڤید فلیپس لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز هەمیشە خاڵێکی هەستیاربووە لە ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا، تەحەددای گەورە کە ڕووبەڕووی عێراقی نوێ دەبێتەوە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان کە دەبێتە مایەی پاراستنی گرووپە جیاوازەکان، هەر بۆیە هەموو لایەنەکان مەسەلەی دابەشکردنی داهات و دەسەڵاتەکان لەنێوان ناوەند و هەرێمەکان وەك هەنگاوی یەکلاکەرەوە لەقەڵەمبدەن و ئەوەش لەبەر چاوبگرن ئەم یەکلاکردنەوەیە پێویستە بەرێگەی دیالۆگ و کۆمپرۆمایزی نێوان هەمەلایەنەکان بێت).

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەش کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە لە هەرێمی کوردستان، پرۆفیسۆر فلیپس وتی: (ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی لە کوردستانی عێراق بپارێزێت لەڕێگەی چڕکردنەوەی کۆنتێکستی سیاسی و دیپلۆماتی، هەروەها لەڕێگەی بەهێزکردنی زیاتر لەڕووی هەماهەنگیی ئابووری لەنێوان ڕۆژئاوا و کوردستانی عێراق. هەروەها ڕۆژئاوا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دۆستایەتی لەنێوان ئەمریکییەکان و کوردەکانی عێراق بەرزدەنرخێنێت و بەردەوام دەبین لە پێکەوەکارکردن بەشێوەیەکی هەماهەنگ لەپێناو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانماندا).

لێرەوە ئەگەر سەیری قسەکانی هەردوو پرۆفیسۆر فیبی مار و داڤید فلیپس بکەین، هەردووکیان کە دوو پسپۆر و تایبەتمەندی ناسراون لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، سەبارەت بە ئایندەی عێراق جەخت لە دووخاڵی گرنگ دەکەنەوە:

١. رێزگرتن لەدەستوور و پابەندبوون و بە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە، وەك یاسای بنەڕەتی نیشتمان، بە واتەیەکی دیکە پێویستە دەستووری عێراق وەك بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا سەیر بکرێت، بکرێتە بنەمای سەرەکی بۆ دانانی یاساکان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

٢. سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان بە زمانی دیالۆگ و ئامادەباشی لایەنەکان بۆ ڕێککەوتن و پێکەوەگونجان.

بەڵام ئەوەی بۆ حکومەتی ئێستای عێراق و ڕەفتارەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ئینتقائیانەی زۆر خراپ مامەڵە لەگەڵ دەستوور دەکات، ئەم تێڕوانینە ئینتقائیەش تەنیا ئەوە نییە ئەوەی بەدڵی بێت جێبەجێی بکات و ئەوەی بەدڵی نەبێت پشتگوێی بخات، بەڵکو پسپۆرانی تایبەتمەند لەسەر عێراق شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق بەمجۆرە دەبینن:

أ- ئەو بڕگانەی دەستوور کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرۆك وەزیران دەگونجێت، بۆ نموونە بەپێی دەستوور سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتی هێزەکانی عێراقە، سەرۆك وەزیران ئەم دەسەڵاتە بۆ سەقامگیری و ئارامی عێراق بەکارنایەنێت، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت کە بیسەلمێنێت دەتوانێت بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز خۆی بسەپێنێت، باشترین دیاردە دیاردەی کوشتن و دەرکردنی کوردە لەناوچەکانی جەلەولاو سەعدیە، هەتا هێزی پێشمەرگە نەچووە ئەو ناوچانە ئەم دیاردەیە کۆتایی نەهات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەتا

ئێستاش هەڕەشەی شۆڤێنیانە دژی کورد بەردەوامە، بەڵام فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بێدەنگە، ئەمە لەو کاتەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشە زاڵمانەیەی دژی کورد چوونە ئەو ناوچانە، گوێمان لەهەندێك لێدوانی پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا دەبوو، بەپێی دەستوور ئەوە لەدەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییە، بە دیوەکەی دیکە و بەپێی تیگەیشتنی ئەو پەرلەمانتارانەی دەوڵەتی یاسا واتە (دەستوور ڕاشکاوانە بوار دەدات کورد کۆمەڵکوژ بکرێتەوە و کەس هەڵوێستی نەبێت) ئەم جۆرە تێگەیشتنە یان تەفسیرە بۆ دەستوور نەك ڕێزگرتن نییە لەدەستوور، بەڵکو بەکارهێنانی مادەکانی دەستوورە بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری نەك هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی عێراقی فیدرالی و دیموکراتی.

ب- بەپێی دەستووری عێراق دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی سنووردارە و دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان سنووردارە، وەك پرۆفیسۆر مایکل نایت ڕاوێژکاری پێنتاگون لەژمارەی پێشووی گوڵان پێی ڕاگەیاندین، لەکاتی هەڵبژاردنەکان کە لیستەکەی سەرۆك وەزیران پێویستی بە کۆکردنەوەی دەنگە، هەوڵدەدات دەسەڵاتی پارێزگاکان فراوان بکات و کە هەڵبژاردن تەواو بوو دەسەڵاتەکان قۆرخ دەکاتەوە، هەروەها لە دوای هەڵبژاردن و بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت نوری مالیکیی ئامادە دەبێت لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکان بەتایبەتی کورد هەموو ئەو خاڵانە ئیمزا بکات کە بەپێی دەستوور مافی گەلی کوردستانە، بەڵام دوای پێکهێنانی حکومەت خۆی لە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە دەدزێتەوە کە ئیمزای کردوون هەروەك چۆن ئێستا خۆی لە جێبەجێکردنی ١٩ خاڵەکەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان و جێیبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێر کە لە ئاکامی دەستپێشخەریەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە پێویستە ئەنجوومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکان دابمەزرێت کە د.ئەیاد عەلاوی کاندیدکراوی بوو،



## موئەیەد تەیب بۆ گوڵان:

# کورد هەست دەکات جۆرە دیکتاتۆریەتێکی تازە لە حاڵەتی گەشە کردندایە و بەرپرسیاریەتی هەموو لایەکە ڕێگە لە گەڕانەوەی ئەم دیاردەیە بگرین، وەکو کورد بە ئاشکرا دەڵێین: بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین دیکتاتۆریەتێکی تر لە عێراق دروست ببێتەوە

بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا هەوڵدەدات دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە بەپێی ئەو دیکۆمێنتەی خۆی ئیمزای لەسەر کردووە بەتاڵ بکاتەوە.

ت- شێوازێکی دیکەی مامەڵەی سەرۆك وەزیران لەگەڵ دەستوور مەزاجییە، واتە کاتێك لەگەڵ بەشێك لە پێکهاتەکانی عێراق دادەنیشێت، بەپێی مەزاجی ئەوان قسە دەکات و لەوێدا خۆی دژی چەند بڕگەیەکی دەستوورەکە ڕادەوەستێت، کە لەشوێنێکی دیکە پشتگیری لێکردووە، هەر بۆ نموونە لە چەند مانگی ڕابردوو لەگەڵ کۆمەڵێك لەنوێنەری هۆزەکانی عەرەبی سوننە دژی دروستکردنی هەرێمە فیدراڵیەکان قسەی کرد و فیدرالیەتی بە مەترسی بۆ یەکپارچەیی عێراق وەسف کرد، ئەمە لە کاتێکدا چەند مانگێك لەوە پێش و لەرێورەسمی ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراقدا سوێندی خواردووە کە عێراقی فیدرالی و دیموکراتی بپارێزێت و پابەند بێت بەدەستوورەوە.

### بونیادنانەوەی متمانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

پابەندنەبوون بەدەستوور یان مامەڵەکردن بەشێوەیەکی ئینتقائیانە لەگەڵ دەستوور بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لەنێوان تەواوی لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی نێو پرۆسە سیاسییەکە متمانە نەمێنێت و هەر لایەك بەچاوی گومانەوە سەیری لایەنەکەی دیکە بکات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەو شاندە باڵایەی حکومەت کە بڕیار بوو سەردانی بەغدا بکات بۆیەکلاکردنەوەی کێشەکان، ئەم سەردانە بۆ کاتێکی دیکە دواخراوە، ئەمەش وەك



## میسال ئالوسی بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتننامەی هەولێر متمانەی کاکە مسعود بارزانی بوو، هەموو لایەنەکانی پێکەوە کۆکردەوە، بەڵام مالیکی خراپ سوودی لەو متمانەو ڕێککەوتنە وەرگرت

سەرۆکی حزبی ئوممەی عێراقەوە کرد و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ئالوسی ڕای خۆی دەربڕی وتی: (ئەو کێشەیەی ئێستا لەنێوان تێکرای قەوارە سیاسییەکانی عێراقدا بوونی هەیە، ئەمە چالاکی و ململانێی سیاسیی نییە، بەڵکو کێشەیەکی فیعلییە و هۆکارەکەی ئەوەیە کە حکومەتی ئێستای عێراق دیکەی بریتییە لە هەوڵی لایەنە سیاسییەکانی دیکە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و بونیادی بنەماکانی دیموکراتی لەعێراقدا، کەواتە ئێستا کێشەکە لە نێوان دوو میکانیزمدایە، میکانیزمێك کە دەیەوێت عێراق بەرەو دیکتاتۆری بڕوات میکانیزمێکیش کە دەیەوێت ڕێگە لە دیکتاتۆری بگرێت، بۆیە لێرەدا باسی لێوەدەکرێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هێشتا زەمینە لەبار نییە بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکان بە تەواوی یەکلابکرێنەوە و چوونی شاندی هەرێمی کوردستانیش لەم قۆناخە سوودێکی ئەوتۆی نابێت، سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستا لەنێو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق هەیە، پێوەندیمان بە میسال ئالوسی ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆتەوە، هەربۆیە کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان دوو ڕووی هەیە، ڕووی یەکەمیان تاکڕەوییە لە پیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە، ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ ئەو سیاسەتە کۆنەی عێراق کە گەلی عێراقی دووچاری نەهامەتی کرد و عێراقی دابەشکرد، ڕوویەکی پێویستە ڕاشکاوانە دەست بخەینە سەر برینەکان و بڵێین، بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و گرژییەی لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە دروستکراون، عێراق لەپرۆسەی دیموکراتی شکستی هێناوەو ڕاشکاوانەش دڵنیم بەردەوامبوونی حکومەت بەم شێوە شکستیەی ئێستای و بەردەوامبوونی گەندەڵی و بەردەوامی توندوتیژی و کوشتن، پێویستی بەهەڵوێستی جددی هاوپەیمانی کوردستانی و قەوارەسیاسەکانی دیکەوە هەیە و دەبێت لەم قۆناخە هەست بە بەرپرسیاریەتی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوەی بێ دەنگیی بەرامبەر ئەم بارودۆخە تاوانێکە بەرامبەر گەلی عێراق ئەنجامدەدرێت، بۆیە پەیامەکەم ڕوون و ڕاشکاوانەیە بۆ هاوپەیمانی کورستانی و لیستی ئەلعراقیە و هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، داوایان لێدەکەم هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ ئەکتیفکردنەوەی پرۆسەی دیموکراتی لە ڕێگەی حکومەتێکی کاراوە کە پابەند بێت بەدەستووری عێراقەوە).

بەڕێز ئالوسیی کە وەك سیاسەتمەدارێکی عێراقی ئاگاداری دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی و ڕێککەوتنی هەولێرە بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، دەستپێچشخەری سەرۆك بارزانی بە بونیادنانەوەی متمانەو پردی پێکگەیاندی لایەنە عێراقیەکان وەسف دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لەگەڵ ئەوەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانی لایەنەکان بگەیەنێتە ڕێککەوتن، بەڵام لایەنەکانی ڕێککەوتنەکەو بەتایبەتیش شەخسی سەرۆك وەزیران یارمەتیدەر نەبوون بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، لەم چوارچێوەیەدا و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان، ئالوسی وتی: (ئەوەی لەهەولێر کرا و ڕێککەوتنێکی لێ کەوتەوە بەناوی ڕێککەوتنی هەولێر، لای من یەك خاڵی سەرەکی تێدایە ئەویش کەسایەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، گومانی تێدانییە کەسایەتی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ هەموومان وەك سەرچاوەی متمانە سەیر دەکرێت، لەبەر

ئەوە هەموومان بەڕێز بارزانیمان بەو جۆرە ناسیوە کە کەسێکی ڕاستگۆ و پابەند و بەوەفایە و حەزی لەوەنییە کە شتێك ئیمزای لەسەر کرا پاشان خۆی لێ بدزنەوە یان پێوەی پابەند نەبن، بۆیە لەم ڕووەوە من دەڵێم ڕێککەوتنەکەی هەولێر پەیوەست بوو بە کەسایەتی مسعود بارزانی بۆ بونیادنانەوەی متمانە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، هەربۆیە ئەو ڕێککەوتنەشی کرا لەسەر بنەمای ئەو متمانە و پێشنیارانە کران کە بەڕێزیان بۆ چارەسەی کێشەکە ختیەڕوو، پاشانیش هەموو لایەنەکان پەسەندیان کردو ئیمزایان لەسەر کرد، بۆیە لەوانەیە و ئاساییش بێت خەڵکێك هەبێت تێبینی لەسەر ڕێککەوتنەکە یان میکانیزمی شێوازی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە هەبێت، بەڵام نابێت لە عێراقی نوێدا کەسێك هەبێت دژی مافەکانی گەلی کورد بێت لە عێراقدا، هەروەها نابێت کەسێك لە عێراقدا هەبێت گومانی لەوە هەبێت هەرێمی کوردستان جێگەی شانازی و بەردەوامی دەوڵەتی عێراقە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەنین یان تەنانەت بیر لەوەش بکرێتەوە بەرێگەی هێز مافی خەڵکی دیکە زەوت بکرێت، هەربۆیە ئەوەی بەوجۆرە بیربکاتەوە ستەمکار و شێتە، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دواکەوتنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێر، دیسان دەبێت ئاماژە بەوە بکەمەوە، هۆکاری جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە دیسان نەبوونی متمانەیە لەنێوان پێکهاتەکاندا، بەڕێز کاکە مسعود بارزانی توانی ببێتە سەرچاوەی دووبارە بونیادنانەوەی متمانە بۆ هەموو لایەنەکان و هەموانی لەژێر سێبەری متمانەی خۆی کۆکردەوە، بەڵام ئەوەی خراپ سوودی لەم کەشو هەوایە وەرگرت بەڕێز د.نوری مالیکی و لایەنگرانی لەبەغدا بوون، کە هەوڵیاندا ئیستغلالی ئەو هەلومەرجە لەبارە بکەن، لەبری ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە نیشتمانیە بکەنە بنەما بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی، فێڵیان لە ڕێککەوتنەکە کرد و بەتەواوی جێبەجێیان نەکرد، بەڕاشکاویی دەیڵێم، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە جێ بەجێ نەکرێت بەرپرسیار دەبین لە بەشێك لە تاوانەکانی شکستی ئەم حکومەتە).

ئالوسی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی باری ئێستای عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێگرتن لە کێشە ئەتنی و مەزهەبیەکان، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە هێشتا هەندێك هەن لەبەغدا بەتەواوەتی لەچەمکی دەوڵەت و حکومڕانی دەوڵەت و پێوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق تێنەگەیشتوون، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (هەندێك لەو سیاسەتمەدارانەی بەغدا هێشتا لەرووی سیاسییەوە سادە و کەمدەستن و هێشتا لە واتای دەوڵەتی عێراق تێنەگەیشتوون و نازانن دەوڵەتی عێراق بەبێ پێکهاتە سەرەکیەکانی هیچ بوونێکی نییە، فەرامۆشکردنی یەکێك لە پێکهاتەکان بەمانای فەرامۆشکردنی عێراقە و بەمانای نەمانی دەوڵەتی عێراق بۆیە لەم ڕووەوە من پێموایە:

١. نابێت حکومەتی ناوەندی یان سەرۆك وەزیران نەزعەی شەخسی خۆی لە دەرەوەی دەستوور لەسەر هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بسەپێنێت، ئەوجا ئەو پێکهاتەیە(کورد یان سونە یان شیعە) بێت.

٢. پێویستە حکومەتی ئێستای عێراق لەو ڕاستیە تێبگات کە ئەمە بەرهەمی پرۆسەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەیە، بۆیە دەبێت هۆشیار بێت لەوەی چەند زارەوەیەکی نادیموکراتیانە بەکار نەهێنێت و بوار بەخۆی نەدات بڵێت (فلان پێکهاتە نابێت حکوم بکات).

٣. هەر کەس و لایەنێك هەوڵبدات بە میکانیزمی هێز و شەڕ یان بەکارهێنانی



فیبی مارٍ بۆ گوڵان:

**یەکێک لە کێشەکانی حکومەتی ئێستا لە بەغدا بریتییە لە گروپچێتی، هەروەها گەندەڵی هەیەو لە هەمان کاتدا حکومەت ئەوەندە بەهێز نییە یاسا دەربکات و هەنگاو هەڵبگرێت و وڵاتەکەش بە گشتی دابەش بووە**



پێکهاتەکانی عێراق شەڕی ناوخۆیی لەنێوان پێکهاتەکان دروست بکاتەوە، دەبێت گەلی عێراق بزانێت ئەو کەسانە نابێت ڕێزیان لێبگیرێت و شایستەی ڕێزلێگرتن نین و دەبێت دووربخرێنەوە، من خۆم زۆرجار دەبینم بەدرێژایی ڕێگەی نێوان بەغدا- کەرکوک هێزێکی سەربازی گەورە بڵاوەی پێدەکرێت، پرسیار ئەوەیە بڵاوە پێکردنی ئەم هێزە گەورەیە بۆ نازانم ئەم نمایشکردنی هێزە چ مانایەك دەگەیەنێت، ئایا بەهۆی سەردانی بەرپرسێکی باڵایە بۆ ئەو شارە؟؟.

٤. عێراق بەبێ کوردەکان بوونی نییە، هەروەها بەبێ باشوور و یان ناوچەی ڕۆژئاوا یانیش مرۆڤی عێراقی بوونی نییە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت فێری ئەو لۆژیکە بێت ڕێز لەهەموو هاووڵاتیان و پێکهاتەکانی بگرێت)).

ئەوەی میسال ئالوسی ئاماژەی پێکرد هۆشدارییەکی گرنگە بەرامبەر بەوەی بوار نەدرێت عێراق بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆری، بۆیە هەرلەم چوارچێوە پرسیاریشمان لە موفید جەزائیری سیاسەتمەداری عێراقی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( طریق الشعب) کرد و لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی و وتی : (ئەوەی ئێستا لە بارودۆخی سیاسی عێراق دێتە بەرچاو مایەی گەشبینی نییە، ئەو رکابەرێتی و بەگژیەکدا چوونە ڕەنگدانەوەی سلبی هەیە لەسەر بارودۆخی سیاسی و گشتی ژیان و بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی ئەمنی وڵات هەیە کەوا خەریکە جارێکی دیکە بەرەو شڵەژانی دەچێت ئەویش بە دووبارە کەوتنە گەڕی گرویە تیرۆریستیەکان کە بارودۆخی نالەباری سیاسی وەك پشتگوێخستنی هەندێك لایەن و دەقۆزنەوە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان، ئەمەش بەهۆی نەبوونی سەقامگیرییە لە بارودۆخی سیاسی و قوڵبوونی گرفتە سیاسییەکان و قوڵبوون ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان کوتلە سیاسییەکانە، هەروەها بەهۆی پرەنسیپی موحاسەسەی تائیفەگەری و ئیتنی کە لایەنە دەسەڵاتدارەکان پێوەی پابەندن، ئەمانە هەموویان ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر واقعی وڵات و خەڵك و هێشتنەوەی وڵات بە ئیفلیجی، هەروەها هێشتنەوەی گرفتە زۆر گەورەکان لە هەموو بوارەکاندا بێ ئەوەی چارەسەر بکرێن، ئەمانە هەموویان کەشوهەوایەك دەخولقێنن کە ڕەنگدانەوەی شڵەژانە تەنانەت لە ئەنجوومەنی نوێنەرانیشدا و لە ئەنجامدا ناکۆکی و ئینشیقاق سەرهەڵ دەدات و پێکهێنانی کوتلەی نوێ یان پرۆژی پێکهێنانی کوتلەی سیاسی نوێ.)).




مفید جەزائیری بۆ گوڵان:

## ئەو بارودۆخە شڵەژاوە سیاسیەی ئێستای نێوان لایەنە سیاسیەکان کاریگەری سلبی لەسەر تەواوی پرۆسە سیاسیەکە دەبێت

## مارینا ئۆتاوای بۆگوڵان:

# ئەگەر مالیکی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان سنووردار بکات کورد بیر لە سەربەخۆیی دەکاتەوە



پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی ئامۆژگای بەناوبانگی کارینگی بۆ دیراساتی ستراتیژی لەسەر پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیموکراسی و تایبەتمەندە لەسەر بوارە Aکانی وەرچەرخانی سیاسی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداودا، هەروەها بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش شرۆڤەکار بووە لەسەر پێکهێنان و وەرچەرخانی سیستمی سیاسیی لە جیهاندا، خاتوو ئۆتاوای لەسەر بارودۆخی عێراقیش یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە لەسەر بونیادنانەوەی عێراق کاریکردووە و چەندین توێژینەوەی گرنگی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها نووسەری کتێبی (هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ی عێراق رێگە پیشاندەری سیاسەتی عێراقە)، ئەمەش مانای ئەوەی یەکێکە لەو پسپۆر و تایبەتمەندانەی هەتا ئێستا لەنزیکەوە لەسەر سیاسەتی عێراق کاردەکات، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسی ئێستای عێراق و ئەو کێشانەی ئێستا رووبەڕووی پرۆسەی سیاسی عێراق بۆتەوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای کرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.



**بە دڵنیاییەوە نوری مالیكی سەرۆك وەزیران مەیلی تاكڕەوی و خۆسەپاندنی هەیە. بەڵام كۆنترۆڵێكی تەواوی نییە**

*** دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق هەمیشە كێشەی سەرەكی بریتی بووە لە شكستی پرۆسە سیاسییەكە و بەردەوامبوونی ناكۆكییەكان لەنێوان پێكهاتە سەرەكییەكاندا، كە هێشتا ئەم ناكۆكیانە لە نێوان سوننە و شیعە و كوردەكاندا بەردەوامە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا عێراق بە یەكگرتوویی دەمێنێتەوە، ئەگەر پرۆسە سیاسییەكە سەركەوتوو نەبێت؟**

- من پێموانییە ئێمە لە لێواری پارچە پارچەبوونی عێراقدا بین، ئەوەی زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێدەكرێت ئەوەیە عێراق بەردەوام وەك وڵاتێكی ناسەقامگیر دەمێنێتەوە، من پێشبینی ناكەم كوردستان جیابێتەوە یان جارێ سەربەخۆیی بدات، تەنیا ئەو كاتە نەبێت كە مالیكی هەوڵی كەمكردنەوە و سنووردارکردنی دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان بدات، كە باوەڕم وانییە ئەمەش ڕووبدات. كەواتە بە شێوەیەكی گشتی من وای نابینم وڵاتەكە لەبەریەكهەڵبووەشێتەوە، بەڵكو تا دوا ڕادە بە ناسەقامگیری دەمێنێتەوە، چونكە حكومەت بێتوانایە لە چارەسەركردنی كێشە كۆمەڵایەتی و ئابوورییە جددیەكاندا.

*** لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە عێراق دەستوورێكی مودێرنی هەیە و دەبوو عێراق هەنگاوی بەرەو دیموكراسی هەڵبگرتایە كە دەستوورەكە لەسەر بنەما دیموكراتییەكان بونیادنراوە، بەڵام كێشەكە ئەوەیە حكومەتی عێراق دەستوور جێبەجێ ناكات، ئەمەش واتە وەك مەرەكەبی سەر كاغەز ماوەتەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر جێبەجێ نەكرێت ئایا دەستوورێكی نوێ یان دیموكراتی مانای چیە؟**

- ئەوە تەواو ڕاستە، بوونی دەستوور تەنیا هەنگاوی یەكەمە، كە دەبێت جێبەجێكردنی دەستووریش خواستی لەسەر بێت، عێراق وڵاتێكە ناكرێت بڵێین دیموكراتیە، بەڵام فرەییەكی زۆری تێدایە، لەبەر ئەوەی كەسێكی دیاریكراو یان گرووپێكی دیاریكراو و كراوە باڵادەست نییە بەسەر سیستەمە سیاسییەكەدا. بە دڵنیاییەوە سەرۆك وەزیران مالیكی مەیلی خۆسەپاندنی هەیە، بەڵام كۆنترۆڵێكی تەواوی نییە. پەرلەمان هاوبەشە لە دەسەڵاتەكانیدا و ناچارە دەسەڵات لەگەڵ گرووپە جیاوازەكاندا دابەش بكات، لەبەر ئەوەنا كە ئەمە خواستی ئەوە، بەڵكو لەبەر ئەوەی ئەمە ئەمری واقیعە، ئەو ناچارە دەسەڵات لەگەڵ ڕەوتی سەدردا دابەش بكات، دەسەڵات لەگەڵ هەندێ گرووپی سوننەدا دابەش بكات كە بەشێك نین لە هاوپەیمانێتیەكەی، ناچارە دەسەڵات دابەش بكات لەگەڵ سەرۆكی پەرلەماندا، كەواتە سیستەمەكە دیموكراتی نییە، بەڵام فرەییە.

**عێراق وەك وڵاتێكی تەواو ناسەقامگیر دەمێنێتەوە. كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا نابێتە هۆی ئەوەی عێراق لە ئایندەی نزیكدا پارچە پارچە بێت. بەڵكو وڵاتەكە بەسەردەمێكدا تێدەپەڕێت كە كوشتاری زیاتر و تیرۆری زیاتر بەخۆوە دەبینێت**

*** هێزەكانی ئەمریكا لە سەروبەندی كشانەوەدان، ئایا پێتوایە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا كە هێشتا عێراق لە بارودۆخێكی ئاڵۆزدایە ئایا عێراق دەتوانێت بێ پشتیوانی ئەمریكیەكان دووبارە بتوانێت ئیدارەی كاروبارەكانی خۆی بكات؟ ئایا لەم دۆخە ئاڵۆز و توندوتیژەدا ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- پێموایە عێراق وەك وڵاتێكی تەواو ناسەقامگیر دەمێنێتەوە، باوەڕم وانییە كشانەوەی ئەمریكا ببێتەهۆی ئەوەی عێراق لە ئایندەی نزیكدا پارچە پارچە بێت، بەڵكو وڵاتەكە بەسەردەمێكدا تێدەپەڕێت كە كوشتاری زیاتر و تیرۆری زیاتر بەخۆوە دەبینێت، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا سەركردەكانی وڵاتەكە دەتوانن پێكەوە



کۆببنەوە و بگەنە چارەسەرێك. لە ڕاستیدا لە ئێستادا بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی سەرکردە ناوخۆییەکاندایە.

*** پێشتر ناکۆکیەکی توند هەبوو لە نێوان سوننە و شیعەدا، ئێستاش چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو ماونەتەوە لە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی لەسەر کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، پێتوایە ئەمە سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆ لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا؟**

- من وای نابینم بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە ئان و ساتدا بێت، ڕەنگە ئەمە لە مەودای دووردا ڕووبدات، پێموایە کوردستانی سەربەخۆ لە ڕووی نێودەوڵەتی دووچاری دژواریەکی زۆر دەبێتەوە. پێموایە لەبەرژەوەندی کوردەکانە وەك بەشێك لە عێراق بمێننەوە و بەردەوامبن لە فشاردروستکردن لەسەر حکومەت، ڕەنگە هەندێ کردەوەی یەکلایەنە بکەن، وەك مۆرکردنی گرێبەستی نەوت و دەستبەسەرداگرتنی هەندێ ناوچەی دەوروبەری کەرکوك، بەڵام من پارچە پارچە بوونی وڵاتەکە نابینم بەم نزیکانە، من ناڵێم ئەمە هەرگیز ئیمکانی ئەوەی نییە ڕووبدات، بەڵام من باوەڕم وانییە لە مەودای نزیکدا شایەتی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی وڵاتەکە بدەین.

*** ئێستا کێشەی یاسای نەوت و غاز و دابەشکردنی داهاتەکان هەیە، کە حکومەتی عێراق پرۆژە یاسای نەوت و غازی پەسەند کردووە، کە ئەم یاسایە پێچەوانەی دەستووری عێراقە و پێشێلکردنی دەستوورە، ئایا تا چەند ئەم کێشەیە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی عێراق بەرەو دیموکراسی هەنگاو هەڵنەگرێت؟**

**بە شێوەیەکی گشتی من وای نابینم عێراق لەبەریەکهەڵبووەشێتەوە. بەڵکو تا دوا ڕادە بە ناسەقامگیری دەمێنێتەوە. چونکە حکومەت بێتوانایە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە جددیەکاندا!**

**وای نابینم مالیکی فشارێکی زۆر لەسەر کوردەکان بکات. لەبەر ئەوەی پشتیوانی کوردەکان زۆر گرنگە بۆ بەردەوام بوونی مالیکی لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا!**

- پێموایە ئەوە مەسەلەیەکی مەترسیدارە کە نەتوانراوە ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و بەردەوام وەك هۆکاری ناسەقامگیری دەمێنێتەوە، بەڵام من هێشتا ئەو بۆچوونەم هەیە کە ئەمە ڕاستەخۆ سەرناکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی و دابەشبوونی وڵاتەکە، بەڵکو گرژی و ئاڵۆزی بەردەوام دەبێت، وای نابینم مالیکی فشارێکی زۆر لەسەر کوردەکان بکات، لەبەر ئەوەی پشتیوانی کوردەکان زۆر گرنگە بۆ بەردەوامبوونی مالیکی لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا. هەرێمی کوردستانیش باش ئەوە ڕاستیە دەزانێت کە زۆربەی داهاتەکانی لە بەغداوە دێن، لەبەر ئەوە جیابوونەوە و سەربەخۆیی لە مەودای نزیکدا دووچاری دژواریەکی زۆری دەکاتەوە لە دۆزینەوەی بەدیل بۆ ئەو داهاتەی لە بەغداوە دێت، لەبەر ئەو هۆکارە ڕەنگە لەبری دابەشبوون چارەسەرێك بدۆزرێتەوە.

*** ئێمە دەزانین هێرشکردنەسەر سنوورەکانی عێراق لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە بەردەوامە کە حکومەتی عێراقیش ئەوەندە بەهێز نییە بتوانێت ئەو سنوورانە بپارێزێت، تا چ ڕادەیەك ئەمە دەستێوەردان و ڕۆڵبینینی ئەم دەوڵەتانە لە سیاسەت و کاروباری ناوخۆیی عێراق ئاسانتر دەکات و دەیانکاتە هۆکاری ناسەقامگیری وڵاتەکە؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا پێموانییە دەستێوەردانی دەرەکی هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری وڵاتەکە بێت، ئەوە ڕاستە کە دابەشبوونی عێراقیەکان لەنێو خۆیاندا دۆخێك دەخوڵقێنێت دەوڵەتەکانی دیکە بتوانن ئاسانتر لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندیەکانیاندا بن کە گونجاو نەبێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا.

# دەوڵەت لەئیسلامدا مەدەنییە نەک سیۆکراتی



عەبدولڕەحمان سدیق

ئەورووپا هەزار ساڵ لەتاریکی و لەسەردەمێکی پڕ جەورو ستەم ژیاوە بەدەســـتی دەسەڵاتێکەوە کە لەژێر پەردەی ئاین وپیاوانی کەنیســـەدا دژ بەڕۆشنفیکری کراوە ئەو (دە) سەدەیە لەسەدەی پێنجی زاینەوە دەست پێدەکات هەتاوەکو سەدەی پانزەی زاینی واتە (دە) سەدە یاخود هەزار ساڵ خەڵك، ڕۆشـــنفیکران، ڕۆشـــنبیران، ڕوناکبیران چەوسێنراونەتەوە، سووتێنراون، کتێبیان شاردۆتەوە، تەنانەت کوژراویشن لەژێر پەردەی ئاین و، بەهۆی دەسەڵاتێك کەخۆی بەخاوەنی ئاین زانیوە

لەم هەزار ســـاڵە یان (دە) ســـەدەیەی ماوەی حوکمڕانـــی پیاوانی ئاینـــی و دەوڵەتی دینی ســـیۆکراتی لەئەورووپای ســـەدەکانی ناوەڕاست، جۆرێك لە فەرمانڕەوایی هێنایەبوون کە دواتر بە دەوڵەتی دینی یان سیۆکراتی ناسرا.

زۆرن ئەو ڕوواڵەت و نیشـــانانەی کە دەوڵەتی دینی ســـیۆکراتی پێ دەناسرێتەوەو، جیاوازیشە لەدەوڵەتـــی مەدەنی کە ئیســـلام هێنایە بوون، لەوانە:

**یەکەم:**

گوتـــاری دەوڵەتـــی دینـــی ســـیۆکراتی، گوتارێکی ســـەرەوەیە بۆ چەسپاندنی حاکمیەت و دیکتاتۆرییەتـــی ئایینـــی، بـــەڵام گوتاری دەوڵەتـــی مەدەنی کەئیســـلام دایهێنا ئەوەیە کە ئیســـلام لەنێوان خەڵکدا حەکەمە، نەك بەســـەر خەڵکـــدا حاکم بێت، چونکە خوای گەورە خوای هەمووانـــە، پێغەمبەرەکەیشـــی (درودی خوای لەسەر) ڕەحمەتە بۆ هەمووان و، خوای گەورەش بەیەکسان تەماشاکردنی بۆ گشت مرۆڤەکان لە دنیادا، نـــاوی (حەکەم)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە نـــەك (حاکم)، چونکـــە هەمـــوو (حەکەم)ێك حاکمە، بەڵام مەرج نییە هەموو حاکمێك بتوانێت حەکەم بێت.

ئەمڕۆ جیهـــان و نیشـــتمان ئاتاجی ڕۆحی یەکســـانخوازی ئیسلام و، کەسانێکن کە پێگەی مرۆڤ و گەورەیی گشت مرۆڤەکان لە ئاوێنەی ئیسلامدا نیشـــانبدەن و، درەوشانەوەی ناوەکانی (الحکم) و (العدل) لە گوتار و ڕەفتاردا بەرجەستە بکەن، بۆیە خوای گـــەورە خەڵکانێکی بێباوەڕ لەنـــاو نابات ئەگەر (مصلح ) بـــن، هەرچەندە (مشرك) یش بن.

**دووەم:**

فەرمانڕەوا لە دەوڵەتی دینی سیۆکراتی پێی وایە شـــەرعیەت و باڵادەســـتی خۆی لە خواوە وەرگرتووە و نابێت کەس چاودێری بکات و، نابێت لـــە حوکم لاببرێت، بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا کە ئیسلام دایهێنا فەرمانڕەوا: هەڵبژێردراوە، مرۆڤە، هەڵە دەکات، مەعسووم نییە، چاودێریی کراوە،

**سێیەم:**

دەســـەڵات لە دەوڵەتی دینی ســـیۆکراتیدا، لەدەســـت پیاوانـــی ئایینیە و، خۆیـــان حوکم دەکەن، هەرچەندە کەمینـــەن لە چاو زۆرینەی خەڵکـــدا. بەڵام لەدەوڵەتـــی مەدەنیدا، ئوممەت کەزۆرینەیە حوکم دەکات لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانییەوە، شـــەریعەتیش کەسەرچاوەیەکی یاسادانانە، ســـەیرکردنی گشت لایەك و گشت مرۆڤەکانە بەیەکســـانیی، هەر لەبەر ئەمەشـــە ڕێســـا و یاســـاکانی خوای گەورە ناوی لێنراوە شەریعەت، چونکە وەکو ئیمامی (رازی ) دەڵێت: «شەریعەت لە وشەی (شـــرع)ـەوە هاتووە، واتە کاتێك دەڵێن: (الناس في هذا الامر شرع)، أي: (ســـواء )، وشەی (سواء ) واتە: وەك یەك» بۆیە شەریعەت یانی ئەو یاساو ڕێسایانەی کە هەموو خەڵك لە بەرامبەریاندا یەکسانن.

**چوارەم:**

دەوڵەتـــی ســـیۆکراتی دینـــی، دەوڵەتـــی حوکمەکانـــی خوایە ئەگەرچی ئـــەو حوکمانە لە لایەن مرۆڤی دەســـەڵاتداری ئـــەو دەوڵەتەوە

دەردەچن، بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا دەبێت مرۆڤی دەسەڵاتدار قسەی خۆی وەك قسەی مرۆڤ تەماشا بكات، تەنانەت ئەگەر تەفسیری قسەی خوای گەورەش بكات، یان فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) راڤە بكات، هەردەبێت بەناوی خۆی و بەقسەو لێكدانەوەی خۆی حیساب بكرێت نەك قسەكانی ئەو بكرێنە قسەی خواو پێغەمبەری خوا.

**پێنجەم:**

ئەو دەوڵەتە دەقەكان لەبەر رۆشنایی راڤە كۆنەكاندا راڤە دەكاتەوەو، گوێی لە بەرژەوەندیی مرۆڤەكان نییە، بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا كەئیسلام دایمەزراند، تێگەیشتن لە دەقەكان دەگۆڕێن چونكەدەقەكانی قورئان و فەرموودە لەوێدا گەورەن كە لەگەڵ گۆڕانی سێ كوچكەی: مرۆڤ، كات، شوێن، مانای گۆڕاو و جیاواز دەدەن بە دەستەوە، نوێكردنەوەش لەراستیدا مەبەستی گۆڕانە لە تێگەیشتنمان بۆ ئایین نەك گۆڕینی خودی ئایینەكە.

ئەمە جگە لەوەی كە قورئان رووبەرێكی یەكجار گەورەی بۆ ئەقڵ و ئیجتیهاد بەجێهێشتووە، چونكە لە كۆی هەموو ئایەتەكانی قورئانداو بەپێی ئاماری زانستیی تەنها (٨٪) لەسەدا هەشتی قورئان باسیی ئەحكامەكانەو، لە(٩٢٪) سەدا نەوەد و دوویشی بریتییە لە باسەكانی یەكتاپەرستیی و عیبادات و پایەكانی ئیمان و ئیسلام و پێوەندیی نێوان خودا و مرۆڤەكان.

**شەشەم:**

لەو دەوڵەتەدا سێكوچكەی فەرمانڕەوایی ئاوایە: (خوا – فەرمانڕەوا – خەڵك) بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا، سێكوچكەی فەرمانڕەوایی بەم شێوەیەیە( خوا – خەڵك – فەرمانڕەوا ).

واتە لەدەوڵەتی دینی سێكۆراتی حاكم خۆی بەنوێنەری خوا دەزانێت و، بەناوی خواوە قسە دەكات، بەوەش حوكمی خەڵك دەكات، بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا،حاكم خۆی بەنوێنەری خەڵك دەزانێت و، لەبەر رۆشنایی دەستوورێكدا كاردەكات كە هەمان ئەو خەڵكە پێی رازیی بوون.

**حەوتەم:**

ئەو دەوڵەتە خۆی بە تاكە نوێنەر دەزانێت لە تێگەیشتن و پیادەكردنی ئایندا. بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا، تێگەیشتنی هەر كەسێك بریتییە لە تێگەیشتنی خۆی لە ئایین و ناتوانێت فەرزی بكات بەسەر ئەوانی دیكەدا، چونكە بەپێی هاوكێشەیەك دەڵێین فیقە یەكسانە بەقورئان و سوننەت لێكدراوە لەگەڵ زەمان و مەكان لێكدراوە لەگەڵ كەسی فەقیە. واتە دەڵێین لەهەر زەمانێكدا قورئان و فەرموودە نایەتە گۆڕین وەكو خۆیەتی، بەڵام زەمان گۆڕا ومەكانیش گۆڕا فەقیهەكەش گۆڕا. ئەو ئەنجامەی دەستمان دەكەوێت دەگۆڕێ لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سونەت لەیەك زەمان و لەیەك مەكاندا.

**هەشتەم:**

لە دەوڵەتی سیۆكراتیدا سزاكانی سەرپێچیكردن قیامەتی دەهێنرێتە دنیا و لە دنیادا پیادەدەكرێن، بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا خودا خوای هەمووانەو جیاوازیی ناكرێت لە نێوان خەڵكدا لەسەر بنەمای ئایین، چونكە خودا لەدنیادا بەسیفەتی رەحمانیی بۆ هەمووانەو، لەقیامەتیشدا بەسیفەتی ڕەحیمی پاداشتیی باوەڕداران دەداتەوە.

**نۆیەم:**

لە دەوڵەتی دینیی سیۆكراتیدا، یەك جۆر ڕێگا وپیادەكردن بۆ ئامانجێك فەرز دەكرێت، بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا ڕێگاو میكانیزمەكان زۆرن و، گرنگ ئەوەیە بگەیتە ئەنجام و ئامانجێكی باش و چاك، بۆیە كاتێك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) وەفاتی كرد، هیچ ڕا سپاردەیەكی بەجێنەهێشت لەسەر ئەوەی لەدوای خۆی چۆن كەسێك هەڵبژێرن.

**دەهەم:**

لە دەوڵەتی سیۆكراتیدا حاكم تاكڕەوانە ڕەفتار دەكات و،پیرۆز كراوەو نازناوی پیرۆز لەخۆ دەنێت، بەجۆرێك خۆی دەخاتە سەرووی مرۆڤەكانی دیكەوە، بەڵام لەدەوڵەتی مەدەنیدا، حاكمیش وەك ئەوانی دی مرۆڤەو، مەعسووم نییەو هەڵەش دەكات و، هیچ پیرۆزییەكی نییەو، ناشبێت نازناوی گەورەو پیرۆزی لێبنرێت.

**یازدەهەم:**

دەوڵەتی دینی سیۆكراتیی دەسەڵاتەكان لای ناوەندێكی بچووك و بەهێز (كۆ)دەكاتەوە، بەڵام دەوڵەتی مەدەنیی دەسەڵاتەكان بەسەر زیاد لە ناوەندێكدا (دابەش) دەكات.

ئەمانەی ئاماژەمان پێكرد هەندێكن لەو جیاوازییانەی نێوان دەوڵەتی سیۆكراتیی دینیی - كەپیاوانی كەنیسە لەسەدەكانی ناوەڕاستدا دایانهێنا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان – و، دەوڵەتی مەدەنیی كە ئیسلام دایمەزراند بۆ بەرژەوەندی گشتیی.




# ئایا بەهاری عەرەبی.. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتە ئەوروپای دوای ڕووخانی دیواری بەرلین؟

**ئەو سـیناریۆیەی لەوڵاتانی عەرەبی زیاتر ئەگەری ڕوودانـی لێدەکرێت ئەوەیە، حکومڕانێتیەکە لە ڕواڵەتدا دیموکراسی بێت، بەڵام لە پشت پەردەوە جڵەوی دەسەڵات بە دەست سوپاوە بێت. هەروەها تا ڕاددەیەک هەمیشە هەندێ ئۆلیگارشـی هەن کە پێوەندییەکانیان لەسەر ئەساسی پێدانی ئیمیتیاز لەبەرامبەر دڵسۆزی و ئینتیما و گوشـارکردن و. تاد بەکاردەهێنن، ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازکردنی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە، ئەگەرچی لە وڵاتە پێشـکەوتووەکانی ئەم سەردەمەدا، هێشتا قسەکەی چەرچڵ دروستە کە دەڵێت: دیموکراسی لە هەموو شێوەکانی حکومەتە خراپەکانی دیکە باشـترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، پرۆسەی بە دیموکراتیکردن چەند ڕاستەقینە بێت، ئەوا هێشـتا مەترسـیەکی گەورە هەیە بەوەی ئەنجامەکەی ببێتە مایەی نائومێدی، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی ئابووریەکانیان بەردەوام لە داڕوخاندایە).**

**گەلن پیری بۆ گوڵان**

ئەگەر پرۆسـەی گلاسنۆسـتی میخائیل گۆرباتشۆف سـەرەتایەك بوویێت بۆ ڕووخانی دیـواری بەرلیـن و هەڵوەشـانەوەی یەکێتی سـۆڤیەتی پێشـان، ئەوا بەهـاری عەرەبی سـەرەتاکەی لە زستانی تونسەوە و لە ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی سـاڵی ٢٠١٠ـەوە بە خۆسـووتاندنی بوعەزیزیە دەسـت پێدەکات، هەربۆیە ئەگەر هـۆکاری گۆڕانکارییەکانی ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپا گەندەڵی و سـەپاندنی حکومڕانـی دیکتاتـۆری پارتـە کۆمونیسـتەکانی دەوڵەتانی سـەر بەبلۆکی سۆشیالیستی پێشـان بوویێت، ئەوا هەمـان هۆکاریش هـۆکاری دەسـپێکردنی گۆڕانکارییەکانـی وڵاتانـی عەرەبی بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، بەهەمان شـێوە ئەگەر توندوتیژی یەکێك لە دەرهاویشتەکانی گۆڕانکارییەکانـی بەهاری وڵاتانی عەرەبی بێـت، ئەوا لەیادمانە پرۆسـەی ژینۆسـاید و کۆمەڵکوژییەکانی بۆسـنە و هەرسـك و کۆسـۆڤۆ و چیچانیش دەرهاویشـتەی ئەو گۆڕانکارییەبوون کە ڕووخانی دیوای بەرلین و هەڵوەشـانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی بەدوای خۆیدا هێنا، خاڵی جیاواز و سـەرەکی لەنێوان ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت ئەوەیە، وێڕای ئەوەی هەندێك لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لەسـەر کێشـەی ئیتنی توندوتیژی سەری هەڵدا، بەڵام ئایدلۆژیەتێکی دیکـەی هاوشـێوەی ئایدلۆژیەتی پێشـان نەبوو کە ئاسـتەنگ بێت لەبـەردەم کرانەوە و دیموکراسـی، بۆیە لەو وڵاتانە بە پێچەوانەی دەوڵەتانـی عەرەبـی دوای هەڵوەشـانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، دەرگاکان هەموویان بەڕووی دیموکراتی واڵا کران، ئەمە بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەشی لەهەندێك وڵات پرۆسەکە وەك پێویست نەچووە پێشەوە، بەڵام لە دەوڵەتانی ئەورووپای ناوەڕاست بۆ نموونە وەك سلۆفاکیا و کۆماری چیك و پۆڵەندا و بولگاریا و سلۆفینیا ...تاد، لەماوەیەکی زۆر کورتدا قۆناخی ئینتیقالییان بە شـێوەیەك تێپەڕاند کە شایسـتەی ئەوەبن لە یانـەی ئەوروپادا هاوشـانی دیموکراتیە دێرینەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ئەندام بن، ئەم لایەنە کە پێناچێت لەهیچ وڵاتێکی عەرەبیدا بوونی هەبێت بەتونسیشەوە کە لەڕووی بونیادی ژێرخانی ڕۆشـنبیری لـە وڵاتانی دیکەی عەرەبی لەپێشـترە، هەربۆیە ئەوەی لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە بۆ بەشـی زۆری دەوڵەتانی ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا پێشـبینی دەکرا، زەحمەتە بەهەمان شـێوە بۆ وڵاتانـی عەرەبی مەزندە بکرێت و لەوانەیە لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە پرۆسەی دیموکراتی بەشێوەی سندوقی دەنگدان و دەنگدانی ئازاد دەسـت پێبکات، بەڵام ئەوەی بەدوور دەزانرێت ئەوەیـە کە ئـەو دەنگانە ببنـە هۆکارێك بۆ بونیادی دیموکراتی، ئەو ئاستەنگانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسـەی بونیادی دیموکراتی لەوڵاتانی عەرەبیدا بەپێی بۆچوونی زۆربەی پسپۆران و چاودێرانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دەکرێـت بەچەند خاڵێـك چڕیان بکەینەوە:

* ئـەو گۆڕانکارییانەی بەهاری عەرەبی تا ئێسـتا تەنیا ئەو وڵاتانـەی گرتۆتەوە کە سیستمی حکومڕانیان کۆماریی-یە، هەتا ئێستا



**گەلن پیری بۆ گوڵان:**

**ئەوەی مەزندە دەکرێت بۆ وڵاتانی عەرەبی ئەوەیە دیموکراتی تەنیا ڕواڵەت بێت و دەسەڵاتی سەرەکی لە پشتی پەردەوە بەدەستی سوپاوە بێت**

مەملکەت و میرنشینەکانی نەگرتۆتەوە(بێجگە لەبەحرێن کە ئەویش ڕاپەڕینی مەزهەبی شیعە بـوو کۆنترۆڵ کرا) ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو سەرکردانەی گۆڕدراون هەموویان نوێنەرایەتی ئەو سیستمە سیاسـییانەیان کردووە کە دوای ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالی هاتوونە سـەرحکوم، بە حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسریشەوە کە دوای ناسر و سـادات بۆتە سەرۆك کۆماری میسـر، بەڵام سیسـتمی حکومڕانی میسر درێژپێـدەری هەمان سیسـتەم بـووە کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو جەمال عەبدولناسر دایمەزراندووە.

* بەدرێژایی ٦٠ سـاڵی ڕابردوو و لەبەر ئەوەی کێشـەی فەلەسـتین و ئیسرائیل وەك کێشـەیەکی عەرەبی سـەیرکراوە و دەوڵەتانی ڕۆژئـاوا بەگشـتی و ئەمریکا پشـتگیری ئیسـرائیلیان کردووە، هەموو کات دەوڵەتانی عەرەبـی لە سیاسـەتی ئاشـکرای خۆیاندا جەماوەری خۆیـان دژی ئەمریکا و ڕۆژئاوا هانداوە، ئەمە سیسـتمە پادشایەکانی سعودیە و ئوردن و مەغریـب و هەروەها بە دەوڵەتانی میرنشینی کەنداویشـەوە، بەتایبەتیش میسر لەسـەردەمی جەمـال عەبدولناسـر لەدوای سـەرکەوتنی لەشـەڕی نۆکەندی سویس لە ساڵی ١٩٥٦ هەتا نەکسەی ١٩٦٧ و هەتا ئەو ڕۆژەشـی کۆچی دوایی کرد خۆی لەبەرەی یەکێتی سـۆڤیەت بینیویەتـەوەو پاش ئەوەی سادات ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیسرائیل مۆرکرد و تیرۆر کرا، ڕای گشتی عەرەبی زیاتر دژی ئەمریکا و ئیسرائیل دەرکەوتووە، هەربۆیە ئەم ئاراستەی سیاسەت دژی ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەمـوو کات بۆ وڵاتانـی عەرەبی بەو جۆرە دیموکراتـی وەك داهێنراوێکـی ڕۆژئاوایی لەلایـەن هاووڵاتیانـەوە سـەیر بکرێت، ئەم تێڕوانینە لەسـەر دوو ئاست سوودی هەبووە، لەلایەك هۆکارێك بووە بۆ مانەوەی ڕژێمەکان، لەلایەکی دیکەش ئۆپۆزسـیۆنی دەسەڵاتیش لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامی سیاسی بووە، ئەوانیش هێندەی دیکە خەڵکیان هانداوە کە لەدیموکراتی دوور بکەونەوە، لێرەوە ئەگەر نەخشەی سیاسیی جیهانی دوای ڕووخانی

دیواری بەرلین بدەین، دەبینین دوای ڕووخانی دیواری بەرلین دیموکراتی هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەی گرتەوە، بەڵام بەدرێژایی سنوور لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیەوە تا دەگاتە کەنداو هیچ کام لەدەوڵەتانی عەرەبی نەگرتەوە.

*مەترسییەکی سەرەکی کە شێوازی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەرەو هەورازو سەختی دەباتەوە ئەوەیە کە ئەو ڕژێمانەی ماون ئامادەنین بەشێوازی ئاشتیانەو لەناکامی گوشاری جەماوەری دەسەڵات چۆڵبکەن، ڕیچارد هاس وتەنی ئەگەر بەشێوازی ئاشتیانە یان بەرێگەی بەکارهێنانی هێز دەسەڵاتیان برووخێنرێت یەك چارەنووسیان دەبێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا نموونەی حوسنی موبارەك وەربگرین و لەگەڵ موعەممەر قەزافی بەراوردی بکەین، دەبینین هەتا ئێستاش چارەنووسی قەزافی لە چارەنووسی موبارەك باشترە، هەربۆیە ئەو ڕقی تۆڵەسەندنەوەیەو نەبوونی ڕەگ و ریشەی لێبوردەیی بۆتە کار و کاردانەوە و چەند شەقام توندتر بێت ڕژێمەکان توندتر دەبێت، باری ئێستای سوریا بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ خۆپیشاندەران ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەکات.

### بونیادی دیموکراتی
### پێویستی بەبونیادی کەلتوری لێبوردەییە

ئەوەی ئێستا لەوڵاتانی عەرەبی دەیبینین جۆرێکە لەکار و کاردانەوە، نە ئەوەیە خەڵك بەشێوەیەکی ئاشتیانە و بەرێگەی دیالۆگ هەوڵبدات کێشەکانی چارەسەر بکات و دەست بکات بەپرۆسەی گۆڕانکاری، نە ئەوەشە کە ڕژێمەکان ئامادەبن گوێ لەخواستی هاووڵاتیانیان ڕابگرن و پرۆسەی ریفۆرمێکی سەرتاسەری دەست پێبکەن، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەلتورێکی لێبوردەیی کە بتوانن واز لەرابردوو بهێنن و هەنگاو بۆ ژیانێکی تازە هەڵبگرن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر گەلن پێری ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئیندیانا و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر سیاسەت و دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (ئەم کێشەیە تەنیا لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا بەو جۆرە نەبووە. ئەگەر بە قووڵی بڕوانین، ئەوا باوەڕم وانییە ئەم وڵاتانە خوێنڕێژی و توندوتیژیەکی زیاتریان بەخۆوە بینیبێت بە بەراورد بە کۆمەڵگەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە ڕاستە کە ئەو وەرچەرخانە ئاشتیەی ئەم دواییە بەرەو دیموکراسی دەستی پێکرد، ڕەوتێکی هیستیری هەبوو لە جیهانی عەرەبیدا بە بەراورد بە زۆربەی بەشەکانی دیکەی جیهان. بە بەراورد بەو وڵاتانەی هەمان ئاستی پێشکەوتنی ئابووریان هەیە، ئەوا ئەمە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا جێبەجێ نابێت. بەلای کەمەوە، یەکێك لە توێژەران، بارینگۆتن موور، بەڵگەی جددی و چڕ دەهێنێتەوە بۆ لێکدانەوەکەی کە هەمیشە دیموکراسی دوای ڕوودانی توندوتیژی هاتووە. من هیوادارم ئەو هەڵەبێت، هەروەها ئاماژەگەلێك هەن- هەروەك ئێوە دەزانن- کە وەرچەرخانی ئاشتیانە لە هەندێ بەشی جیهانی عەرەبیدا سەرکەوتوو بووە(ئەگەرچی من دڵنیانیم لەوەی ئەمە ڕوویدات، با بڵێین لە میسردا). چەند فاکتەرێکی تایبەت هەن لە جیهانی عەرەبیدا کە دەبنەهۆی دژواربوونی هاتنەدی دیموکراسی. یەکێك لەو هۆکارانە بریتییە لە بوونی فرەییەکی ئیتنی، تائیفی، ئاینی و عەلمانی، هەستێکی پان-ئیتنی کە بە ئەندازەی جیاواز لە شوێن و کاتی جیاوازدا



بالیۆز ئیداوارد گونێم بۆ گوڵان:

**ئەوەی دەبێتەهۆی پتەوکردنی دیموکراسی، پتەوکردنی کۆمەڵگەی کراوە و دانپێدانانە بە مافی تاکەکەسدا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە لەوڵاتانی عەرەبی بوونی نییە**

هاتونەتەپێشەوە، ئەگەرچی زەحمەتە بڵێین کە ئەم کێشەیە لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا خراپترە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چەندین هۆکاری دیکە هەن کە ڕێگرن لە دیموکراسی (زەحمەتە هیچ یەکێك لەم هۆکارانە تەنیا پەیوەست بێت بە ناوچەکەوە)، ئەوا من باوەڕم وایە دەستێوەردانی دەرەکی هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە لە زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا( یەکێك لە توێژەران باس لەوە دەکات دەستێوەردانی دەرەکی زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات). ئەمەش لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی نەوت، لە بەشێکیدا بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە هەڵکەوتەیەکی دەگمەنە و کردویەتیە ناوچەیەکی گرنگ بۆ پێوەندی جیهانی، هەروەها لە بەشێکیدا پەیوەستە بە بوونی ئیسرائیلەوە (کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرجەستەی دەستێوەردانی ئەوروپا دەکات، ئەمە جگە لە بوونی لۆبی ئیسرائیلی لە ئەمریکا). هێزە جیهانیەکان (لەنێویاندا ئەمریکا لەم ڕۆژگارەی ئێستادا) وەك هاوپەیمان پشتیان بە لایەنە مەحەلیەکان بەستووە، هەروەها تاوەکو عەرەب و موسڵمانەکان توڕەبن لە پشتیوانی نادادپەروەرانە بۆ ئیسرائیل، ئەوا ئەمریکا (ئەگەر باسی ئیسرائیل نەکەین) ترسی هەیە لە هاتنەدارای دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا، ئەگەرچی بە بەردەوام خیتابێکی پێچەوانەی هەیە و هەرچەندە ڕەنگە زۆرێك لە سەرکردەکان قەناعەتیان بە خیتابەکەی خۆیان هەبێت. هەروەها چەندین مەترسی دیکە هەیە، ڕەنگە پارتێك بە تەنیا- لەم هەل و مەرجەدا، بۆی هەیە پارتێکی ئایینی بێت—بتوانێت لەرێی هەڵبژاردنەوە کۆنترۆڵی تەواو بەدەست بهێنێت، ئەگەرچی من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە هاوپەیمانێتی بەپەلە لە هەندێ لەو وڵاتانەدا پێکبهێنرێت (کە دەبنەهۆی لاوازکردنی دیموکراسی بەوەی ئامادەنابن تاوەکو بەشێوەیەکی کارا حکومڕانێتی بکەن)، بەڵام ئەو سیناریۆیەی زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێدەکرێت ئەوەیە حکومڕانێتییەکە لە ڕواڵەتدا دیموکراسی بێت، بەڵام لە پشت پەردەوە جڵەوی دەسەڵات بە دەست سوپاوە بێت. هەروەها تا ڕادەیەك هەمیشە هەندێ ئۆلیگارشی هەن کە پێوەندیەکانیان لەسەر ئەساسی پێدانی ئیمتیاز لەبەرامبەر دڵسۆزی و ئینتیما و گوشارکردن و. تاد، کە ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازکردنی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە (ئەگەرچی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەم ڕۆژگارەدا، هێشتا قسەکەی چەرچڵ دروستە کە دیموکراسی لە هەموو جۆرە حکومەتە خراپەکانی دیکە باشترە). لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی بە دیموکراتیکردن چەند ڕاستەقینە بێت، ئەوا هێشتا مەترسیەکی گەورە هەیە بەوەی ئەنجامەکەی ببێتە مایەی نائومێدی (بە تایبەتی لەو وڵاتانەی ئابووریەکانیان بەردەوام لە داڕووخاندایە. هەربۆیە ئەگەر لێرەوە باسی لێبوردەیی بکەین، ئەوا وەك تێگەیشتم ئێوە باس لە پرسگەلێکی جیاوازی وەك «پێکەوەژیان» و «لێبوردەیی» لە لایەك و لەلایەکی دیکە باس لە «جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت» دەکەن. من حەز بە باسکردنی هەردوو ئەم پرسە دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەمیشە پێویست بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بکات بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوەژیان و لێبوردەیی بەدەست بهێنین. ئەگەرچی ڕەنگە ئەمەی دواییان گونجاو بێت بۆ یەکەمیان، بەڵام ڕەنگە ئەمە

حاڵەتەکە نەبێت لە جیهانی ئیسلامیدا، کە سەپاندنی جیاکردنەوەی تەواوی ئایین لە دەوڵەت (یاخود تەنانەت خراپتر، کە ئەویش مۆدیلی کەمالیستیە کە دەوڵەت کۆنترۆڵی ئایین دەکات) بە شێوەیەکی گشتی زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت. سەرنجی ئەوە بدەن کە تەنانەت لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا دەوڵەت هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئایینی داوە)).

پرۆ فیسۆر پیری لەگەڵ ئەوەی جۆرە بەراوردێکی بە ئاستی توندوتیژی لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئاماژە پێکرد، بەڵام لەهەمانکاتدا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە بونیادی دیموکراتی بەشێوەیەك لە شێوەکان لەبەرژەوەندی ئەمریکاشدا نییە، بۆیە کە ساڵانێکی کە بۆ نزیکەی نیوسەدە دەچێت ئەمریکا رۆڵی کاریگەری لەناوچەکەدا هەیە و ئێستاش بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ پرۆسەیەکی سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی یەکنەگرێتەوە، ئەوا ناتوانرێت بەسەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی گەشبین بین، لەم لایەنەوە پرسیارمان لە باڵیۆز ئیدوار گوێنم کرد کە ئێستا بەرێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە لە زانکۆی ئیللۆت و هەروەها تاساڵی ٢٠٠٤ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لەئەردەن، لەمبارەوە لەوەڵامی پرسیارەکەماندا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (لە راستیدا شوێن هەبووە بێ توندوتیژی گۆرانکاری تێیدا روویداوە. بۆیە پێموایە ئەگەرچی ئێمە خۆپیشاندانی بەردەوام دەبینین لە میسر، بەڵام راستی مەسەلەکە ئەوەیە ئەمە جوڵانەوەیەکی ئاشتیانە، خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە بوو بۆ هێنانەدی گۆرانکاری. شوێنی دیکە هەبووە دووچاری دژواری بۆتەوە، کە بە داخەوە سەرکوتکاری لەلایەن حکومەتەوە مومارەسە کراوە، کە دیکتاتۆرێك لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتدا خەڵکی بە ئاراستەی توندوتیژی بردووە. تەنانەت لە سوریاشدا چەندین خۆپیشاندەر مشتومڕ لە بارەی پەنابردنەبەر توندوتیژی و چەکەوە دەکەن و هەوڵدەدەن موعارەزەکە وەك موعارەزەیەکی ئاشتیانە بمێنێتەوە، ئەمە ئەگەرچی حکومەت کاردانەوەی توندوتیژانەی هەبووە. کەواتە هەر وڵاتێك جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام باوەرم وایە هەندێ گۆرانکاری لە ناوچەکەدا بێ توندوتیژی روویداوە. بەڵام وێرای هەموو ئەمانەش ئەوەی دەبێتەهۆی پتەوکردنی دیموکراسی، پتەوکردنی کۆمەڵگەی کراوە ئەوەیە، هەموو لایەك بە زۆرینە و کەمینەوە ئەو حەقیقەتە قبوڵ بکەن کە هەموو کەسێك مافی تاکەکەسی هەیە، هەروەك ئێمە لە ئەمەریکا دەڵێین ئەو مافانەی ناکرێت دەستیان لێهەڵگیرێت و سیستمەکە هەموو تاکێك بپارێزێت، ئەمە تاکە رێگەی سەرکەوتن و هێشتنەوەی وڵاتەکەیە بە یەکگرتویی و ئەمەش تاکە رێگەیە بۆ پاراستنی- هەندێك دەڵێن کەمینە- بەڵام من دەڵێم تاکەکەس، چونکە تەنانەت لە ناو زۆرینەشدا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا غائیبە و دەکرێت بێ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئاییندا ئەمە جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی کەسە ئایینپەروەرەکانیش خواستی ئەوەیان هەیە بە هەمان شێوە دەوڵەت ئەوانیش بپارێزێت)).

## وڵاتانی عەرەبی تورکیا و ئەندەنوسیا نین

کێشەی سەرەکی وڵاتانی عەرەبی ئەوەیە کە دواکەوتنی ئەو وڵاتانە لە پرۆسە بونیادی دیموکراتی گرێدەدەنەوە بە وڵاتانی ئیسلامیەوە، ئەمە لەکاتێکدا مەرج نییە هەر




**تۆماس ئەمبرۆسۆی بۆ گوڵان:**

**ئەگەر هەندێ نەریتی ئاینی دیاری کراوی وڵاتانی عەرەبی لە بەرچاوبگرین، بە دەگمەن حاڵەتێکی تەواو دەبینین کە بتوانرێت بکرێتە بنەماو کۆمەڵگەیەکی لیبراڵی راستەقینە بنیاتبنرێت**

دەوڵەتێك ئیسلام بوو ئیدی بەهاوشێوەی دەوڵەتانی عەرەبی دیموکراتی وەك کاڵایەکی داهێنراوی رۆژئاوایی سەیر بکات، یان بەو جۆرە سەیر بکرێت کە هەموو جیهان دوژمنی دەوڵەتانی ئیسلامییە، زۆربەی تۆژەرانی بواری دیموکراتی بەتایبەتی دوای شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی سەریان لەوە سوڕماوە بۆچی باهۆزی دیموکراتی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی غەیرە عەرەبی گرتەوە بەڵام ئەم باهۆزە وڵاتانی عەرەبی نەگرتەوە؟ ئێستاش کە ئەم گۆرانکاریانە هاتوونە پێشێ دیسان مەزندەی ئەوە ناکرێت کە بتوانرێت لەجێی رژێمە دیکتاتۆریە رووخاوەکان سیستمێکی دیموکراتی لیبرالی دابمەزرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی نۆرس داکۆتا و تایبەتمەند لەسەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست کردو لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی : (ئەوە زۆر زۆر زەحمەتە، هەروەك لە چەندین حاڵەتدا بینیومانە، لە ئێستادا پێنج حاڵەت هەیە لەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەب، تاکە حاڵەتێك کە بەشێوەیەکی رێژەی ئاشتیانە بوو بریتی بوو لە تونس، راستە لە میسردا ئاشتیانە بوو، بەڵام ئەوە شۆڕش نەبوو لەبەر ئەوەی هێشتا بە ئەندازەیەکی گەورە سوپا جڵەوی دەسەڵاتی لەدەستە. لە شوێنەکانی دیکەدا توندوتیژی روویدا، لە یەمەن، لە سوریا بەردەوامە و هەروەها لە لیبیا، کەواتە دۆخەکە دوا راددە دژوارە. کە دەبێت لە کۆتاییدا خەڵك بریاری ئەوە بدەن کە ئەوان دەیانەوێت کۆمەڵگەکەیان باشتر بکەن، نەك هەوڵی ئەوە بدەن ئۆباڵی کێشەکانیان بخەنە ئەستۆی هێزێکی دەرەکی. بە دیاریکراوی هەوڵبدەن بیخەنە ئەستۆی ئیسرائیل یان رۆژئاوا. کێشەکە ئەوەیە ئەگەر تۆ بتوانیت حکومەت بروخێنیت، ئایا دەتوانێت حکومەتێکی لیبراڵ دیموکراسی لە بری ئەو دابمەزرێنیت. رەنگە ئەم دەرئەنجامەی لێنەکەوێتەوە، هەروەك لە حاڵەتی میسردا بینیومانە، کە موبارەك لە دەسەڵات دوورخراوەتەوە، بەڵام هێشتا بە راستی گۆرانکاری روونەداوە. هەروەها حاڵەتێکی دیکەش هەیە کە بۆ وڵاتی عەرەبی دیسان زەحمەتە ئەویش مەسەلەی جیاکردنەوەی ئایینە لەدەوڵەت، بە تایبەتی ئەگەر هەندێ نەریتی ئایینی دیاری کراوی وڵاتانی عەرەبی لە بەرچاوبگرین، کە مێژوویەکی دووروودرێژی جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەتی نییە، ئەگەر سەیری کەلتوری ئیسلامیش بکەین، بەو شێوەیە ئەو جیاکردنەوەیە نابینین. لە هەندێ شوێنی دیکەدا ئەم جیاکردنەوەیان بینیوە، وەك ئەندەنوسیا، هەروەها تورکیا، کەواتە سەرمەشقەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نییە، ئەوەی ئاشکرایە ئەندەنوسیا زۆر دوورە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە. کەواتە بە دەگمەن حاڵەتێکی تەواو دەبینین لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە لەسەر ئەساسی ئەوە بتوانرێت کۆمەڵگەیەکی لیبراڵی راستەقینە بنیات بنرێت. ئەمەش وا دەکات هەنگاو هەڵگرتنی ئەو کۆمەڵگەیانە بە ئاراستەی ئەو ئامانجانە زۆر زەحمەت بێت لە غیابی ئەو ئەساسەدا. ئەم رەشبینییەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوەی ئێستا تۆ میراتگری دەیەها ساڵی حوکمرانی سەرکردە خۆسەپێنەکانی، کە بۆ دریژەدان بە دەسەڵاتەکانیان و لادانی سەرنجی دانیشتووانەکەیان لەسەر کێشە راستەقینەکان

مەسەلەی ناسنامە و مەسەلەی هەستی دژە ڕۆژئاواییان بەکارهێناوە. من شتێکم خوێندۆتەوە دەربارەی ئەوەی چۆن حکومەتی میسر ئەم مەسەلەیەی بۆ بردنەوەی شەڕەکەی لە دژی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣ بەکارهێناوە، هەروەها دەیاها ساڵە ئەم حکومەتانە زانیاری چەواشە بڵاودەکەنەوە، قوتابخانەکان پڕن لەم جۆرە زانیاریانە و تا دوا ئەندازە زەحمەتە بتوانیت ئەو جۆرە هزر و عەقڵیەتانە بگۆڕیت. ئومێدەوارم بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و موتابەعەکردنی تەلەفزیۆن یارمەتیدەر بن لە گۆڕینی ئەو تێڕوانینانەدا، بەڵام هەروەك دەزانین گۆڕانی تێڕوانینەکان زۆر زۆر لەسەرخۆیە و من پێشبینی ئەوە ناکەم ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوووبدات. لە ئێستادا تەرکیزێکی ناوخۆیی زیاتر هەیە لەسەر کێشەکە، موعارەزەمان هەیە



## شاوۆل گابای بۆ گوڵان:

**ئەو دیموکراسیەتەی ئێوە توانیوتانە لە هەرێمی کوردستان بونیادی بنێن حاڵەتێکی نموونەیی یەو لەوڵاتانی عەرەبی دووبارە نابێتەوە**

کە دژی حکومەتەکە نارەزایی دەردەبڕێت و تەرکیزێکی کەمتر هەیە لەسەر ئەوەی ئۆباڵی کێشەکان بخرێنە ئەستۆی دەرەوە. پێم وایە ئەمەش ورد ورده دەگۆڕدرێت، کاتێك خەڵکەکە لە گۆڕانکارییەکە نائومێد دەبن، هەروەك ئەوەی لە میسردا بینیمان، کە هێرشیان کردە سەر باڵیوزخانەی ئیسرائیل. من قەناعەتم نییە ئەو پرۆسەیە بە خێرایی ڕوودات لە زۆربەی شوێنەکاندا، پێم وایە لە کوردستاندا عەقڵیەت و تێڕوانینێکی زۆر زۆر جیاواز هەیە کە هەستی دژە ڕۆژئاوایی نییە. بەڵام لە زۆربەی بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم هەستە هەیە. تەنانەت لە تورکیاشدا ئەمە دەبینیت. لەبەرامبەردا ئێستاش ڕۆژئاوا لە دۆخێکی دژواردایە، لەلایەك دەیەوێت پشتگیری لە دیموکراسی و هەڵبژاردن بکات، لەلایەکی دیکە چیی دەبێت ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانە بوونەهۆی بردنەوەی حکومەتێك کە دۆستی ڕۆژئاوا نییە، کە لیبراڵ دیموکرات نییە و کە زیاتر دژە ئیسرائیلە. لە ڕاستیدا ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە کە ئەگەری ڕوودانی دەکرێت، بۆ نموونە ڕۆژئاوا هەڵبژاردنی ویست لە فەلەستین، بەڵام حەماس هاتە سەر دەسەڵات، کەواتە ڕۆژئاوا لە دۆخێکی دژواردایە)).

### هەناردەکردنی کێشەکان بۆ دەرەوە

زۆر لەمێژە وڵاتانی عەرەبی کاتێك دوچاری کێشەی ناوخۆیی دەبنەوە هەوڵدەدەن لەسەر دەرەوە کێشەیەك دروست بکەن و کێشەکانیان هەناردەی دەرەوە بکەنەوە، بەتایبەتیش کە ئێستا هەست دەکرێت لەمیسر هەڵدەکوترێتە سەر باڵوێزخانەی ئیسرائیل و هەروەها هەروەها ئەمریکا هەڕەشەی داخستنی نووسینگەی دەسەڵاتی فەلەستین لە واشنتۆن دەکات، ئەگەر دەسەڵاتی فەلەستینی داوای ئەندامیەتی تەواو لەنەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها بۆ ئێستای سوریا کە بەفەرمی لەشەڕدایە لەگەڵ ئیسرائیل، تێکچوونی باردۆخەکە خزمەتێکی گەورەی مانەوەی ڕژێمی ئەسەد دەکات، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر شاوۆل گابای ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی دینڤەر و شرۆڤەوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەبارەت بەم لایەنە کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئەگەر بێت و «ئیخوانی موسلمین» لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی «میسر» بگەنە دەسەڵات ئەوکات لەبری ئەوەی بە ڕێگەچارەی دیموکراسی دیموکراسییەت بونیادبنرێت، دەبینین دیکتاتۆرێکی دیکە سەرهەڵدەدات هاوشێوە لەگەڵ ئەوەی کە لە «ئەڵمانیا» ڕوویدا، ڕژێمی «نازی» بە هەڵبژاردنەکان گەیشتە دەسەڵات بەڵام دوایی ڕژێمێکی تۆتالیتاریی دامەزراند، ئەمە بەڕاستی هەڕەشەیەکی زۆر ترسناکە و ئەگەری ڕوودانی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە و وێڕای سرووشتی ژێرخانە کۆمەڵاتییەکەی هەر یەك لەو وڵاتانە، بۆیە زەحمەتە بیخەملێنین ڕوودانی ئەم شتە تاکەی درێژە دەکێشێت، تەنانەت گەر میکانیزمی سیاسی و داد-یش بوونی هەبێت بۆ ڕێگەگرتن لە پارتە سیاسییەکان بۆ گۆڕینی سیستەمەکان بۆ دیکتاتۆرییەت ئەوە هەر ناتوانرێت ڕێگە لە پارتە سیاسییەکان بگیرێت بۆ دامەزراندنی ڕژێمی دیکتاتۆر، بۆیە خەملاندنی ئەم شتە زۆر زەحمەتە و هاوکات ئەمە مەترسییەکی گەورەیە و ئەگەری ڕوودانی هەیە لە گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەلایەکی دیکەوە ئاشکرایە هەست و نەیاری لەسەر ئاستی جەماوەری و شەقامی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەبەرامبەر ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، بەڵام نازانم و دڵنیانیم لەوبارەیەی کە ئەگەرێك هەبێت ئەم پێگە جەماوەرییە دژە ڕۆژئاوا و دژەویلایەتە یەکگرتووەکان و دژەدیموکراسییە بگۆڕێت و ببێتەمایەی بونیادنانی دیموکراسییەت، من لەم بارەیەوە دڵنیانیم، هەربۆیەیش من زۆر بەگومانم لەوبارەیەی کە دیموکراسییەت لە جیهانی عەرەبی دروست بێت، بارودۆخەکانی ئێوە لە کوردستان لە ئاستێکدایە کە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تێیناگەن، ئەوەی کە ئێوە خوڵقاندوتانە لەڕووی سەقامگیری و بەها دیموکراسییەکان و تەرخانکردنی بەهاکان لەڕووی وەبەرهێنان لە کەرتی پەروەردەیی شتێکی بێهاوتایە لەو بەشە جیهانەی کە ئێوە تیایدان، ئێوە نموونەیەکن بەڵام



## مالک موفتی بۆ گوڵان:

**ئەگەر ئەمریکا پشتگیری دەوڵەتی فەلەستین نەکات نفووزی دێتە خوارەوە و مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا دروست دەبێت**

نموونەیەك نین بۆ زۆرینە. کوردستان پێشوەختە «مۆدێل»ێکە، بەڵام ئەم نموونەیە دیاردەیەکی باو نییە، پێموایە زیاتر پەیوەستە بە کەلتوری ئێوە کە چەندین ساڵە لەنێو هاووڵاتیانتان چەسپاوە، بەڵام دیاردەیەکی باو نییە.

* ئاشکرایە هەست و نەیاری لەسەر ئاستی جەماوەری و شەقامی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەبەرامبەر ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، بەڵام نازانم و دڵنیانیم لەوبارەیەی کە ئەگەرێك هەبێت ئەم پێگە جەماوەرییە دژەرۆژئاوا و دژەویلایەتە یەکگرتووەکان و دژەدیموکراسییە بگۆڕێت و ببێتەمایەی بونیادنانی دیموکراسییەت، من لەم بارەیەوە دڵنیانیم، هەربۆیەیش من زۆر بەگومانم لەوبارەیەی کە دیموکراسییەت لە جیهانی عەرەبی دروست بێت، بارودۆخەکانی ئێوە لە



کوردستان لە ئاستێکدایە کە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تێیناگەن

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر شاوڵ ئاماژەی پێکرد ئەو هەستە دژە ڕۆژئاوایی و دژە دیموکراتیە زەحمەتە بە ئاسانی بگۆڕێت، بۆیە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مالك موفتی ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی تفتس کرد و ئەو لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوەدا کە ڕوودانی توندوتیژی لە قۆناغی ڕاگوزاری سیاسی خەسڵەتێکی تایبەت بە وڵاتە عەرەبی یان ئیسلامیەکان بێت. لە تورکیا، وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی تا ڕاددەیەکی زۆر باش ئاشتیانە بوو. هەر پێوەرێك وەربگرین لە تونس و میسردا، ئەوا گۆڕانی ڕژێمەکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەندێ خوێنڕێژی لەگەڵدا بوو. لە لیبیا و سوریا، دۆخەکە جیاوازە. پێم وایە هۆکارەکە پەیوەستە بە سروشتی ئەو ڕژێمەی پێشووتر لە ئارادابوو- و توانای ئەم ڕژێمانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریدا- ئەمەش مەسەلەیەکە بە ڕاددەیەکی گەورە دەگۆڕدرێت لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، بەڵام سەبارەت بەسیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە بە دڵنیاییەوە ڕاستە کە ئەمەریکا-بە چەشنی هەموو وڵاتانی دیکە- لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیدایە، هەندێ جار ئەمەش سەریکێشاوە بۆ هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ ئەو دیکتاتۆرانەدا کە پشتیوانی جەماوەریان نییە. لە هەمان کاتدا، پێم وایە درك پێکردنێکی ڕوو لە زیاد هەیە لە واشنتۆندا کە گۆڕانی سیاسی شتێکی حەتمیە لە زۆربەی بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیاسەت داڕێژەرانی ئەمەریکاش بیر لە دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانە دەکەن کە بەهۆیانەوە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بگونجێنن لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا. ئەگەر لەم هاوکێشەیەدا جارێکی دیکە بۆ نموونە کارتی فەلەستینیش بێتە ئاراوە و ئەمریکا پشتگیری دەوڵەتی فەلەستین نەکات، بە ئەندازەیەکی گەورە دەبێتەهۆی داماڵرانی شەعبیەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، دەبێتەکۆسپێك لەبەردەم بەدیهێنانی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی بە شێوەیەکی کارا. بەشێکی زۆری هۆکاری ئەم سەرنەکەوتنە پەیوەستە بە سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریکاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مومکینە ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە ئارادایە ببێتەهۆی زیاتربوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ئەنجامە سلبیە جیۆپۆلیتیکیەکان زۆر قورس دەبن و فشارەکانی سەر واشنتۆنیش زیاد دەکەن بۆ ئەوەی هەوڵی هێنانەدی چارەسەرێکی ئاشتیانە بدات.)).


# هەڵدانەوەی فایلی نوبییەکان لە میسر

نوبییەکان کەمینەیەکی پەراوێزخراوو فەرامۆشکراون، لەناوچەکانی باشووری میسر دەژین. ڕەنگی پێست و زمانی کەلتوور نەریت و ڕەچەڵەك و مێژوویان ئەوەندەی دەچێتەوە سەر خواری هێڵی ٢٣ کەسنوری نێوان سودان و میسر پێکدینێ، ئەوەندە ناچێتەوە سەر باکوری هێڵەکە. ناوچەکانی نوبە لە ناوچە هەرە بە جێماوەکانی میسرن و لە فیلمە میسرییەکاندا ڕۆڵی نوبییەکان هەمیشە لەڕۆڵی خزمەتکارو دەرگەوان تێناپەڕێ، مەسەلەیەك کە گوزارشت لەپێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم کەمینەیە دەکا.

کەس نازانێ ژمارە نوبییەکان چەندە، بەڵام دەشێ ڕێژەیان لەنێوان ١٠٪ و ٣٠٪ ی دانیشتوانی پارێزگای ئەسوان بێ. بەدرێژایی مێژوی هاوچەرخی میسر، هەوڵی قاهیرە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاوییەکانی میسر بەزیان بۆ نوبییەکان گەڕاوەتەوە. ساڵی ١٩٣٣ ژمارەیەکی زۆری نوبییەکان بەهۆی دروستکردنی ئەمباری ئاوی ئەسوانەوە زەوییەکانیان لەدەستدا، لەساڵی ١٩٤٦یش حکومەت ژمارەیەکی زۆری لێ ڕاگواستن. لەسەردەمی جەمال عەبدولناسریش پڕۆژەی بەنداوی ئەسوان بووە مایەی دوورخستنەوەی ژمارەیەکی تری نوبییەکان.

ڕەوشی سیاسیی میسر لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی حوسنی موبارەك دەرفەتێکی گونجاوی بۆ هەڵدانەوەی هەموو فایلە کۆنەکان پێکهێناوە، لەوانە فایلی نوبە. لەم هەلومەرجەدا نوبییەکان سەرقاڵی قۆستنەوەی هەلەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و دانانی نەخشە ڕێگایەك بۆ پەرەپێدانی ناوچەکانیان.

ئەم مانگە نوبییەکان گەورەترین خۆپیشاندانیان لە ئەسوان ڕێکخست و گەمارۆی بارەگای دیوانی پارێزگایان داو چەردەیەك داواکارییان ڕاگەیاند. لە ١١ی ئەیلولدا سەرەك وەزیران عیسام شەرەف لە قاهیرە چاوی بەشاندی نوبییەکان کەوت و بەڵێنی جێبەجێکردنی داوا پێشکەشکراوەکانی دا. ڕەنگە نوبییەکان ئومێدێکی زۆر لەسەر چاوپێکەوتنەکە هەڵنەچنن، بەڵام چاوپێکەوتنەکە خۆی لەخۆیدا هەم نیشانەی باسك ئەستووربوونی بزووتنەوەی نوبییەکانە کە داوای یەکسانی و خزمەتگوزاریی زۆرتر دەکەن هەم نیشانەی هەست کردنی حکومەتە بەپێویستیی کۆتایی هێنان بەفەرامۆشکردنی ناوچەی نوبە. ئەحمەد عەواز، ئەندامی شاندەکە، لەکاتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە سەرەك وەزیران هەڵوێستی بەرامبەر بەداخوازیی نوبییەکان باش بوو، دان بەوەدا دەنێ کە لەم ڕووەوە بیروبۆچونی جیاوازیش هەبوو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەت هەندێ لە داخوازییەکانی بەدڵ نییە. بەڵام پارێزگاری ئەسوان بەنوبییەکانی ڕاگەیاند کە سەرەك وەزیران لەدەرفەتێکی گونجاودا سەردانی ئەسوان دەکاو لەنزیکەوە داخوازییەکانیان تاوتوێ دەکا.


فەرید ئەسەسەرد

داخوازیی نوبییەکان شتی قورسی تێدا نییەو زۆرتر پەیوەندیی بەخزمەتگوزارییەوە هەیە. نوبییەکان داوایان کردوە حکومەت قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ساڵەکانی ١٩٣٣و ١٩٤٦ بکاتەوەو مافی گەڕانەوەیان بۆ سەر لێواری دەریاچەی ئەسوان بۆ بسەلمێنێ، هەروەها داوای دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا، بەپێودانگی دەستەی باڵای سینا دەکەن بۆ پەرەپێدانی ناوچە نوبی نشینەکان.

پاش بەگەڕکەوتنی جموجۆڵی نوبییەکان لە ئەسوان، بۆ یەکەم جار لەمێژووی میسر دەستەواژەی «گیروگرفتی نوبە» کەوتە سەر زار. یەکەم کەس ئەم دەستەواژەیەی بەکار هێناوە، سەلاح زەکی مورادە کە هەڵسوراوێکی سیاسییە. ئەویش لەدوتوێی وتارێکدا لە ڕۆژنامەی «میسری» کەتێیدا داوا دەکا دان بەتایبەتمەندیی نوبییەکاندا لەڕووی کەلتورو زمان و داب و نەریتەوە بنرێ و لەوانەکانی جوگرافیاو مێژووی پرۆگرامەکانی خوێندندا ئاماژە بەشارستانێتیی نوبە بکرێ و واز لە هەوڵەکانی بە عەرەب کردنی کەلتوری نوبە بهێنرێ و خزمەتگوزارییەکی زۆرتر پێشکەش بەناوچەکە بکرێ.

لەڕاستیشدا کێشەی نوبییەکان کێشەیەکی دژوار نییە، بەتایبەتی کە نوبییەکان دیدی جیاخوازانەیان نییە، بەڵام لەوە دەچێ نوبییەکان چیتر بارگەی پەراوێزخستن و فەرامۆشکردن نەگرن و بەشێوەی گونجاو بزاڤێکی سیاسیی سیڤیل بۆ داواکردنی مافەکانیان ڕێك بخەن. قاهیرەش لەمەولا ناتوانێ داخوازیی نوبییەکان فەرامۆش بکا، چونکە لێرە بەدواو ناوچەکە ناتوانێ چیتر خۆی لە شەپۆلی داواکردنی مافە دیموکراتییەکان بێئاگا بکا.





# لەباشیک.. کوردی شەبەک و
# داوا لە سەرۆک بارزانی دەکەن ئیـــــ



لە باشـــیك نزیكەی ١١٦ هەزار كەس نیشـــتەجێیەو زۆربەی خەڵكەكە بەكاری كشـــتوكاڵی و بێستانی زەیتون و ئاژەڵدارییەوە خەریكن، باشـــیك لە ســـاڵی ١٩٥٥ بۆتە ناحیەو ٥٠ گوند لە ســـنوورەكەیدا هەیە ئەم ناحیەیەو سنوورەكەی یەكێكە لە ناوچە دابڕاوەكانی هەرێمی كوردســـتان، هەروەكو ناوچە تەعریبكراوەكانی تری هەرێمی كوردســـتان لەلایەن شۆڤێنیەكانەوە كەوتۆتە بەر شـــاڵاوی تەعریب و تەرحیل و خاپووركردن، ئەم شاڵاوە لە ســـاڵی ١٩٨٨ بووە بە پرۆسەیەكی بەرنامە داڕێژراو، سەرەتا كوردی شـــەبەكیان لە سنوورەكە بۆ شارەكانی تری هەرێمی كوردستان دەربەدەركردو عارەبی هاوردەیان هێنایە شوێنیان. باشیك لەلایەنی خزمەتگوزارییەوە زۆر بێ ســـەروبەرەو كار و پرۆژەی بۆ ئەنجام نەدراوەو،لە لایەن ئیدارەی موســـڵەوە بەهەمان شێوەی پێشوو لە هەموو پرۆژەیەكی خزمەتگوزاری بێبەشـــكراوە، لەلایەكی ترەوە گەرچی وا پێویســـت بوو باشـــیك بەپێی ماددەی (١٤٠) ی دەستووریی مامەڵەی لەگەڵدا بكرایە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێكردنی ئەم ماددە دەستوورییە نەچۆتە بواری پراكتیكیەوە، تەنانەت





# ئێزیدی و کـریستیانەکـان

# ــــدارەیەکی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنێت



لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە نەتوانراوە بەپێی پێویست ئاوڕ لەم ناوچەیە بدرێتەوە..

دانیشتووانی باشیك گلەیی و گازندەیان بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە کارو پرۆژەی خزمەتگوزارییان وەك پێویســـت بۆ ئەنجام نەدراوەو تەواوی ناوچەکەیان پەراوێزخراوە، تیمی (گۆڤاری گوڵان) باشیك و سنوورەکەی بەسەرکردەوەو لەوێ چەند هاووڵاتییەکی دواند، کە گلەیی و گازندەیان لە نەبوونی کارەبا و کەمی ئاوی خواردنەوەو خراپی ڕەوشی پەروەردە و تەندروستی و ....تاد هەبوو، هەروەها داوایان لە سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکرد، کاری جدی بۆ ئەم سنوورە بکرێت تاوەکو بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یا بڕیارێك بدرێت بۆ دروستکردنی ئیدارەیەك یا دامەزرانی پارێزگایەکی ســـەر بە هەرێمی کوردستان لە سنوورەکەدا، ئەم گلەیی و داواکارییانەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان ئاڕاستەی چەند کەسانێکی ئایینی ئێزیدی و مەسیحی و بەرپرسی ئیداریی ناوچەکە کردەوە، لە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە..



خەسرۆ گۆران ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی(پ.د.ک) بۆ (گوڵان):

# حەزمان دەکرد ١٥٠ مێگاوات کارەباش بۆ ناوچە دابڕاوەکانی نەینەوا لە هەرێمی کوردستانەوە دابین بکرایە

سەبارەت بە فەرامۆشکردنی ناوچە دابڕاوەکانی سنووری پارێزگای موسڵ بەتایبەتی ناحیەی باشیك و سنوورەکەی لەلایەن ئیدارەی موسڵەوە خەسرۆ گۆران وتی: ناوچە دابڕاوەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا، ناوچەیەکی زۆر فراوانەو بریتین لە حەوت قەزا، کە بریتین لە مەخمور و شێخان و حمدانیە واتە قەرەقۆش و شنگار و تلکیف) بە تەواوی و دوو قەزا دەمێنێتەوە کە بەشێکیان ناوچە کێشە لەسەرەکانە ئەویش قەزای موسڵە کە ناحیەی باشیکە کە بەتەواوی لە ١٠٠٪ کوردستانیەو کوردە و ناحیەی زمار لە قەزای تەلەعفەر، واتە زیاتر لە ملیۆنێك کەس لەم سنوورە نیشتەجێن، بۆ بەڵگەی ئەمەش لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ کە حەدبا ١٩ کورسی هێنا و لیستی برایەتی نەینەوا ١٢کورسی هێنا، واتە کورسییەکانی کوردستانی لە ٣٥٪ی کورسییەکانی موسڵی بەدەستهێنا کە لە پارێزگایەك ژمارەی دانیشتوانی سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار کەسە واتا بەرێژەی لە ٣٥٪ خەڵکی کورد و کوردستانییە)، هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیش ئێمە لە کۆی (٣٠،٣٢) کورسی بە کۆتاکانەوە (١٠) کورسیمان هێنا لەم کورسیانە ٨ کورسی هاوپەیمانی کوردستانی بوو و یەك کورسی کۆتا شەبەك و یەك کورسیش کۆتا مەسیحی بوو، پێکهاتەکانی ئەم ناوچەو سنوورانە بریتین لە کوردی رەسەنی ئێزیدی و کوردی شیعە و سوننە کە شەبەك و چەند عەشیرەتێکی تر، جگە لە کورد لە ناوچەکە مەسیحی و تورکمانی شیعەش هەیە، بە گشتی بۆ ئەم سنوورە ئێمە چەندین جار لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی هاوبەشی دوو قۆڵی نێوان پارتی و یەکێتی داوامانکردووە:

یەکەم- ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم ناوچانە دابنرێت وەکو چۆن ئیدارەیەك بۆ گەرمیان دانراوە.

دووەم – میزانیەیەکی ساڵانە بۆ ئیدارەکە تەرخان بکرێت.

ئەگەر بێتوو ئێمە ئەو خەڵك و سنوورانە پشتگوێیان بخەین و فەرامۆشیان بکەین، حەتمەن ئەو خەڵکە ئامادەنییە هەتا هەتایە دەنگمان پێ بدات، ئێستاش دەڵێم زۆر خۆشحاڵبووین کە ٢٠٠ مێگاوات کارەبا بە کەرکوك درا، بەڵام با ١٥٠ مێگاوات کارەبا بەم ناوچە دابڕاوانەی موسڵیش بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە دەبینێت و دەبیستێت، خەڵکی ئەم ناوچانە زەحمەتی و ناخۆشی و گیانفیدایی زۆریان داوە، بۆیە پێویستە ئەم ناوچانەی لە دەرەوەی موسڵە و لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە و خەڵکی ئێمەن و دەنگ بە کوردو کوردستان دەدەن ئیدارەیەکیان بۆ دابنێین و میزانیەیەکی ساڵانەیان بۆ تەرخان بکرێت، ١٣ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگامان هەیە کە ئەو ئەندامانە خەڵکی ئەو ناوچە و قەزاو ناحیانەن دەتوانن کار لە بەڕێوەبردنی ئیدارەکە بکەن. لە ڕووی یاسایی و دەستووریشەوە دەکرێت ئیدارەیەك بۆ ئەم ناوچانە دابنرێت، چونکە عێراقی نوێ بنیادنراوە لەسەر تەوافوق و ناکرێت هیچ لایەنێك بە تەنیا کۆنترۆڵی هەموو شتێك بکات، لیستی حەدباش لە موسڵ ناتوانێ و ناکرێت بە تەنیا کۆنترۆڵی هەموو شتەکان بکات و هەموو پۆستەکان بۆ خۆی ببات و خەڵکی تر فەرامۆش بکات، هەر بۆیەش لیستی برایەتی نەینەوا بایکۆتی لە ئیدارەکەی کردووە و ئەم بایکۆتەش کارێکی سیاسییە، هەربۆیەش لیستی حەدبا لە ڕووی یاساییەوە نەیتوانیوە هیچ شتێك بەرانبەر بە لیستی برایەتی نەینەوا بکات و خەڵکی ئێمە تا ئێستاکەش گەشبینە

و ئومێدێکی زۆری بەکوردستانییەتی ناوچەکە هەیــە، بەڵام ئەگــەر کار وا بڕوات هیچ کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری و پێداویســتی ڕۆژانە بۆ ئەم ناوچانــە نەکرێت، بۆی هەیە خەڵکەکە تووشی نائومێدی و دڵەڕاوکێ ببێت.

**دەرکردنی کورد لە موسڵ بەردەوامە**

ســەبارەت بەو پێشــێلکاریانەی لــە ناوچە دابــڕاوەکان کراوە و دەکرێت کــە بووەتە هۆی ئاوارەو دەربەدەرکردنــی خەڵکێکی زۆر کەچی تا ئێســتا هیچ نەکراوە خەســرۆ گۆران وتی: دەربارەی دەرکردنی خەڵکەکە وەکو ئەوەی ئێستا لە ناحیەی جەلەولا و ســەعدیە پیادە دەکرێت، دەرهەق بەناوچەکانی پارێزگای موسڵیش کراوە و تا ئێســتاش هەر بەردەوامە، ئێمە لە موسڵ لیستمان بۆ ئاوەرەکان دروستکردووە و ناوەکانیان تێدا تۆمارکراوە، بەڵام تا ئێســتاکە هیچیان بۆ نەکراوە، پێویستە حکومەتی کوردستان لیژنەیەك پێك بێنێت و خەڵکەکە بەســەر بکاتەوە و بیکاتە ڕووداو کێشەیەك ڕووبەڕووی مالیکی بکاتەوە و داوای قەرەبوویان بۆ بکات، زۆربەی ئاوارەکانی شــیعە لە نەجــەف و کەربــەلا و تەلەعفەر و شــوێنەکانی تر هەموویــان لەلایەن حکومەتی مالیکیــەوە قەرەبووکرانەوە، تەنیــا ئاوارەکانی موســڵ و کەرکوك و دیالە قەرەبوو نەکراینەوە و مــن ئەو بابەتەم ڕووبــەڕوو لەگەڵ مالیکی خستەڕوو و گفتوگۆم لەسەری کرد، لە وەڵامی ئــەودا وتی کــەی حکومەتــی هەرێم ئەوەی ڕووبەڕووی ئێمــەی کرۆتــەوە تاوەکو ئێمەش قەرەبوویان بکەینــەوە، ئەمەش کەموکوڕییە لە حکومەتی هەرێمی کوردســتان، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەمە بێتە وەڵام، هەر وەکو ئەو هەنگاوانەی ئێســتاکە کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیهاوێژێت کە کۆکردنەوەی بەرپرســانی کوردی بەغدا لێرە زۆر لــە جێگای خۆیەتــی و زۆر گرنگە کە دەبێت بە هەموومانەوە پشتگیری لەم سیاسەتە بکەین.

**ماددەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی ناوچەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

ســەبارەت بە دواکەوتنی مــاددەی ١٤٠و جێبەجێنەکردنی خەســرۆ گۆران وتی: خۆی کلیلــی چارەســەری هەمــوو ئەو کێشــانە جێبەجێکردنــی ماددەی ١٤٠ی دەســتوورە، کــە ماددەی ١٤٠جێبەجێکرا هەر لە شــنگار تا خانەقین تا ســەعدیەو جەلــەولا و تا دیالە ئەو کێشــە و گرفتانە هیچی نامێنێت، بەڵام کــە ماددەکە جێبەجێ نەکراوە و ناکرێت، ئەمە کێشــەیەکی زۆر قوڵــەو گەورەیــە، ئەمە بە لیســتی برایەتی نەینەوا یا بە لیستی برایەتی کەرکوك یا بە خەڵکی باشــیك و ســەعدیە و جەلەولا چارەسەر ناکرێت، ئەوە بەغدا و هەولێر

## دەنگی خەڵکی دەشتی موسڵ ١٠ کورسییان لە پەرلەمانی عێراقی بۆ کوردو کوردستان زیاد کردووە

دەبێــت هەنگاوی بۆ بهاوێــژن و ڕێگا خۆش بکەن بۆ گفتوگۆکان لەســەر ئەو ناوچانەی کە کێشــەیان لەســەرە و بە پەلە چارەسەریان بــۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر نــا چەند دوابکەوێت بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت، دەبێ ئێســتاکە بە تایبەتی پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هەڵوێستمان هەبێت.

**حکومەتی هەرێم وەکو پێویست گرنگی بە ناوچەکە نەداوە**

خەڵکــی ناوچــە دابڕاوەکانی ســنووری پارێــزگای موســڵ گلەیــی لــەوە دەکەن لەلایــەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیشــەوە فەرامۆشــکراون، تاکو ئێســتا یــەك وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی ســەردانی ئەو ناوچانەیان نەکــردووە، لە کاتێکدا داوا دەکەن و بە گرنگی دەزانن کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ناوچەکە (باشیك) بکات، لەمبارەوەش خەســرۆ گۆران وتــی: بەڵێ وەکو پێویســت سەردانمان نەکردوون، بەڵام پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردســتان بە لایەنی کەم ئاڕاستەی بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی بکات کە جار جار سەردانی ئەو ناوچە دابڕاوانە بکەن، خەڵکەکە داوا دەکات ڕێزدار مســعود بارزانی ســەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ناوچە دابڕاوەکان بکات، ئەمەش داواکاریەکی ڕەوایە و مەبەستیان لەمەش ئەوەیە سەردانی جەنابیان بۆ ئەم ناوچانە هاوکاری و پاڵپشتی و هاندانێکی گرنگە بۆ کوردستانیەتی ناوچەکە، لە لایەکی تر خەڵکەکە هەر هەموو دەزانن جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر پەرۆش و بەتەنگەوەی ئــەم ناوچانەیە کە بە هەر نرخ و توانایەك بێت بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

**کۆچکردن و ئاوارەبوونی کوردو چارەنووسی ناوچە دابڕێنراوەکان**

دەرکــردن و ئاوارەبوونی کوردی شــەبەك و ئێزیدی و برا کریستیانەکان لە سەنتەری شاری موسڵ و سنووری پارێزگاکە چەند کاریگەری

**بەکۆچکردن و ئاوارەبوونی کورد لە ناوچە دابڕاوەکان ڕێژەو ژمارەو دەنگی ئێمە کەم دەبێتەوە**

لەســەر کەمکردنەوە دەنگەکانی کورد دەبێ، خەســرۆ گــۆران ئەندامــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردســتان وتــی: بەکۆچکــردن و ئاوارەبوونی کورد لە ناوچە دابــڕاوەکان ڕێژەو ژمارەو دەنگی ئێمە کەم دەبێتەوە، بۆ نموونــە هەر هەڵبژادنێك لە ئایندە یــان ڕیفراندۆمێك لەم ناوچانە بکرێت سەبارەت بە چارەنووســی کوردو ئەو ناوچانە ئەوا ئەگەر ڕێژەی کورد لە سەعدیەو جەلەولا لــە ٨٠٪ بێت ئەوە کــورد دەیباتەوە، بەڵام لە کاتێك ڕێــژەی کورد ١٥٪ بێت ئەوە کورد لەم ناوچانــە دەیدۆڕێنی. بێگومــان دەرکردن و ئاوارەبوون و کۆچ پێکردنی کورد لەم ناوچانە ترســناکترین کارە بۆ ئاییندەی ئەو ناوچانە و هەرێمی کوردستان.

**نوێنەرانی ئەم ناوچانە کەمتەرخەمیان هەیە**

ســەبارەت بە کەمتەرخەمی بەرپرســانی کورد لە حکومەتی عێراقی بەرامبەر ناوچەو دەشتی موســڵ کە نزیکەی ملیونێك کەسی تێدایە خەســرۆ گۆران وتــی: کەمتەرخەمی هەیە بۆ نموونە لە موسڵ کورد ١٠ ئەندامی پەرلەمانی لە عێراق هەیە، بۆ نایەن سەردانی ناوچەکانــی خۆیان بکەن، خەڵك بۆیە دەنگی پێداون تاوەکو ببنە نوێنەری راستەقینەی ئەو خەڵکانــە لە عێراق و پێویســتە ئەو نوێنەرانە بێــن لە قــەزا و ناحیەو شــوێنەکانی خۆیان نووسنگەیەك بکەنەوە، نەك ماڵی خۆیان ببەنە دهــۆك و هەولێــر و ئیتــر دوور بکەونەوە لە واقیعی خۆیان.

ســەبارەت بەوەی ئایا گفتوگۆ و دانیشتن لە نێوان لیستی برایەتی نەینەواو حەدبا هەیە خسرۆ گۆران وتی: هیچ گفتوگۆیەکی رسمی لە نێوانمان نییە، جار جار ئەســیل نوجێفی لە تەلەفزیۆنی موســڵ دەردەچێــت و دەڵێت با لیســتی برایەتی نەینەوا بێنەوە و حەزدەکەین، بــەڵام ئــەو کارو شــتانە بە حــەزو کاری ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو دەبێت بە فەرمی داوا بکــەن، پەرلەمانیش نەیتوانیوە هیچ لەمبارەوە بکات، لەبەر ئەوەی تا ئێســتاکە حەدبا ئامادە نەبووە تەنــازول لە هەندێ پۆســت بۆ کورد بکات، ئەمەش ناوەڕۆکی کێشــەکەیە لەگەڵ حەدبــا، چونکە بابەتەکــە تەنیا ئەوە نییە کە ئەندامانی ئێمە بچنەوەو دەوام بکەن و مووچە وەربگرن، بەڵکو کێشــەکە دیارە کە نایانەوێت کورد دەسەڵاتی لە موسڵ هەبێت.

داواکارم لە خەڵکی ئەم ناوچانە خۆڕاگربن و داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش دەکەم بە بایەخەوە بڕوانێتە ناوچە دابڕێنراوەکان، چونکە لە دەســتدانی ئەم خەڵــك و ناوچانە لەدەستدانی پایەی کوردە لە بەغدا.



زەنون یونس بۆ (گوڵان):

# له نێوان بڕیارەكانی حكومەتی ناوەند و هەرێمی كوردستان داماوین

**سەبارەت بەوەی تاچ رادەیەك بوودجەی پێویست لەلایەن حكومەتی ناوەندی و ئیدارەی موسڵەوە بۆ باشیك تەرخان دەكرێت، (زەنون یونس) بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی:** لەلایەن ئیدارەی پارێزگای موسڵەوە هەر لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بودجەیەك بۆ یەكەی ئیداریی و كاروپرۆژەكانی باشیك بەپێی ژمارەی دانیشتووانەكەی تەرخانكراوە، بڕیاریش وا بوو ئەم بودجەیە لە ساڵەكانی ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١ زیاد بكرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە بودجەی ناحیەی باشیك بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٨ لە نیوەی پارەی چاوەڕوانكراو كەمتر دانرا، ئەمەش پێشێلكردن و بەپەراوێزكردنی دانیشتووانی ئەم ناحیەیە، لە هەرێمی كوردستانیش بودجەمان بۆ دیاری نەكراوە، بەو حسابەی سەر بەپارێزگای موسڵین.

ئێمە لە نێوان بڕیارەكانی حكومەتی ناوەندو هەرێمی كوردستان داماوین، چونكە هەندێ بڕیار لە ناوەند دەردەچێت جۆرێكە بڕیار هەیە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەردەچێت بە جۆرێكی ترە، ئەمەش كاریگەری خراپی لەسەر كارو ئیشەكانمان دروست كردووە، بۆیە تا بڕیاری (١٤٠) بە تەواوی جێبەجێ نەكرێت و ریفراندۆم لەسەر گەڕانەوەی سنوورەكە ئەنجام نەدرێت، ئەوە ناتوانرێت بەپێی پێویست كاروپرۆژە بۆ ئەم سنووره ئەنجام بدرێت.

### له باشیك كوژاندنەوە بۆ زەوی نیشتەجێبوون نەكراوە


سەبارەت بەوەی ماستەرپلان نەخشە رێگایەكی وردو زانستییە بۆ گەورە بوونی هەموو شارو شارۆچكەیەك (زەنون یونس) بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: ماستەرپلان یەكێك لەو هۆكار و پێداویستییانەی كە كاریگەری راستەوخۆی لەسەر گەشەكردن و بەرفراوانبوون و كارو پرۆژەكانی ناو شارۆچكەكە هەیە، بەداخەوە تا ئێستا باشیك ماستەرپلانی نییە، بەڵام نەخشەی بنەڕەتی هەیە و فەرمانگەكان بەتایبەتی كشتوكاڵ و شارەوانی و لایەنی پێوەندیدار تر كاری لەسەر دەكەن، لە باشیك كوژاندنەوە بۆ زەوی نیشتەجێبوون نەكراوە و ئەمەش كێشەیەكە پێویستە چارەسەر بكرێت.

### رۆژانە (٦ بۆ ٨) كاتژمێر كارەبا هەیە

سەبارەت بە كارەباو كێشەو گرفتەكانی و چۆنیەتی چارەسەركردنی، بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: رەوشی كارەبا لەسەنتەری ناحیەو سنووری باشیك زۆرخراپەو رۆژانە لە نێوان (٦ بۆ ٨) كاتژمێر كارەبا هەیە، ئەمەش خەڵكەكەی زۆر بێزاركردووە، هەر بۆیە داوا دەكەین حكومەتی هەرێمی كوردستان پلان و بەرنامەیەكمان بۆ دابنێت و گرفتی كەمی كارەبا لە باشیك هەروەكو هەموو سنوورەكانی تری هەرێمی كوردستان چارەسەر بكات و ماوەی كارەبا زیاد بكرێت، هەرچەندە بڕیارە ئەو وێستگەی كارەباییەی كە لە ئاكرێ سووتاوەو لە كاركەوتووە، چاكی بكەنەوەو كارەبای لێ بدەن بە ئێمە، ئەگەر ئەمە جێبەجێ بكرێت رەوشی كارەبای باشیك باشتر دەبێت، لەلایەكی ترەوە ئێمە ناتوانین پشت بە كارەبای موسڵ ببەستین، لەبەر ئەوەی ئەگەر كارەبا لەموسڵ باشیش بێت بەپێی پێویست بە ئێمەی نادەن، چونكە بەسنووری هەرێمی كوردستانمان دادەنێن.

### لەبەر كەمی ئاوی خواردنەوە گوندەكانی باشیك چۆڵ كراون

سەبارەت بە ئاوی خواردنەوە بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: كەمی ئاوی خواردنەوە یەكێكە لەو كێشە سەرەكیانەی كە كاریگەری خراپی لەسەر سەنتەری ناحیەكەو گوندەكانی سنوورەكە هەیە، هۆكارەكەشی زیاتر بۆ كۆنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەكە دەگەڕێتەوە كە لە ساڵی ١٩٧٠ دروستكراوە و پرۆژەكە لە سەرچاوەكەوە تا دەگاتە باشیك ماوەیەكی دوورو درێژە بە چەند شوێنێكدا دێت ئینجا دەگاتە ئێمە، كاتێك ئەو پرۆژەیە دروستكراوە ژمارەی دانیشتووانی باشیك سنووردار و كەمبووە،بەڵام ئێستاكە ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری باشیك و گوندەكانی لە چاو ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ پێنج بەرامبەر زیادی كردووە، بەمەش ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری ناحیەو گوندەكانی سنوورەكە زۆر كەمە، گوند هەیە لەبەر كەمی ئاوی خواردنەوە چۆڵیان كردووە، بۆیە لێرەدا داواكارین لە حكومەتی هەرێمی كوردستان پلان و بەرنامەیەك دابنێن بۆ چارەسەركردنی ئاوی خواردنەوەی ناحیەی باشیك كە دەتوانرێ راستەوخۆ ئاوی خواردنەوە لە سەلامیەوە بێنن بۆ باشیك، چونكە ئێستاكە گوندەكانی جبران و گوداد و تەق تەق و.. تاد، هەر لەبەر نەبوون و كەمی ئاوی خواردنەوە دانیشتووانەكەی چۆڵیان كردووە..



سلێمان عومەر بۆ (گوڵان):

# لەبەر نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری زۆر ماندووین

### لەبەرپرسانی ماددەی(١٤٠) نارازین

سەبارەت بە ماددەی(١٤٠) بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: ئێمە وەكو یەكەی ئیداری باشیك و خەڵكەكە بە گشتی زۆر نارازین لە بەرپرسانی ماددەی(١٤٠) كە ماوەكەی تەواوبووەو نەیانتوانی لەم دەڤەرەدا یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە بچن، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیرادە و توانایان كە بە جدی كار لەسەر ئەم ماددە دەستوورییە گرنگە ناكەن كە چارەنووسی خەڵكێكی زۆری پێوە بەندە، چونكە تا ئێستاش ئێمە نازانین سەر بە ئیدارەی موسڵین یان هەرێمی كوردستان، ئەگەر هاتوو ماددەكە بەپێی قۆناخەكانی خۆی جێبەجێ بكرابوایە و ریفراندۆم پیادە بكرابوایە دانیشتووانی سنوورەكە بە ئیرادەی خۆیان چارەنووسی خۆیان دەستنیشان دەكرد بە دڵنیاییەوە سنوورەكە دەگەڕایەوە سەر هەرێمی كوردستان. بەڵام هەموو بەرپرسانی ئەم ماددەیە و ئەندام پەرلەمانەكانی كوردستانی لەپەرلەمانی عێراقدا بەجددی كاریان بۆ نەكردووەو خەڵكەكەیان بێ ئومێد كردووە.

### پێویستە چەند بینایەیەك بۆ قوتابخانەو خوێندنی كوردی دروست بكرێن

سەبارەت بە رەوشی پەروەردە، بەتایبەتی خوێندنی كوردی، بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: ئیدارەی موسڵ توانیویەتی گرنگی بە بواری پەروەردە بدات، بەڵام سەبارەت بە خوێندنی كوردی ساڵ لە دوای ساڵ رێژەی قوتابی زیاد دەكات و خەڵك پتر روو دەكەنە خوێندنی كوردی، بۆیە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان چەند بینایەیەكی قوتابخانەی تر لەم دەڤەرە دروست بكات و ساڵانە مامۆستای بۆ دابمەزرێنێت، چونكە ئێستاكە لەبەر نەبوونی شوێن لە هەندێك قوتابخانەی كوردی

قوتابی لە ژێر قاڵدرمە دەخوێنن، ئەمەش کارەساتە بۆ پرۆسەی پەروەردەو خوێندن، لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەو مامۆستایانەی لەلایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم سنوورە دادەمەزرێنرێن، هەروەکو قەزا و ناحیە و شوێنەکانی تر حیسابیان بۆ بکەن و لە ئیمتیازات بێبەشیان نەکەن.

**لە بواری تەندروستی کەموکورتی زۆرە**

هەروەها سەبارەت بە بواری تەندروستی بەرێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: لەبواری تەندروستیدا کەموکوریمان زۆرە بەتایبەتی پێویستیمان بە نەخۆشخانەیەکی (٥٠- ٦٠) قەرەوێڵەیییە کە بڕیار بوو لە ساڵانی ڕابردوو بۆمانی دروست بکەن، بەڵام لەبەر نەبوونی زەوی دواخراو، گەرچی ئێستا زەوییەکە دابینکراوە و دەست نەکراوە بە دروستکردنی نەخۆشخانەکە، بڕیارە لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٢ دەستبکرێت بە دروستکردنی ئەم نەخۆشخانەیەو لە ڕووی ئامێرو پزیشکی پسپۆڕەوە کۆمەڵێك کێشە و گرفتمان هەیە، هەر بۆیە خەڵکەکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان سەردانی دهۆك و هەولێر و شوێنانی تر دەکەن.

**لیستی (حەدبا) بە ڕۆژی ڕووناك غەدری لە کورد کرد**

سەبارەت بەوەی کە سنوورەکە پێویستی بەوە نییە بکرێتە ئیدارەیەکی سەربەخۆ یا بۆ دەشتی نەینەوا پارێزگایەکی سەر بە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، بەرێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: لیستی برایەتی نەینەوا لەسەرەتاوە بایکۆتی لە ئیدارەی موسڵ کرد، چونکە لیستی (حەدبا) هیچ پۆست و بەرپرسیارێتییەکی بە کورد نەداو بە ڕۆژی ڕووناك غەدری لە کورد کرد، بۆیە ئێستا لیستی برایەتی نەینەوا لە باشیك شوێنیان بۆ دانراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجەیەکی تایبەت کە بەهۆیەوە بتوانین کار بۆ ناوچەکە بکەن، کارو ئیشەکانیان دیار نییە و ناتوانن هیچ بڕیار و پرۆژەیەك ئەنجام بدەن، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی بدات بە سنووری باشیك یا لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە تایبەتی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارێك بدرێت بە دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆی وەکو گەرمیان بۆ هەموو سنوورە دابڕاوەکانی پارێزگای موسڵ و بیخاتەوە سەر کوردستان.

**سلێمان عومەر بەرپرسی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش لەسەر بارودۆخی باشیك و داواکارییەکانی ڕۆشنبیرانی ناوچەکە وتی:**

باشیك شارێکی کوردی دێرینەیە، هەر لە کۆنەوە کوردی تێدا ژیاوە و بەشی زۆری لە کوردەکانی ئەم سنوورە ئێزیدین، لە دوای ئازادی عێراقەوە لە(٢٠٠٣) بە دواوە هەموو پێکهاتەکانی باشیك و دەشتی موسڵ چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە بچنە ژێر چەتری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزارییەکان بگاتە سنوورەکەمان، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستاکە ناحیەی باشیك بە هەموو گوندەکانییەوە بە هەموو پێکهاتەکانی لە چاوەڕوانی ئەوەن کە ماددەی(١٤٠) ی دەستووریی جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ئیدارە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی نابینین، سەرەڕای ئەمانەش لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاو پەرلەمانی عێراقدا زیاتر لە یەك ملیۆن کورد، تێیدا دەنگ و ڕەنگی دەرکەوت، بەهۆی دڵسۆزی و خۆشەویستی خاك و وڵات خەڵکەکە بەرگری هەموو هێرش و دژایەتیەکیان کردووە، تەئکیدیان لەسەر کوردبوونی خۆیان و شار و سنوورەکە کردۆتەوە . جێی داخە ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق تا ئێستا بەپێی پێویست کاریان بۆ ماددەی ١٤٠ نەکردووە،لەلایەکی ترەوە حکومەتی ناوەندی و ئیدارەی موسڵ لە بودجەو کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەشی کردوین و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا بەپێی پێویست کار و ئیشی بۆ نەکردوین و لەبەر نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری، زۆر ماندوین، بۆیە لێرەدا داوا لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی مسعود بارزانی دەکەین ئیدارەیەکی سەربەخۆمان لە دەشتی نەینەوا بۆ دابمەزرێنێت یا پارێزگایەکی سەر بە هەرێمی کوردستان لە سنوورەکە ڕابگەیەنرێت.



عامر کاکەیی بۆ (گوڵان):

# ناوچەکە لە هەموو بڕیارێک و خزمەتگوزاری بێبەش کراوە

**هەر لە بارەی کەمی خزمەتگوزاری و داواکاری خەڵکی سنووری باشیك و چۆنیەتی گەرانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان عامر کاکەیی بەرپرسی ناوچەی باشیك وتی:** سنووری باشیك پێکهاتووە لە ١١٦ هەزار کەس، بەڵام پێکهاتەکەی لە ٨٢٪ ی ئێزیدیە و لە ١٢٪ ی مەسیحیە و نزیکەی لە ٦٪ ی موسڵمانە، لە دوای هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵەوە لیستی برایەتی نەینەوا بایکۆتی لە ئیدارەی موسڵ کردووەو بەپێی ئەم بایکۆتەش بۆمان نییە پۆلیسێك دابمەزرێنین و ناتوانین داوای کارو پرۆژەیەك بکەین یا بەرپرسێك بگۆڕین، بەڵکو بە پێچەوانەوە هاوکاری و پاڵپشتی ئەو بەرپرسە دەکەن کە خراپەو هانی دەدەن زیاتر لە دژی کورد و خەڵکی سنوورەکە بجووڵێتەوەو لەبەرژەوەندی ئیدارەی نەینەوا(حەدبا) و عەرەبە شۆڤینیەکان بێت، ئەم سنوورە کە بە ناوچە دابڕاوەکان دانراوە، ناوچەیەکی گرنگی کوردستانە بەپێی مێژووی پێکهاتەکەی و بە دەنگدانی خەڵکەکەی، هەر بۆیە ئیدارەی موسڵ هەمووکات لە هەوڵی ئەوەدان کە کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەم سنوورە ئەنجام نەدرێت و ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکەکە بڵاو دەکەنەوە و لەدوای ئازادی عێراقیشەوە لەلایەن بەعسییەکان و عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان بە بەردەوامی کاری تیرۆریستی دەرهەق بە هەموو پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی کراوە لە برایانی کوردی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك و... تاد. بەسەدان کەسمان لێ شەهیدو ئاوارەکراوە، ئەو کار و کردەوانەش زیاتر بەمەبەستی ئەوەیە ژمارەی کورد لە سنوورەکە کەم بکەنەوەو کوردستانییەتی ناوچەکە بشێوێن و بیگۆڕن، لەلایەکی ترەوە ناوچەکە لە هەموو بڕیارێك و پێشینەی خانووبەرەو کشتوکاڵی و هاوسەرگیری و کار و خزمەتگوزاری بێبەش کراوە، ئەمەش هەر بۆ ئەوەیە خەڵکەکەی دەشتی نەینەوا بێزارو بێ ئومێدبن و لە ناوچەکە کۆچ بکەن، بێگومان ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەم سنوورەدا سیاسەتی تەرحیل و تەعریب و ئەنفالکردن بەردەوامەو پیادەدەکرێت، چونکە لە ٢٠٠٣ تا ئێستاکە (١١٥٠) کوردی شەبەك و زیاتر لە هەزار کوردی ئێزیدی و هەزار هاووڵاتی مەسیحی و ١٥٠ کەس لەکاکەییەکان شەهیدکراون و لە ناوچەکە و ناو موسڵیشدا زیاتر لە (١٣٠) هەزار کەسی کورد کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆ دەگرێت ئاوارە و سەرگەردان بوون، زێدی خۆیان بەجێ هێشتووە و لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و شوێنی تر دەژین، لەلایەکی ترەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کەمتەرخەمە لە خزمەتکردنی ئەم سنوورەو ئەو خەڵکەی کۆچ دەکات.

هەندێ گوند لە سنوورەکە لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری کارەباو پەروەردەو تەندروستی و ئاوی خواردنەوە ڕۆیشتون و بەرەو شارو شوێنی تر کۆچیان کردووە لە کاتی ئەوەی کە ناونووسی دەکرا بۆ خۆ ئامادەکردنی سەرژمێری هەوڵدراو ناونووسی ئەم خەڵکەکرا کەژمارەیان(٣٣٠٠) کەسێك دەبوو تاوەکو مافیان لەسەرژمێریکردن نەفەوتێت، بەڵام بەڕێوەبەری ئاماری سەر بەپارێزگای موسڵ قبوڵیان نەکرد ئەمانە لە سنوورەکە ناونووس بکرێن، تاوەکە مافیان لە سنوورەکەو کوردستانیەت بسووتێت، داواکارین لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی جدی لەم ناوچەیە بداتەوەو یەکەیەکی ئیداری وەکو گەرمیان بۆ ئەم ناوچەیەش دەستەبەر بکرێت و دابمەزرێت یا سنوورەکە بکرێتە پارێزگایەکی کوردستانی و لیستی برایەتی نەینەوا دەسەڵات و بودجەی پێ بدرێت و کارا بکرێن، چونکە ئێمە زیاتر لەیەك ملیۆن کەسین و دەنگمان(٩) کورسی هاوپەیمانی کوردستانە لە پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ هەروەکو هێندەی پارێزگای دهۆك دەبین.

پێشیمام شێخ فاروق شێخ خەلیل کەسی سێیەم لە هەرەمی ئێزیدی
لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و جیهان بۆ (گوڵان):


# ئێمە وەکو کوردی ڕەسەنی ئێزیدی لە ٨٢٪ی پێکهاتەی سنوورەکە پێکدەهێنین، خۆشی و ناخۆشی ئەم ژیانەمان قبوڵە و دەست لە کوردایەتی خۆمان هەڵناگرین



**هەوڵی زۆر هەیە بۆ تێکدانی پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکە**

هەر سەبارەت بە بارودۆخی ناحیەی باشیك و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی ئەم سنوورە و ئیدارەی ناوچەکە پێشیمام شێخ فاروق شێخ خلیل وتی: بارودۆخی ئێزیدیەکان لە شاری موسڵ لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەرەو خراپی ڕۆیشتووە، ڕۆژانە پەلاماری سەر ماڵ و خەڵکی ئێزیدییەکانیان دەدراو ژمارەیەکی زۆریان شەهیدو ئاوارە کردو تا ئێستاش ئەو حاڵەتی ترس و تۆقاندنە هەر ماوەو ناحیەی باشیك و سنوورە کەشی لەم بارودۆخە بەدەر نەبوون، بەڵام بەهۆی ئاسایش و هێزەکانی پۆلیس و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بارودۆخی سنوور ئێستاکە زۆر باشە و هێمن و ئاسایش بەر قەرارە.

ئەم کارە تیرۆریستیانەش هەر لەبەر ئەوەیە کە ئێزیدیەکان کوردی ڕەسەنن و تا دنیا ماوە هەر بە کوردی دەژین و هەر بە کوردیش دەمرین، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین ئێمە هەر هەموو پێکهاتەکان لە دەشتی نەینەوا بەتایبەتی لە ناحیەی باشیك لە دێر زەمانەوە وەکو برا دەژین و هاوبەشین لەخەم و ناخۆشی و خۆشییەکانی یەکتریدا، گەرچی دەزانین خەڵکانێك هەن وەکو عەرەبە شۆڤینییەکان و کۆنە بەعسییەکان کە بە درێژایی مێژوو و کوردیان پێ قبوڵ نییە، ئینجا ئەو کەسە ئێزیدی بێت یا ئیسلام بێت یا شەبەك بێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەتا ماوەی ٨ ساڵە ئیدارەی موسڵ بە هیچ جۆرێك هەوڵنادات و بە جددی کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سنوورەکەمان ئەنجام نادات و هەوڵدەدەن پێوەندی نێوان پێکهاتەکان تێك بدەن و ناوچەکە ناسەقامگیر بکەن، لەبەر ئەوەی ژێرخانی خزمەتگوزاری بەعشیقە بە جارێك تێچکووەو ماوە و بوودجە زۆری پێویستە تا چاکبکرێتەوە، بۆیە لێرەدا داواکارین لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ ناوچەکە دابمەزرێنێت و بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابین بکات تاوەکو لەم بارودۆخە خراپەی خزمەتگوزاری ڕزگارمان دەبێت، لەلایەکی ترەوە ئێمە وەکو کوردی ڕەسەنی ئێزیدی لە ٨٢٪ی پێکهاتەی سنوورەکە پێکدەهێنین، خۆشی بێت و ناخۆشی بێت ئەم ژیانەمان قبوڵە و لە کوردایەتی خۆمان هەڵناگەڕێینەوە و دەتوانین دژی هەموو زوڵم و ستەمێك کە دەرهەقمان دەکرێت ڕاوەستین و موساوەمە لەسەر یەك مەتری خاکی خۆمان کە کوردستانە ناکەین، بۆیە لێرەدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کاتێك هاوکاری و پاڵپشتی ئێمە بووە، بەڵام ئێستاکە پێویستە جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم ناوچەیە و سنوورە بەرفراوانە ڕەسەنەی کوردو کوردستان بە بڕیارێك بگێڕیتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوکات ژیان و بارودۆخەکەمان زۆر باش دەبێت و وەکو هەر تاکێکی کوردستانی تر دەژین و بێبەش نابین لە کارەبا و ئاو و هەموو خزمەتگوزارییەکانی تر، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئێستا ئاسایش و هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکە هەیەو وایانکردووە بە هێمنی بژین و یاسا بەرقەرارە و خەڵك ئومێدێکی لە ژیان بۆ دروست بۆتەوە.



ئەلخوری جابر ئەلخوری بنیامین لە کەنیسەی مارگۆرگیس بۆ (گوڵان):

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخە خراپ و ناخۆشەکاندا دەرگای بۆ ئێمەی مەسیحی کردۆتەوەو هاوکاریمان دەکات

بۆ زیاتر بەدواداچوونی بارودۆخی ناحیەی باشیکە و سنوورەکە و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان لەم سنوورەدا و داواکارییەکانیان، ئەلخوری جابر ئەلخوری بنیامین وتی: ئێمە لێرەدا ڕاستە لە بواری هەموو خزمەتگوزاریەکان بێبەش و لە ئاستێکی نزمدایە، گەرچی لە ڕووی ژیان و حاڵەتی کۆمەڵایەتی بەبێ کێشەو گرفت دەژین و لە کاتی هەر کێشەو گرفتێکیش بێتەپێش ئێمەی کریستانیەکان و ئێزیدی و موسڵمانەکان وەکو پیاوی ئایینی و شێخ و ڕیش سپییەکان هەوڵدەدەین بەزووترین کات کێشەو گرفتەکان بەڕێگایەکی ئاشتی و لێبوردەیی چارەسەر بکەین، بەڵام لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ خێزانە مەسیحیەکان لە شاری موسڵ ڕووبەڕووی تۆقاندن و تیرۆر بوونەوە کە ژمارەیەکی زۆرمان لێ شەهیدو دەربەدەرکران، هەر بۆیە ئێستا لەو باوەڕەداین کە تا دنیا ماوە، ئێمە ناتوانین لەناو شاری موسڵ بژین، چونکە تۆقان و ڕاوەدونان هەر ماوەو کەسیش نییە پارێزگاریمان لێ بکات، هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ توندڕەوی و دەمارگیری نەتەوەیی و ئایینی، ژمارەی ئاوارە مەسیحیەکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی چوونەتە بۆ هەولێر و دهۆك و عەنکاوە و باشیك چەند هەزار خێزانێکە، بەڵام بە هاوکاری حکومەتی هەرێم ئێستا جێگر بووینە و مومارەسەی ژیانی خۆیان دەکەن، هەروەها هەموو کاتێك ئێمە دەڵێین ئەگەر پارێزگاری ئێمە لەم ناوچەیەش لە ژێر دەسەڵاتی ئاسایش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و نەبوایە ئەوە دەبوایە ئێمە لێرەش کۆچ بکەین و ئاوارە ببین، هەروەها دووساڵ پێش ئێستاکە لەگەڵ مەترانی سنوورەکە سەردانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد بۆ دامەزراندنی (٤٠٠) کەس، بەڵام لە پاشان هەندێ گرفتی بچووك لەنێوان کەسەکانی خۆمان لەسەر ناوەکان پێشکەشکرا بوو، هەر بۆیە دامەزراندنەکانمان بۆ جێبەجێ نەکرا، ئەمەش جێگای نیگەرانییە بۆ ئێمەو مەسیحیەکانی سنوورەکە، هەروەها ئێمە گلەیی و گازاندەمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە لە بارەی کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و داواکارین تۆڕی دابەشکردنی کارەبای ناحیەی باشیك و سنوورەکە بە تۆڕی کارەبای کوردستان ببەستریێتەوە و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەمان بۆ ئەنجام بدەن و ڕێگاوبانەکانمان بۆ چاك بکەن.

هەرچەندە هەندێ کاروپرۆژە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆمان جێبەجێکراوە، هەروەها داواکارین لە جەنابی ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سنوورەکەمان بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم سنوورە تەرخان بکات، چونکە دەزانین سیستەمی حکومیی لەهەرێمی کوردستان پارێزگاری لە ژیانی هەموو نەتەوەو ئایین و کەسێك دەکات، لەبەرئەوە ئاگادارین کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخە خراپ و ناخۆشەکاندا دەرگای بۆ ئێمەی مەسیحی کردۆتەوەو مامەڵەی باش و هاوکاریمان دەکات هەروەکو هاوڵاتییەکی کوردستانی و شارەکانی هەولێرو دهۆك و عەنکاوەو باشیك....

داواکارین لەسەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدەن و کار بکەن بە جددی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور بۆ ئەوەی کێشە و گرفتەکانی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلا بکرێتەوە، چونکە ئێمە دڵنیاین بە ڕیفراندۆم و دەنگدان ناحیەی باشیك و سنوورەکەی و هەموو دەشتی نەینەوا دەنگ بەوە دەدات کە سنوورەکە هەر هەموو بگەڕێتەوە سەر ڕەسەنایەتی خۆی کە هەرێمی کوردستانە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئەم ناوچە و سنوورانە کوردن، لەلایەکی ترەوە لەلایەن عەرەبە شۆڤینیەکان و توندڕەوەکانەوە، پارێزگاری لە ئێمە ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەمانکوژن وئاوارەمان دەکەن، بەڵام دەبێ باش بزانین حکومەتی عێراقی، بەتایبەتی هەندێ لە لیست و حزبەکانی ناو پەرلەمانی عێراق لە هەولێ ئەوەدان کە ماددەی (١٤٠) دوا بکەوێت و جێبەجێ نەکرێت و سنوور و ناوچە دابڕاوو ناکۆکەکان، دووبارە تەرحیل و تەعریب بکەنەوە، بەڵام ئێمە وەك پێکهاتەی مەسیحی لەم ناوچەیەدا قەت لە مافی خۆمان خۆش نابین و پارێزگاری لێ دەکەین.

سەفین دزەیی وەزیری پەروەردە بۆ (گوڵان):

# هەتا ئێستاش نزیکەی ٩٠ بینایەی وەزارەتی پەروەردە لەلایەن حزب و ڕێکخراو و خەڵکەوە بەکار دەهێنرێت

**چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی پەروەردەو پەرەپێدانی ئەم بوارە لەگرنگترین ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە، لە ژینگەیەکدا کەزیاتر لە ملیۆن و نیوێك قوتابی و ٩٦ هەزار مامۆستاو ٥٧٦٠ قوتابخانە هەیە، قسەکردن لەسەر ئەم بابەتەو بایەخدان بە قوتابی و میکانیزمی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن و بەرزکردنەوەی توانای مامۆستایان و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمی بینایەو گرفتی میلاکات و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیە ئاوارەکانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و تەرحیلکردنی ژمارەیەك خێزان لەهەرسێ پارێزگای موسڵ و دیالەو کەرکوکەوە بەرەو ناوچەکانی سەر بە هەرێمی کوردستان و چەند بابەتێکی پێوەنداری ترمان بەو پرسانەوە ڕووبەڕووی بەڕێز(سەفین دزەیی ) وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان کردەوە، ئەمەش پوختەی دیمانەکەی وەزیری پەروەردەیە کە لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان) ئەنجامی داوە.**

## ڕێژەی نەخوێندەواری لەماوەی ١٠ ساڵدا لە ٣٦٪ بۆ ١٥٪ کەمی کردووە

*** لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن کە ئەمساڵ هاوکات بوو بە تێکەڵبوونی پرۆسەکە لەگەڵ ئەزموونەکانی خولی دووەم، باس لە بوونی کێشەو گرفت کرایەوە، تەنانەت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەشەوە تەئکید لەسەر بوونی ئەو گرفتانە کراوەتەوە، ئایا وەزارەتی پەروەردە پێش دەستپێکردنی قۆناغی نوێی خوێندن کاری بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرتی پەروەردە کردبوو، بەتایبەتی کە ئەمساڵ کۆمەڵێك ڕێنمایی نوێتان دەرکردووە؟**

- سەرەتا بەپێویستی دەزانم بە گشتی سوپاسی میدیا لە کوردستان بکەم کە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوەو زۆربەی جار بەوردی بابەتی ڕەخنەئامێز دەخەنە بەرچاومان، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکەین.

هاوکات پیرۆزبایی سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن لە قوتابی و خوێندکارەکان و مامۆستایانی بەڕێزی کوردستان دەکەم، بەو ئومێدەی لەمساڵدا بتوانین ئەو کۆسپ و گرفتانەی لەبەردەمماندایە، چارەسەری زانستی و گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و تەقەللای هەموو لایەك هەیە.

لەبەرنامەی خوێندنی ئەمساڵدا بە جیا لە ساڵانی پێشوو توانیمان گشتاندن بۆ کۆمەڵێك ڕێنمایی تازە بکەین بەتایبەتی ئەوەی کە پارساڵ مەسەلەی کۆکردنەوەی نمرەکانی قۆناغەکانی ١٠و ١١و ١٢کۆبکرێتەوە، ڕاگیرابوو ئەمساڵ بڕیاری لەسەر دراوە کە جێبەجێ بکرێت، لەلایەکی تریشەوە هەرئەمساڵ بۆ جاری

**ئەو پرۆگرامە دەوڵەمەندو سەرکەوتووەی ئێستا هەیە لەگەڵ کەمی کاتی دەوام ناگونجێت، بۆیە هەوڵماندا ڕۆژەکانی دەوام زیاد بکەین**

یەکەمە ئەزموونەکانی وانەی نیشتمانی لە قۆناغی ٩ وە جێبەجێ دەکرێت و هەوڵیش دەدرێت ساڵانی داهاتوو جێگیر بێت، هەوڵیش دەدەین بەشێوەیەك بێت لایەنی تەکنۆلۆژیا بخەینە ناوی بۆ پشکنینی دەفتەرەکان لەدوای تاقیکردنەوەکان.

سەبارەت بە هێنانە پێشەوەی ٥ ڕۆژی دەوام بۆ ئەوەبووە کە هەستمان کردووە ئەو پرۆگرامە چڕوپڕەی کە ئێستا هەیە کە بەشاهیدی هەموو پسپۆران پرۆگرامێکی دەوڵەمەندو سەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ کەمی کاتی دەوام ناگونجێت، بۆیە هەوڵماندا ڕۆژەکانی دەوام زیاد بکەین، ئومێدو هەوڵیشمان بەو ئاڕاستەیەیە کە کاتژمێرەکانی دەوامیش زیاد بکرێت، هەربۆیە ئاگاداری بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەکان کرایەوەو کۆبوونەوەشمان لەگەڵ کردون لە هەموو پارێزگاکان کە ئەو ئامادەییانەی کە دەزانن کێشەی نەبوونی بینایەو میلاکاتیان نییەو گونجاوە بکرێتە یەك دەوام، ئەمساڵ بکرێنە یەك



## کار بۆ ئەوە دەکەین ئەم ڕێژەیە بۆ کەمتر لە ١٠–٨٪ دابەزێنین

دەوام. بەواتایەکی تر کاتی دەوامیان زیاد بکرێت ئەمەش تەنیا لە قۆناغی ئامادەیی، لەداهاتووشدا کار بۆ ئەوە دەکەین ژێرخانی پەروەردەیی و خولی شیاندن و ژمارەی باڵەخانەکانی قوتابخانەو پۆلەکان زیاد بکەین، واتا یەك دەوامی وردە وردە زیاد بکات و بگاتە ئاستی بنەڕەتییەکان واتا کاتی دەوام لەبەیانیان لەکاتژمێر ٨ تا ٢و نیو ٣ ی دوانیوەڕۆ بێت، هەروەها دیزاینی بیناکانیشمان هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە لەگەڵ سیستەم و پڕۆگرامی خوێندندا بگونجێت.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی چاکسازی دەست پێکردووەو زۆربەی بوارەکانی لەخۆگرتووە، کەرتی پەروەردەش بەدەر نییە لەم چاکسازییە، ئایا چی کراوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بینایانەی تایبەتن بە وەزارەتی پەروەردە؟**

- بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆر کەم لەو بینایانە لە هەولێر و سلێمانی ڕادەستی وەزارەت کراوەتەوە، بەڵام ئەو ژمارەیەی کە ئاماژەی پێ دەکرێت بەو زۆرییە نییە گەرچی گەر ١٠ بینایەش بێت هەر بۆ ئێمە زۆرە، خۆشتان دەزانن بارودۆخی کوردستان و ئاوارەبوونی خەڵك دۆخێکی وایان خستۆتەوە کە زیاتر لەنیوەی ئەو بینایانە لەلایەن خەڵکەوە بەتایبەتی لەدهۆك و سلێمانی بەکاری دەهێنن، پێویستە بەدیلێك بۆ ئەو خەڵکە بدۆزرێتەوە تاوەکو ئەم بینایانە ڕادەستی وەزارەت بکرێتەوە. ئەو بینایانەی لەسەرانسەری کوردستان لەلایەن حزب و ڕێکخراو و ئاوارەوە بەکاردەهێنرێن لە ٩٠ بینایە تێپەڕ ناکات، لەم ژمارەیەشدا نیوەی زیاتری خەڵکی مەدەنی تێدا نیشتەجێ کراون.

**هەر لایەنێکی سیاسی دوور لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بجووڵێتەوەو هانی قوتابیان بدات بۆ کاری حزبی، قابیلی قبووڵ کردن نییە**

*** تا چ ڕاددەیەك توانیوتانە ڕووبەڕووی دەستخستنە ناو کاروباری خوێندن بکەن کە لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە بەرامبەر پرۆسەی خوێندن و کاروباری قوتابخانەکان دەکرێت؟**

- پێویستە سەرەتا تێبینی یان تەفسیر بۆ دەستێوەردانی حزبی بکەین، پێکهاتەی ئەم حکومەتە پێکهاتەیەکی حزبییە، واتا سەرۆکی حکومەت بێت یان جێگری سەرۆکی حکومەت بێت، ئەندامانی کابینەکە بن، ئەمانە تا ڕاددەیەك ئەندامی سەرکردایەتی حزبەکانن و ئەوانەی تر سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبن. لێرەدا شتێکی گرنگ هەیە لیستی کوردستانی کە هەڵمەتی هەڵبژاردنی دەکرد، کۆمەڵێك پرۆگرامی هەبوو، ئەو پرۆگرامەش ڕەنگدانەوەی لایەنە سیاسییەکان بوو، کە پرۆگرامی سیاسییان بوو، کاتێك کە بێینە سەرحوکم ئەو پرۆگرامە جێبەجێ دەکەن،

**لەدوای سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە سنوورییەکان بڕیاردرا کەمپێکی کاتیی دروست بکرێت و قوتابخانەشی تێدا بێت**

هەر وەزارەتێکی پێوەندار بەرپرسەو پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامە سیاسییەی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکە پێشکەشی بە هاووڵاتیان کردبوو، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە حزب دەستێوەردانی هەبێت، حزب ئەو پرۆگرامە خزمەتگوزارییانە پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات و وەزیرەکان و دامودەزگاکانی ژێرەوە لە جێبەجێکردنیان بەرپرسن. ئەگەر مەبەست لێرەدا ئەوە بێت کە هانی قوتابی بدرێت دوور لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بجووڵێتەوە، هەر لایەنێکی سیاسی ئەمە بکات قابیلی قبووڵ کردن نییە.

ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە، هەمیشە وتوومانە وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتێکی هەستیارەو بناغەی کۆمەڵگەی ئێستاو داهاتوومان دروست دەکات، بەشی زۆری قوتابیانمان لە خواروو تەمەنی ١٨ ساڵییەوەن بۆیە پێویستە دووربن لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێك، لەکاتی دەوام نابێت هیچ جۆرە کردارو چالاکییەکی سیاسی چ لەلایەن قوتابیان یا مامۆستایان و فەرمانبەران ئەنجام بدرێت، بەڵام دوای دەوام قوتابیان دەتوانن لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی پیشەیی مومارەسەی چالاکیی خۆیان بکەن و مامۆستا بەڕێزەکان و فەرمانبەرانیش دەتوانن لەدوای دەوامەوە لە دامودەزگاکانی حزبییەوە مومارەسەی ئینتیمای خۆیان بکەن.

دایکانوباوکان، منداڵە خۆشەویستەکانیان وەکو ئەمانەت تەسلیم بە پەروەردە کردووەو دەبێت مامۆستاو فەرمانبەران و ئێمە لەئاست ئەو ئەمانەتەدا بین و بیانپارێزین و ئاراستەی پەروەردەو فێرکردنیان بکەین.

*** لە ناوچە دابڕێنراوەکان کێشەو گرفتی گەورە هەیە، بۆ نموونە لەشارێکی وەکو باشیك قوتابی لەژێر قادرمە دەخوێنێت و قرتاسیەشیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ ناهێنرێت؟ ئایا وەکو وەزارەتی پەروەردە بۆ بواری بینایەو میلاکات چیتان بۆ ئەم ناوچانە کردووەو بەرنامەتان چییە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان؟**

- لە ڕاستیدا ساڵی ٢٠٠٣ کە گۆڕانکاری لەعێراقدا کرا، وەزارەتی پەروەردە یەکێك بوو لەو وەزارەتانەی کە بەهانای ئەو ناوچانەوە چوو، هەوڵی جددیش دراوە کەموکورتیەکان لەو ناوچانە چارەسەر بکرێت، بەخۆشحاڵیشەوە خەڵکی ئەو ناوچانە باوەشیان بۆ خوێندنی کوردی کردەوەو خۆیان بەکورد دادەنێن و خوێندنی کوردی بەباشتر دەزانن لە خوێندنی عەرەبی، بەڵام لە هەمان کاتدا واقیعێك هەیە، ئەو ناوچانە لە ڕووی ئیدارییەوە لەسەر هەرێم نین، واتا هەرێمی کوردستان ئەو هەموو هاوکارییەی پێشکەشکردووە،

**هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان هاوکاریی پێشکەشکردووە. بەڵام گرفتی ئیداریمان لەو ناوچانە هەر ماوە**

بەڵام گرفتی ئیداریمان هەر ماوە، بۆ نموونە باسی پەڕاوگەت کرد لە هەرێمی کوردستان دابەشکردنی پەڕاوگە لە هیچ قوتابخانەیەکی کوردستاندا نییە، جاران یونسێف دابەشی دەکرد، کە بڕیاری ٩٨٦ هەبوو، لەبەشەکانی تری عێراق بارودۆخەکە جیاوازەو ناوچە دابڕاوەکانیش لەلایەن ئیدارەی پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوك و دیالەوە بێبەش دەکرێن، بەچەندین شێوەو ڕێگەی جیاجیا ئەم ناوچانە بەسەرکراونەتەوەو هاوکاری کراون بۆ نموونە ڕێکخراوی دەزگای خێرخوازی بارزانی ساڵانە کۆمەڵێك پەڕاوگە و پێداویستی بەسەر قوتابیانی ئەو ناوچانە دابەش دەکەن، زۆرجاریش بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك، ناوچە دابڕاوەکانی سنووری پارێزگای موسڵ بەسەر دەکەنەوە. سەبارەت بە میلاکات کە بە ڕێژەی دانیشتووان دادەنرێت و لە کوردستانیشدا دەتوانرێت بەشێك لەو میلاکاتە چارەسەر بکات، هاوکات بەهۆی تەعریبەوە کێشەی دامەزراندنی میلاکاتمان بۆ قوتابخانە کوردییەکان هەیە کە زۆربەی دەرچووانی ناوچەکە بەزمانی عەرەبی خوێندویانە.

لەسەر ئاستی باڵای حکومەتیش کۆمەڵێك پێشنیارمان بەرزکردۆتەوە کە خۆشبەختانە ئەمساڵ بودجەیەکی تایبەت لەپەرلەمان بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان پەسەندکراوە بەشێك لەو بودجەیە دەدرێت بە وەزارەتی پەروەردە بۆ پێشکەشکردنی هەندێك هاوکاری. سەبارەت بە بینایەش ساڵی ڕابردوو لە هەڵمەتی نیشتمانی ٦ باڵەخانەمان لەو ناوچە دابڕاوانە خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** ئایا ئەو ناوچانەی ڕووبەڕووی بۆردومانی ئێران و تورکیا بوونەتەوە یا تەرحیلکردنی کوردەکانی ناوچەی پارێزگای موسڵ و دیالە بەتایبەتی لەسەعدیەو جەلەولا چی کراوە بۆیان تاوەکو قوتابیەکانی ئەو خێزانانە تەواوی ئاسانکارییان بۆ بکرێت کە ئاوارەو دەربەدەربوون؟**

- چەند ڕۆژێك پێش ئێستا سەردانی ناوچەی پشدەرم کرد، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی خەڵکانێك گوندەکانی خۆیان چۆڵ کردووە، جگە لەزیانی مرۆیی و ماددی قوتابیان و خوێندکارانیش لە پرۆسەی خوێندن لەو ناوچانە دادەبڕێن، بۆ ئەمەش پێویستە چارەسەرێك بدۆزرێتەوە تاوەکو قوتابیەکان لە خوێندن دانەبڕێن، لەدوای سەردانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم ناوچانەی بۆردومان کراوە، بڕیاردرا کەمپێکی کاتی دروست بکرێت و قوتابخانەشی تێدا بێت و قوتابیەکانیش درێژە بەخوێندنیان بدەن، ئێستاش ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووە، گەرچی لەژێر چادردان، ڕێکخراوی یونیسێفیش بەڵێنیان داوە چادری گونجاوتر

**ئەمساڵ بودجەیەکی تایبەت لەپەرلەمان بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان پەسەند کراوە بەشێك لەو بودجەیە دەدرێت بە وەزارەتی پەروەردە**

بۆ ئەم ناوچانە دابین بکەن و هاوکاربن بۆ ئەوەی قوتابییەکان درێژە بەخوێندنیان بدەن تا ئەو کاتەی کەمپەکە دروست دەکرێت.

*** لەچارەسەرکردنی گرفتی کەمی میلاکات بۆچی ڕەزامەندی نادرێت کە ئەو فەرمانبەرانەی داوای گواستنەوە دەکەن لە وەزارەتەکانی ترەوە دەرچووی زانستە مرۆڤایەتیەکانی وەکو ئاداب و زمان و کارگێڕی و ئابووری. تاد ڕاژەکانیان بهێنرێنە سەر دیوانی وەزارەتی پەروەردە؟**

- کاتێك سیستەم گۆڕدرا وا پێویستە ئاستی مامۆستایانیش لە ئاست ئەو سیستەمە نوێیەدا بێت، بڕیاری وەزارەتی پەروەردەش ئەوەیە لەمەودوا دەرچووانی کۆلێژەکان وەکو مامۆستا دابمەزرێن، بەپلەی یەکەم کۆلێژی پەروەردەو بنیات ئەولەویەتیان دەدرێتێ و ئومێدیش دەکەین ئەو دەرچووانەی پەیمانگای مامۆستایانن و دانەمەزراون، بتوانین لە دوارۆژدا دایان بمەزرێنین، ئەمساڵ لەڕووی میلاکاتەوە ٦٠٠٠ پلە بۆ مامۆستایان و ١٨٠٠ پلەش بۆ فەرمانبەران و خزمەتگوزاران دابین کراوە، سەبارەت بەڕاژەی گواستنەوەی فەرمانبەرانی حکومەت بۆ وەزارەتەکەمان هەیە، بەڵام بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی کە دانراون، گرفتی ئێمە کەمی مامۆستایانە لەبوارەکانی وانە زانستیەکانی وەکو وانەکانی فیزیاو کیمیاو بیرکاری و ئینگلیزی.

ئەمەش بۆ کەمی دەرچووانی ئەم بوارانە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەمەش لەگەڵ خوێندنی باڵا دانوستاندنمان بەردەوامە تاوەکو هانی قوتابیان بدرێت ڕوو لەو بەشە زانستیانە بکەن کە پێویستمانە.

*** سەبارەت بە پرۆگرامەکانی خوێندن کە جێی دەستخۆشیە لەچەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام کاتێك دێینە سەر بواری پراکتیکی دەبینین، ئەو سیستەمە پێشکەوتووەی**

**لەمەودوا دەرچووانی کۆلێژەکان وەکو مامۆستا دادەمەزرێن. بەڵام کۆلێژەکانی پەروەردەو بنیات ئەولەویەتیان دەدرێتێ**

**لەوڵاتانی ئەوروپا وەرگیراوە لەبەر خراپی بینایەو قەرەباڵغی پۆلەکان ئاستەنگی زۆریان هاتۆتە بەردەم، هەروەها سەبارەت بە شێوازی هەڵسوکەوتی مامۆستاو قوتابی تێبینی ئەوە دەکرێت دیاردەی توندوتیژی لەلایەن خودی مامۆستاو هەندێکجار لەلایەن قوتابیشەوە بەردەوامی هەیە، ئایا هۆکارەکەی چییەو چۆن ڕێگە لەم دیاردە ناشارستانیە دەگرن؟**

- کاتێك پرۆگرام دەگۆڕدرێت سیستەمیش دەگۆڕدرێت، بەڵام لێرەدا پەروەردەی تاك ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ سەرکەوتنی سیستەمەکە، پێویستیشە ڕەچاوی ئەو بارودۆخە بکەین کە کوردستان پێیدا تێپەڕبووەو کاریگەری لە سەر هەموو تاکێك هەیە لە ڕووی دەروونیەوە، ئەو توندوتیژییەی کە هەندێك جار وەك حاڵەت دەردەکەوێت کە لەلایەن قوتابی یا

**گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرانی حکومەت بۆ وەزارەتەکەمان هەیە. بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی کە دانراون**

مامۆستاوە دەکەوێتەوە، بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە کە جۆرێك لە توندوتیژی لە ناو تاکدا دروست کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا بڕیارو یاسای وەزارەت بەهەموو شێوەیەك توندوتیژی قەدەغە کردووە، کە بەرامبەر قوتابی بکرێت. لەگەڵ بوونی هەر حاڵەتێکیش گەر لێرەو لەوێ ڕوویدا بێت، ئیجرائاتی پێویستمان وەرگرتووە.

هەندێکجار حاڵەتی توندوتیژی لەلایەن قوتابییەوە بەرامبەر مامۆستا کراوە گەرچی مامۆستاکە ڕەچاوی دوارۆژی قوتابیەکەی کردووەو لە مافی خۆی خۆش بووە. پێویستە ئەو حاڵەتانەش کە لەنێوان مامۆستاو قوتابی ڕوودەدەن نەمێنێت و ڕێز و خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبێت، ئەمەش زامنی سەرکەوتنی زیاتری پرۆسەکەیە لە ژینگەیەکدا کەزیاتر لە ملیۆن و نیوێك قوتابی و ٩٦ هەزار مامۆستاو ٥٧٦٠ قوتابخانە هەیە، حاڵەتی توندوتیژی نەك لەکوردستان، بەڵکو لە وڵاتانی ئەوروپای

**بەبڕیار و یاسای وەزارەت بەهەموو شێوەیەك توندوتیژی لە پرۆسەی پەروەردە قەدەغە کراوە. لەگەڵ بوونی هەرحاڵەتێکیش ئیجرائاتی پێویستمان وەرگرتووە**

پێشکەوتووشدا هەیە.

*** پێت وانییە تا ئەمرۆ لە قۆناغی سەرەتایی پرۆسەی خوێندن لای قوتابی خۆشەویست نییە، بەڕای بەڕێزت هۆکاری ئەمە چییە؟ ئایا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە وانەکانی (وەرزش و مۆسیقاو هونەر) بەپێی پێویست بایەخی پێ نەدراوە، تەنانەت زۆر قوتابخانە دەبینین شوێنی تایبەت و کەرەستەی پێویستی ئەم دوو وانەیەی تێدا نییە؟**

- پێویستە هەوڵبدەین ژینگەی قوتابخانە لەلای قوتابی و خوێندکار خۆشەویست بکەین، چونکە لەو کاتە کەمەی قوتابی لەقوتابخانەیەو چەند بەشە وانەی تریش لەهەندێك قۆناغ زیادی کردووە وەکو مافی مرۆڤ و دیموکراسی زیادی کردووە، ئەمەش لەسەر حسابی بەشە وانەکانی تری وەرزش و هونەرو مۆسیقا بووە، بۆیە هەوڵدەدەین لەکاتێکدا کە کاتی دەوام زیادی کرد، ئەو وانانەش گرنگی زیاتری پێ بدرێت.

*** ئایا ڕێژەی نەخوێندەواری تاچەند لە هەرێمی کوردستان کەمی کردووەو بەرنامەتان لەمبوارەدا چییە بۆ کەمترکردنەوەی ڕێژەکە؟ ئایا ڕەوایە قوتابی تا پۆلی ٦ ی بنەڕەتی لەسەر نمرەی وانەکان ڕاسیب بکرێت و تووشی باری دەروونی ناخۆش ببێتەوە؟**

- ڕێژەی نەخوێندەواری بەپێی ئامارەکانی یونیسێف لەساڵی ٢٠٠٠ لەهەرێمی کوردستان لە ٣٦٪ بووە، لەساڵی ٢٠١٠ پاش تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ و لەگەڵ کردنەوەی ناوەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ڕێژەکە دابەزیوە بۆ لە ١٥٪، پرۆگراممان ئەوەیە تا ٢٠١٥ ئەم ڕێژەیە لە ٥٠٪ دابەزێت واتا بکەوێتە ژێر لە ١٠-٨٪. سەبارەت بە ڕاسیب بوونی

سەفین دزەیی وەزیری پەروەردە – لەساڵی ١٩٦٣لە هەولێر لەدایک بووە.
– بەشی هونەر و دیزاینی لە ئینگلتەرا تەواوکردووەو لەساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بووەو لێپرسراوی لقی بەریتانیای سکرتاریەتی گشتی کۆمەڵەی ناوبراو بووە.
– لەساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٣ نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ئەنقەرە.
– لەساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٤ لە ئەنجومەنی حوکم لە بەغدا کاری کردووە.
– لەساڵی ٢٠٠٤ بۆتە لێپرسراوی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان.
– ئێستا وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.



**ئەو قوتابخانانەی کە میلاکاتی زیادەیان هەیە میلاکاتی نوێیان بۆ دانامەزرێنین**

قوتابی لەسەرەتای قۆناغەکانی ١و٢و٣ ی بنەڕەتی بەدواداچوونمان بۆ کردووە، قۆناغی ١ی بنەڕەتی لە تاقیکردنەوەکان قوتابی ڕاسب ناکرێت تاوەکو تووشی بارودۆخێکی دەروونی خراپ نەبێت و قۆناغەکانی ٢و ٣ ئاسانکارییان بۆ دەکرێت بەمەرجێك لە وانەکانی بیرکاری و زمانی کوردی دەرچوو بێت.

*** لەو کۆنفرانسە پەروەردەییانەی کە پێشتر بەسترابوون نەتوانرا سیستەمی خوێندن جێگیر بکرێت بۆ نموونە وەکو جێگیرکردنی سیستەمی عبور؟**

– گۆڕانکاری لە قۆناغێك یا سیستەمێك کارێکی ئاسان نییە، ئەو سیستەمەی کە ئێستا لەکوردستان هەیە سیستەمی سویدی نییە، بەڵکو سوود لە ئەزموونی ئەوان و وڵاتانی دەوروبەریش وەرگیراوە بارودۆخی کوردستانیش بەهەند وەرگیراوە، کاتێك لە ٢٠٠٧ کۆنفرانسێك ئەنجام دراو ئەو سیستەمە گۆڕانکاری بەسەردا هات و کرا بەیاسایەك ئێستا پەیرەو دەکرێت، پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین هەموو پرۆژەیەك کاتێك لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ دەکرێت بێ گرفت و ئاستەنگ نابێت، ئێمە لە ٢ ساڵی ڕابردوو هەستمان بەبوونی ئەو ئاستەنگانە کردووە، بۆیە هەندێك هەموار کردنەوەمان کردووە، واتا گۆڕانکاری یا هەمواركردنەوە لە ڕۆحیەتی سیستەمەکە ناگۆڕێت، ئێمە پابەندین بەو بڕیارەی لە کابینەی پێنج دراوەو دەستخۆشیان لێ دەکەین بەڵام هەموار کردن بۆ باشترکردنی سیستەم شتێکی ڕەوایە کە ڕەچاوی بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و بەرژەوەندی قوتابی و مامۆستاش بکرێت.

**میلاکات و گواستنەوەی مامۆستایان**

*** ئایا وەزارەت داتابەیسی لەسەر دابەشبوونی ژمارەی مامۆستایان و پسپۆرایەتییەکانیان هەیە، گەر هەیە بۆچی جیاوازی لە ناوچەو شارەکان هەیە لەسەر مامۆستایانی وەکو بیرکاری و زمان و فیزیاو کیمیاو. تاد؟**

– بەدامەزراندنی میلاکاتی ئەمساڵەوە بۆ مامۆستا ڕێژەی مامۆستا بەرامبەر قوتابی یەك بە پازدەیە، ئەمە لە هیچ شوێنێکی دنیا نییە. ئەم ژمارەیەش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لە قوتابخانەیەك بۆ قوتابخانەیەکی تر میلاکات وەکو یەك نییە، بۆ نموونە هەندێك قوتابخانە میلاکاتی مامۆستای زۆرەو لە هەندێکیشدا بە پێچەوانەوە. لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی خوێندن سەرپەرشتیارانی پەروەردە سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و میلاکات ڕێك دەخەنەوە. گەرچی گواستنەوەی هەندێك مامۆستا کارێکی ئاسان نییە کە چەند ساڵێکی زۆرە لە قوتابخانەیەکدا وانە دەڵێتەوە، ئێمە بۆ ئەو قوتابخانانەی کە میلاکاتی زیادەیان هەیە

**بەشی زۆری ئەو کتێبانەی کە دراوە بە چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان نەگەیشتۆتە کۆگاکان و تەنانەت لە ڕووی کوالیتیشەوە لاوازە. کتێبمان بۆ چاپکراوە پەرەکانی جێگۆڕکێی پێ کراوە**

میلاکاتی نوێیان بۆ دانامەزرێنین.

*** ئایا تاچەند سەرپەرشتیاری پسپۆری توانیوێتی میکانیزمێك بێت بۆ پەرەپێدانی تواناکان و ئاڕاستەکردنی خوێندن؟ لەکاتێکدا زۆر لەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییانە هەیە تەنیا ڕۆڵی چاودێری و لێپرسینەوەیان هەیە؟**

– ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەین وەزارەتی پەروەردە سیستەمێکی گونجاو دابڕێژێت بۆ دابینکردنی سەرپەرشتیاران و دواتر کار و ئەرکەکانی تازەیان دەستنیشان دەکرێت. لەساڵی ڕابردووەوە سیستەمی سەرپەرشتیاران گۆڕانکاری بەسەر هاتووەو ئێستا جێگیر بووە. سەرپەرشتیار پێویستە بەچەندین تاقیکردنەوەی زانیاری گشتی و پسپۆری و کۆمپیوتەرو زمان و چاوپێکەوتن و چاوخشاندنەوە بە مەلەفەکەیاندا تێپەڕ بێت، بەڵام هەر پێویستیان بەوە دەبێت خولی پەرەپێدانیان بۆ بکرێتەوە.

*** کاتێك سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە دەکەیت قەرەباڵغی و ڕۆتینێکی زۆرت دێتــە بەردەم، بەڕای بەڕێزت ئەمە بۆ گرفتی ئیـداری لای بەڕێوبەرەکان ناگەڕێتەوە؟**

- ڕۆتینێکی کوشــندە هەیە لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکومیدا، بۆیە پێویستە تەکنۆلۆژیــای نــوێ بێتە نــاو کار و مامەڵەکانی دامەزراوەکانی حکومەتەوە، ئەمە ڕاستیەکە پێویستی بە چارەسەرکردنە، بۆیە پێویستە سیســتەمێکی گونجاو بۆ هەموو دامەزراوەکانی حکومەت دابنرێت، وەزارەتــی پــەروەردە بەتەنیــا ناتوانرێت سیستەمێکی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی تێدا ئەنجام بدرێت، ئێســتا بەجددی کار بۆ نەهێشــتنی ئەو ڕۆتینە کوشــندەیە دەکرێت، ئومێدەوارم هەنــگاوەکان خێراتر بچن بەرێوە.

*** بۆچی تا ئێستا سیستەمی یەکپۆشی لە زۆربەی قوتابخانەکان پەیڕەو نەکراوە؟**

- یەکپۆشی وەزارەت بۆ پەروەردەکانمان هێشتۆتەوە، هەموو پەروەردەیەك سەرپشکە لەوەی چــی جلوبــەرگ و مۆدیلێك و ڕەنگێك هەڵدەبژێرێت، لەمەشدا ڕەچاوی باری بژێوی خێزانەکان کراوە، بۆیە بەپێی ئیمکانیات و ناوچەکان دیزاین و شێوازی جلەکان و ڕەنگــەکان، پەروەردەکان خۆیان جێبەجێی دەکەن.

*** جوانترین هاندەری خوێندن لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەبــوو خوێندن بێ پارە بوو، ئایا کردنەوەی ئەو هەموو قوتابخانە ئەهلیانە بێ ڕەچاوکردنی مــەرج و ڕێنماییەکان، خزمەت بەکێ دەکات؟**

- کەرتی تایبەت شــتێکی ئاســاییەو لە هەموو وڵاتانــی دنیادا پەیڕەودەکرێت، ئەمەش شــتێکی نامۆ نییــەو تەنانەت لەبەغــداو لــە هەولێر لە شەســتەکانەوە هەبــووە، بــەڵام نابێت کەرتــی تایبەت لەسەر حســابی کەرتی گشتی و ئاستی

## هەوڵی ئەوە دەدەین سیستەمێکی گونجاو دابڕێژین بۆ دابینکردنی سەرپەرشتیاران و دواتر کار و ئەرکەکانی تازەیان دەستنیشان دەکرێت

## نابێت کەرتی تایبەت لەبواری پەروەردەدا لەسەر حسابی کەرتی گشتی و ئاستی زانستی و پەروەردەیی بێت

زانستی و پەروەردەیی بێت، یا هەستێکی وا دروست بکات کە تەنیا منداڵی خێزانی دەوڵەمەند دەچنە ئەو قوتابخانانە، بۆ ئەم مەبەســتەش لە کابینەی پێنجەمدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵســا بەکردنەوەی قوتابخانەی هاوبەش. بۆ ســاڵی داهاتوو لــە چوار ناوچەی جیا چوار قوتابخانەی تری هاوبەش دەکرێتەوە لەسەر سیستەمی پرۆگرامی نێودەوڵەتی..

*** بۆچی لەکاتی پاککردنەوەی هەندێك قوتابخانە کە بەقوتابی پــاك دەکرێتەوە، ڕەچاوی دابینکردنی کەرەستەو دەستکێش و هۆکارەکانی پاکوخاوێنی و تەندروستی بۆ قوتابی ناکرێت؟**

- پاککردنەوەی قوتابخانە لای قوتابی قەدەغەیە، ئێمە دژی هەڵمەتی گشــتی پاککردنــەوە نیــن هەروەکو لــە وڵاتانی پێشکەوتووشدا پیادە دەکرێت، بەڵام نابێت بەشێوەی بەردەوام و ڕۆژانە بێت، پێویستە لەکاتی هەڵمەتەکەشدا ڕەچاوی سەلامەتی و تەندروستی و دابینکردنی پێداویستی و کەرەســتەکانی پاککردنەوە کرابێت ئەوجا هەڵمەتی لەم شێوەیە ئەنجام بدرێت.

*** مەســەلەی چاپکردنی پەرتووکی پرۆگرامەکانــی خوێنــدن، دووبــارە لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێت، چەندینجار ئەمــە بۆتە جێــی گلەیــی و ڕەخنەی چاپخانەکانمان؟**

- چاپخانەکانی کوردستان ئەو گلەییە دەکــەن و منیش گلەییم لە چاپخانەکانی خۆمان هەیە کە وا نیشانی دەدەن دەتوانن بە ملیۆنەها کتێب چــاپ بکەن، کاتێك دەرفەتیان پێ دەدرێت لەو ئاســتەدا نین. ئێستا بەشی زۆری ئەو کتێبانەی کە دراوە بــە چاپخانەکانی خۆمان نەگەیشــتۆتە کۆگاکان و تەنانەت لە ڕووی کوالێتیشەوە لاوازە، بــڕوا بکە کتێبمــان بۆ چاپکراوە پەڕەکانــی جێگۆڕکێــی پــێ کــراوە، چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی و کوالێتــی و خێراییــەوە کەموکورتییان هەیە. زۆر جاریش ئــەو چاپخانانەی کە لەدەرەوە کتێبەکان چاپ دەکەن و دانەری پرۆگرامەکان و مافــی چاپیش هەر بۆ ئەوانە، بــەڵام ئێمە لەهەوڵی ئەوەداین کە ماوەی چاپکردنەکەیان تەواو بوو، مافی چاپەکەیان لێبکرینەوەو ئەو کات سەرپشك دەبین کە چاپکردنەکە بدەینە چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان یا دەرەوە.

*** چ بەرنامەیەکتــان بۆ باخچەکانی ســاوایان لەبەردەســتدایە بۆ پاڵپشتی و پشــتگیریکردنی لەکاتێکدا لەشارەکانی کوردســتان چەندین باخچەی ســاوایان هەیە کە دوورە لە ڕێنمایی تەندروستی و سەلامەت و پاکوخاوێنیەوە؟**

- باخچەی ســاوایان زۆر پێویستە گەر بێتوو ســەیری هەندێك ئامار بکەین ئەو منداڵانــەی لە باخچەی ســاوایان بوون ئاستی زانســتی و متمانەبوون بەخۆیان زۆر زیاترە لــەو منداڵانەی لەو باخچانە

## هەر باخچەیەکی ساوایانی کەرتی تایبەت گەر بێتوو ڕێنماییەکان جێبەجێ نەکەن بۆ ساڵی دووەم مۆڵەتەکەی بۆ نوێ ناکەینەوە

نەبوون، ئێمە هەوڵدەدەین ساڵانە باخچەی ساوایانی ســەر بەوەزارەتی پەروەردە زیاتر بکەین و هانــی کەرتی تایبەتیش دەدەین و پابەندیشــیان دەکەین بە ڕێنمایی و ئەو مەرجانــەی کە دانراون، هەر باخچەیەکی ســاوایانی کەرتــی تایبەت گــەر بێتوو ڕێنماییــەکان جێبەجێ نەکەن بۆ ســاڵی دووەم مۆڵەتەکەی بۆ نوێ ناکەینەوە.

لەکۆتاییــدا بەڕێز وەزیــری پەروەردە ئاماژەی بە پرۆژەیەکی پەروەردەیی گرنگ دا کــە تایبەتە بە کردنــەوەی خوێندنی پیشەیی، پەرلەمانیش ڕەزامەندی لەسەر داوە ئەویش بۆ کردنەوەی سێ کۆمەڵگەی پیشەیی لەهەرسێ پارێزگاکەی کوردستان بەتێچوونــی ٦٠ ملیار دینار ئێســتا لە قۆناغی دیزایندایە و هەرســێ بوارەکەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی لە خۆ دەگرێت، پرۆگرامەکانیشیان پێداچوونەوەی لێدەکرێت و لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکانیش لە گفتوگۆداین تا هاوکاریمان بکەن.